# شیکارێکی یاسایی بۆ پرسی ریفراندۆم و کۆنفیدراڵی

**عوسمان عەلی وەیسی**
**دکتۆرا لە یاسای دەستووری**

**هەولێر – ئابی ٢٠١٧**

ناوی کتێب : شیکارێکی یاسایی بۆ پرسی ریفراندۆم و کۆنفیدرالَی

نووسینی : عوسمان عەلی وەیسی

تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

**پێشکەشە بە :**

هەموو ئەو کوردستانیانەی کە :

بـــۆ دەوڵەتـــسازی و مرۆڤـــسالاری و نیشتمانـــسازی و نەتەوەسازی کوردستان کار دەکەن.

## ناوەرۆك

پێشەكی........................................................ ٧
بەشی یەكەم .................................................. ١١
چوارچێوەی یاسایی پیادەكردنی ریفراندۆمی نیشتمانی............ ١١
لە باشووری كوردستاندا ...................................... ١١
دەسپێك: ..................................................... ١٣
١. مێژووی سەرهەڵدانی ریفراندۆم ............................ ١٧
١-١ بنەچەی رەوایی ئەنجامدانی ریفراندۆم.................. ٢٠
١-١-١ ریفراندۆم و دیموكراسیەت و مافی چارەنووس .............. ٢١
١-١-١-١ دیموكراسیەتی راستەوخۆ.................... ٢١
١-١-١-٢ دیموكراسیەتی ناراستەوخۆ.................... ٢١
١-١-١-٣ دیموكراسیەتی نیمچە راستەخۆ ................ ٢٢
١-٢ شێوازەكانی "سەرهەڵدان و ئەنجامدان"ی ریفراندۆم............ ٢٣
١-٢-١ شێوازەكانی بڕیاردانی خەڵك .............................. ٢٥
١-٢-١-١ رواڵەتە سەرەكیەكان ................................. ٢٥
١-٢-١-٢ رواڵەتە لاوەكیەكان ..................................... ٣٤
١-٢-٢ ریفراندۆمی نیشتمانی بۆ مافی چارەنووس.............. ٣٥
٢- پاڵپشتییە یاساییەكانی ئەنجامدانی ریفراندۆم لەباشووری كوردستاندا.................................................... ٣٩
٢-١ پاساوە یاساییەكانی ئەنجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانی لە باشووری كوردستان ........................................ ٣٩
٢-١- ١ گەلی كوردستان كەسێكی یاسایی یاسای نیودەوڵەتییە ...... ٣٩
٢-١-٢ مافی مێژوویی ............................................ ٤٠

٢-١-٣ ماف چارەنووسی باشووری کوردستان ڕەهەندی نێودەوڵەتی هەیە
٤١..........................................................
٢-١-٤ باشووری کوردستان بە نایاسایی بە عێراقەوە لکێنراوە........٤٤
٢-١-٥ کورد تاوانی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئەنجامدراوە ................٤٥
٢-١-٦ ماف کشانەوە لە دەستووری فیدڕاڵی ........................ ٤٧
٢-١- ٧ کوردستان لە ژێر چەوسانەوەدایە ...........................٤٩
٢-١-٨ ڕێگرتن لە ئازادی گەلان تاوانە.................................٤٩
٢-١-٩ پیشێلکردنی دەستووری ئیتیحادی ...........................٥٠
٢-٢ دەستووری عێراق و ریفراندۆم .................................٥١
٢-٢-١ ریفراندۆم لە دەستوری عێراق ٢٠٠٥ ..........................٥١
٢-١-٢ ریفراندۆم لەسەر پەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان ٥٧
٢-٣ ئامرازەکانی داواکردن و پیادەکردنی ماف چارەنووس ......... ٥٧
٢-٤ ئاستەنگەکانی بەردەم ئەنجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانی
باشووری کوردستان ............................................... ٥٨
٣-١ پێشینەی کاری ریفراندۆمی نیشتمانی ......................... ٦٢
٣- ٢ لەچ کاتێکدا ریفراندۆمی نیشتمانی ئەنجام بدرێت ........... ٦٧
٣-٣ میکانیزمی ریفراندۆمی نیشتمانی لە باشووری کوردستاندا.. ٧٢
٣-٤ کاتیی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی ..................... ٨٢
٣-٥ چەند بارەکردنی ئەنجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانی .......... ٨٧
٣-٦ مەرجەکانی دەنگدەر لە ریفراندۆمدا ........................... ٨٨
٣-٧ پرسیاری ریفراندۆمی نیشتمانی................................. ٨٨
دەرئەنجام:.............................................................. ٩١
پوختە :................................................................. ٩٣
پاشکۆ.................................................................. ٩٥
سەرچاوەکانی بەشی یەکەم ............................................. ٩٦

بەشی دووەم............................................................ ١٠٥
بواری پیادەکردنی کۆنفیدراڵیەت ........................................ ١٠٥
(باشووری کوردستان و عێراقی عەرەبی وەك نموونە).............. ١٠٥
دەروازە:.................................................................... ١٠٧
١- دەوڵەت و یەکێتی نێوان دەوڵەتان .................................. ١١٠
١-١ دەوڵــەت ............................................................ ١١٠
١-٢ شێوەکانی دەوڵەت ................................................. ١١٣
١-٣ ناساندنی دەوڵەتی (یەکێتی) تێکەڵاو ............................ ١١٥
١-٤ خاسیەتەکانی یەکێتی (الاتحاد) بە شێوەیەکی گشتی ......... ١١٧
٢- یەکێتی کۆنفیدراڵی (کۆنفدراسیۆن) Union Confederation
............................................................................. ١٢٠
٢-١ پێناسەی کۆنفیدڕاڵی ................................................ ١٢٠
٢-٢ ئامانجی یەکێتی کۆنفدراڵی.......................................... ١٢٤
٢-٣ پێگەی یاسایی دەستەی باڵای یەکێتی کۆنفدراڵی ............ ١٢٥
٢-٤ خاسیەتەکانی یەکێتی کۆنفدراڵیی دەوڵەتان..................... ١٢٩
٢-٥ جیاوازی نێوان یەکێتی فیدڕاڵی و یەکێتی کۆنفیدڕاڵی........ ١٣٦
٣- ئەنجامدانی یەکێتی کۆنفیدڕاڵی .................................... ١٤١
٣-١ جاڕدانی کۆنفیدڕاڵی.................................................. ١٤١
٣-٢ چەند نموونەیەکی کۆن و هاوچەرخی کۆنفیدڕاڵی ............ ١٤٣
٣-٣ باشووری کوردستان و پێکهێنانی یەکێتی کۆنفیدڕاڵی ...... ١٤٨
٣-٤ رۆژهەڵاتی ناوین و عێراقی عەرەبی و راستکرنەوەی سایکس –
پیکۆ........................................................................ ١٥٩
دەرئەنجام:.................................................................. ١٦٤
سەرچاوەکانی بەشی دووەم............................................. ١٦٧

# پێشەکی

یەکێ لە سەرەکیترین ئەو مافە نیشتمانی و میللیانەی کە لە گەلی کوردستان قەدەغەکراوەو، لە سەر دەستی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە بەردەوامە، پرسی پیادەکردنی ماف چارەنووسە بە هەردوو رواڵەتی ناوخۆیی و دەرەکی، لە کاتێکدا گەلی کوردستان کۆنترین دانیشتووی ناوچەی خۆیەتی و مێژووی نیشتەجێبوونی لە هی ئەوان رەگ ئاژۆترەو، قوڵایی مێژوویی زیاترە.

سەرەکیترین رەخنەیەك کە لە دەستووری عێراق گیرابێ ئەوەیە کە بە راشکاوی باسی ماف چارەنووسی نەکردووە وەك لە دەستووری فیدراڵی هەندێ گەلانی جیهان هەیە، بەلام بێگومانین لەوەی کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەموو ئەو کۆنسێپت و دەلالەتانەی تێدایە کە دەرفەتی پیادەکردنی ئەم مافە بهێننەدی.

کاتێ سوننەکان لە عێراق راونران و پەنایان هێنایە کوردستان لە ٢٠١١، پیشنیازی کۆنفیدراڵیەت خرایەڕوو، کاتێ هەڕەشەکانی بەغدا بۆسەر کوردستان لە سەربازییەوە تا ئابووری پەرەی سەند، پیشنیازی ریفراندۆم خرایەڕوو. ئاساییە کە ئێمە ئەو راستییە

دووپات بکەینەوە کە کورد ئەگەرلە مەیدانی جەنگ براوە بێ، ئەوا لە دانوستان لاوازە، ئەم باسە بۆ ئێستاش راستە. هەر بۆیە توێژینەوە ئەگەر سادەش بێ، پێویستە و بەرچاوڕوونییەکە.

لە پاڵ ئەمەدا، پرسی ریفراندۆم وەك چەمکێکی دیموکراسیەتی نیمچە ڕاستەوخۆی هاوچەرخ دەبێ بایەخی پێبدرێ، قبوڵنەکردنی گەڕانەوە بۆ رای گەل و ئەنجامنەدانی ریفراندۆم لەسەر زۆر پرسی هەستیاری نیشتمانی، هەندێ پرس و تەنانەت پرۆسەی سیاسی کوردستانی ئاڵۆز کردووە، چونکە وەك دەستوورناسان دەڵێن: لەم جۆرە دیموکراسیەدا گەل چاودێری بەردەوام بەسەر نوێنەرەکانیەوە دەکات و، تا ئەو یاسایانەی دەردەچن گوزارشتێکی راستەقینە بن لە خواستی گەل. ئەگەر ئەمە گرفتی تێکەوت بە ریفراندۆمی گەل چارەسەر دەکرێ.

بابەتی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی گەلان کە نەتەوە یەکگرتوەکان وەك میکانیزمێکی دیموکراسی لە ساڵی ١٩٥٢ ەوە بە فەرمی ناساندویەتی، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستە و لەلایەن گەلانی رۆژهەلات و رۆژئاوا بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی تاك لایەنە یان بەرێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی هاوبەش یان بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەنجام دراوە، بۆ کوردستانیش گرنگە کە بۆیەکەم جار ریفراندۆمی نیشتمانی ئەنجام بدات.

بابەتی کۆنفیدراڵیش پەیماننامەیەکە لەگەڵ دەوڵەت یا نەتەویەکی دی کە پرسی جێگای بایەخی هەردوولا دەگرێتەخۆ،

هێنانەدی پەیماننامەیەکی لەم چەشنەش خزمەت بە ئاسایش و تەنایی گەلی کوردستان و عێراق دەکات و، ئەگەر دوو دەوڵەتی دراوسێ بین، دەکرێ بەغداو کەنداو بۆ کوردستان قوڵاییەکی ستراتیژی بێ و، لە بەرامبەردا هاریکاری و هەماهەنگی زیاتر لە نێوان دەوڵەتی باشوری کوردستان و عێراقی عەرەبی دێتە دی کە پێمان وایە هەردوولا دەبنە فاکتەری گەشەپێدان و پێشکەوتن بۆ یەکتر.

ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە، سەرەتایەکە بۆ ناساندنی ئەم دوو پرسە سەرەکییە، هەوڵێکە دەڵێ دەسەڵاتی سیاسی دەکرێ پارێزگاری بۆ تاک و کۆمەڵ بەرجەستە بکات، ئەگەر دامەزراوەی نیشتمانی و دیموکراسی و سەروەری یاسا ببنە فەرمانڕەوا. لە پیادەکردنی ریفراندۆم وەك میکانیزمێکی دیموکراسی و بۆ سەربەخۆیی نیشتمانی و وەك میکانزمێك بۆ قوڵترکردنی رای گشتی و سەروەری گەل هاوکارمان دەبێ بۆ پەرەپێدانێکی تەندروستی کاروباری حوکمڕانی و دیموکراسیەتێکی تەندروست و چەسپاو، هەروەها کۆنفیدڕاڵی یان هەرناوێکی دیکەی لەم چەشنە، دەتوانێ هەنگاوێکی گرنگ بێ بۆ بەخشینی دڵنیایی بە نەتەوەکانی دەوروبەرو، خستنەڕووی روویەکی گەشی شارستانی لەبری پلان و پیلانگێڕان، دەکرێ هاوپەیمانی و رێکەوتنەکانمان بۆ پرسە هاوبەش و هێنانەدی بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلانی ناوچەکە بێ.

لەسەرنج و تێبینی و بۆچوون هەر بەڕێزێکی خۆشحاڵ دەبین و،

هیوادارین ئەم بابەتانە هاوکار بن لەوەی مانایاك بۆ دەوڵەتسای و مرۆڤسالاری بهێنێتەدی، کە لەدوو بەشدا دەخرێتە بەردەست، بەشی یەکەم تایبەت بە ریفراندۆم و بەشی دووەم تایبەت بە کۆنفیدراڵیەت.

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی یاسایی پیادەکردنی ریفـرانـدۆمی نیشـتمانی لە باشووری کوردستاندا

## دەسپێك:

پرسی ریفراندۆم، رەهەندی نیشتمانی و قانونی و سیاسی و جڤاکی و مێژوویی و ئابووری هەیە، لە ئێستادا بۆ کوردستان ئەنجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانی بۆ هەستیارترین شێواز و مانای گشتپرسی تاوتوێ دەکرێت و جەختی لێدەکرێت کە ئەویش باسی چارەنووس[1] و ئایندەی گەلی کوردستانە، لەم پرسەشدا شەقامی کوردستانی کە لە بنەڕەتدا شەقامێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، وە زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی باشووری کوردستان، خوازیاری

---

1 مافی بڕیاردانی چارەنووس، لە لۆژیکی رێکەوتنی ویستڤالیا لە سالّی ١٦٤٨ دا هەیە و، لەسەرەتای شورشی فرنسا لەسالی ١٨٧٩باسیکراوە دواتریش لەلایەن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(ودرو ویلسن) پاش جەنگی جیهانی یەکەم جەختی لەسەرکراوەتەوە، هەروەها لە شۆڕەشی بەلشەفی روسیا لە سالّی ١٩١٧ جەختی لێکراوەتەوە، بە تایبەت بۆچوونی فلادیمیر لینین لە پێش سەرکەوتنی شۆڕەش لە شوباتی ١٩١٤ کتێبی (مافی نەتەوەکانی لە بڕیاردانی چارەنووس) دا نووسی، بەلام پاش جەنگی جیهانی دووەم لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکان وەك پرەنسیپ و بنچینەیەکی یاسایی نێو دەولّەتی گشتی چەسپا. بۆ زیانیاری زیاتر بڕوانە: د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، الإعلآن عن الدولة، دار الكتب القانونية، مصر، ط١، ٢٠٠٩، ص٤١٦ – ٤١٨ ، و د. محمد عمر مولود، الفدرالية وامكانية تطبيقها في العراق، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، ط١، أربيل، ٢٠٠، ص٢٠٠٤ – ٢١٧ ، و عبدالرحمن سليمان الزيباري، الوضع القانوني لإقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، ط١، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٢، ص٣٣٠ – ٣٣٣.

ئەنجامدانی ئەم ئەرکە مێژوییەو پیادەکردنی ئـەم مافـە دیموکراسـیە دەکەن .

خواسـتی هـەر نەتەوەیـەك و خـەباتی سیاسـی و یاسـایی و دیبلۆماسی هەر بزاڤێکی نیشتمانی، بۆ هێنانەدی مافی چارەنووس بـە چـەندین قۆناغـدا دەگوزەرێـت، هـەر وەك خـەباتی چـەکداری و شۆڕشگێڕی، خەباتی سیاسی، لە پێناو هێنانەدی ئاشـتی و ئـازادی، پرسـی ریفرانـدۆمی نیـشتمانی، ئـامرازێکی گرنگـی هاوچـەرخە بـۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە.

کـاتی ئـەوەهاتووە هـەنگاو بنـێین بـو ریفرانـدۆمی نیـشتمانی باشووری کوردستان، بە مەبەستی گوزارشتکردنی هاونیشتمانیان بـە هەموو پێکهاتەکانەوە، لە خواستی دیاریکردنی مافی چارەنووسس بـۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، چونکە بـەهوی ئـەو ناسـەقامگیریەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لـە ئارادایـە و سـەرقاڵبوونی وڵاتـانی دەوروبـەر بەکێـشە ناوخۆیـەکانی خۆیـان.، دەرفـەتێکی گونجـاوی مێـژوویی لەبەردەستدایە.

باشووری کوردستان کە بە قۆناغێکی راگوزەری مێژوویی سیاسی خۆیدا تێدەپەڕێت، باسکردن لە پرسی ریفراندۆمی نیشتمانی و شـەن و کەوکردنی وەك یەکێ لە ئەرکە نیـشتمانی و دیموکراسـیەکانە، لـەم چوارچـێوەیەدا، بـە لەبەرچـاوگرتنی ئـەزموونی گـەلان چوارچـێوەی یاسایی پرسـی ریفرانـدۆمی نیـشتمانی لـەم توێژینەوەیـەدا دەخەینـە روو.

ئـــەم توێژینەوەیـــە بایـــەخ دەدات بـــە پرســـی ریفرانـــدۆم و روونکردنەوەی یاسایی ئەم بابەتەو، ماناو دەلالەتـە یاسـاییەکانی لـە باشووری کوردستاندا.

واتـە تـەنها توێژینەوەیـەکی ئەبـستراکت نییـە لـە چوارچـێوەی تیۆریـدا، بـەڵکو توێژینەوەیـەکی ئەکادیمییـە لـە باسـێکی تیـۆری – پراکتیکیدا، بۆ خـستنەرووی پیـادەکردن و ئەنجامـدانی راپرسـی بـە شێوەیەکی یاسایی لە باشووری کوردستاندا، بە بەراوردکردن و سوود وەرگـرتن لـە هەنـدێ ئـەزموونی گـەلان. لـەم توێژینەوەیـەدا، باسـی مێژووی پرسی ریفراندۆمی نیشتمانی و ئامـانج و مەبەسـت و پاسـاوە یاساییەکانی و مۆدێلەکانی لە بەرچـاو گـیراوە، چوارچـێوەی رەوایـی یاسایی لە دەستوور و یاسای نێودەوڵەتی گیراوەتە بەر.

ریفراندۆم وەك پرسێکی دیموکراسی و پیـادەکراو بـۆ دەرچـوونی گەلان لە کۆلۆنیالیزمەوە بۆ سەربەخۆیی گەلان لە دەوڵەتی فیدڕاڵی و لە دەوڵەتی سادەدا پیادە کراوەو، بە گوێرەی پێویستی توێژینەوەکە لەم باسەدا دەخرێنەروو، ئەم بابەتانە بە چەمکی یاسایی و نموونـەی زیندوی جیهان لە سەر پرسی ریفراندۆمی نیشتمانی بە سەر باشووری کوردستان  پیادە دەکرێن.

خەباتی رزگاری نیشتمانی گـەلی کوردسـتان بـۆ هێنانـەدی مافـە سروشـتی و دیموکراسـیەکانی زیـاتر لـە سـەدەیەکە بەردەوامـە، لـەم رووەوە خەڵکی کوردستان، رێگا یاساییەکانی خەباتی تاقیکردۆتەوە، لـە دەرفـەتی رەخـساوی ئێـستای رۆژهـەلاتی نـاوین و، ئـەو بـاس و

خواسەی لە ناوەندەکانی توێژینەوەی جیهانی و لە سەر ئاستی کوردستانیش هەیە، پرسی دەوڵەتی کۆماری باشووری کوردستان بۆتە بابەتێکی رۆژەڤ.

لەم چوارچێوەیەدا، ریفراندۆمی نیشتمانی بۆ وەرگرتنی رای ئازادی خەڵکی کوردستان خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگەو، ئەم باسە لەم نیگایەوە، لە چوارچیوەی یاسای دەستووری و لایەنە یاساییە پەیوەندداره نیودەوڵەتیەکەدا ئەوە روون دەکاتەوە، کە ریفراندۆم خزمەت بە ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان دەکات و، فاکتەرێکی گرنگی سەقامگیری ستراتیژییە لە رۆژهەڵاتی ناویندا، کە کاریگەری ئیجابی بۆ سەر پرسەکانی ئاشتی و ئاسایش دەبێ لە جیهاندا.

## ١. مێژووی سەرهەڵدانی ریفراندۆم

مەسەلەی دیموکراسیەت تەنها بابەتێکی تیۆری یان فیکری نییە، بەڵکو لەواقیعدا رەنگدانەوەی ململانێیەکی توندە لەئاستە جیاوازەکانی نێوان هێزەنێودەوڵەتیەکان و نێوان دەوڵەتان و نێوان تاکەکان و نێوان گەل و حکومەتەکان . تایبەت بەم بابەتە، رۆحی میللەتێك چۆن نما دەکات، ئەو گیانە مەزنە دەستەجەمعییەی کە هەر نەتەوەیەك هەیەتی چۆن بەرجەستە دەبێت و، بە چ شێوەیەك گوزارشت لە خۆی دەکات، نەتەوەیەکی سیاسی چۆن شوناسی نەتەوەیی بەرز رادەگرێت و شکۆمەندی چۆن دەپارێزێت و، لە چوارچیوەیەکی دیموکراسیدا چۆن خزمەت بە خۆی و مرۆڤایەتی دەکات[١].

لە دیدی راگەیاندنی سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لە راگەیاندنی سەربەخۆییدا هاتووە، کە رەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانی جۆن لۆك و تۆماس جیڤرسون بوو، دەڵێ: ئێمە وا گوزارشت دەکەین کە ئەم راستییانەی خوارەوە بەلگەنەویستن: هەمووومان بە ئازادی لە دایك دەبین و جیاوازیمان نییە، خوداوەند هەندێ مافی پێبەخشیوین کە ناکرێ مامەڵەیان پێوە بکرێت، لە وانەش ژیان و ئازادی و گەڕان بە دوای بەختەوەریدا، و دەبێ

---

1 أندرية سيغفريد، روح الشعب، ترجمة، عاطف المولى، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، ط١، بيروت، ٢٠١٥، ص١٣.

حکومـەتێك هـەبێت ئـەم مافانـە بپارێزێـت و ڕەوایـی لـە ڕەزامەنـدی هاونیشتمانیان وەربگرێت، هەروەها ماڤ خەڵکە کە سیستەمی حـوکم بگۆڕێـت یـان ئیلغـای بکـات کـاتێ بـۆی روون دەبێتـەوە کـە ئـەم سیستەمە زیان بە ئامانجـەکانی دەگـەیێنێت، هـەروەها مـاڤی خەڵکـە حکومەتێکی نوێ دابنێت کـە وەفاداربێـت بـۆ پێداویـستییەکانی ئـەم پرەنسیپانە و، دەسەڵاتەکانی بە شێوەیەك ڕێك بخات کە گونجاوە بۆ گەرنتیکردنی ئاسایش و بەختەوەریی ... هتد[1].

لە لایەکی دیکە، مانای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئـەمریکا ، شـتێك نەبوو جگە لە گوزارشت کردن لە (ئـازادی دەربـڕینی رای گـشتی) لـە سەر مەسەلەیەك، " لە ڕێگەی ڕستەی یەکەمەوە ڕەوایەتی پێـدەدات کە دەڵێ (کاتێك، لە میانەی ڕووداوەکانی مرۆڤەوە، گەلێك وا دەبینێ کـە ناچـارە پەیوەنـدی سیاسـی لـە گـەڵ گـەلێکی تـردا بپـچڕێنێت ......). بەم شێوەیە، دوای ١٣ ساڵ لە باس و خـواس و نـاڕەزایی ، رایەکی گـشتی فـراوان دروسـت بـوو کـە ئامـادەی جیابوونـەوە بـوو، جیابوونەوەی قبوڵ کرد[2].

هەروەها لە پرسی یەکسانی نێوان مرۆڤەکاندا، لە چارتی نەتـەوە یەکگرتووەکاندا سێ لایەنی سەرەکی پـۆلێنکراوە، ئـەویش یەکـسانی

---

1 ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکی ٤ – ٧ – ١٧٧٦.

2 فرانـسوا شـاتلية وأوليبـه دوماهيـل وأيفلـين بيزيـه، معجـم المؤلفـات الـسياسية، ترجمة: د. محمد عرب صاصيلا، المؤسسة العربيـة للدراسـات والنـشر والتوزيـع، ط٢، بيروت، ٢٠١٤، ص ٣٨١.

نێوان گەلان و یەکسانی نێوان دەوڵەتان و یەکسانی نێوان هاولاتیانە.

لە یەکسانی نێوان گەلاندا، جەخت دەکات کە گەل خاوەنی دەسەلاتە و خاوەن دەسەلاتی رەهایە لە بڕیاردانی چارەنووس و لەم بارەدا گەلان بە تەواوی یەکسانن. لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە : گەشەپێدانی پەیوەندی دۆستانە لە گەڵ نەتەوەکان لە سەر بنەمای رێزگرتن لەو پرینسیپەی کە یەکسانی لە نێوان مافەکانی گەلاندا بەرجەستە دەکات و هەریەکەیان ماف چارەنووسیان دەبێت، هەروەها گرتنە بەری رێوشوێنی تر کە گونجاوە بۆ راگرتنی ئاشتەوایی گشتی[1].

کەواتە دیموکراسیەت و، یاسای سروشتی و مافەکانی مرۆڤ، بەڵگە نامەی کۆمەڵی نێودەوڵەتییە کە بوار دەدات هاونیشتمانیان ماف چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، باشترین سیستەمێکە کە بەرگری لە ماف سروشتی و ئازادی خەڵك و رێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی دەکات.

---

1 برگەی ٢ لە ماددەی یەکەم لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

## ١-١ بنەچەی ڕەوایی ئەنجامدانی ریفراندۆم

ریفراندۆم ئامرازی ڕەوای پەنابردنی گەل و نەتەوەکانە بۆ گوزارشتکردن لە خواستی ئازاد و سەربەخۆ سەبارەت بە پرسێکی گشتی و بایەخدار، لەوانەش ئەو ریفراندۆمەی کە پەیوەندی بە مافی چارەنووسەوە هەیە، چونکە بە شێکە لە پرۆژە و پرۆسەی دیموکراسیەت کە بۆ پرۆسەی سیاسی و دەستنیشانکردنی سیستەمی حوکمڕانی و کاروبارە سەرەکیەکانی فەرمانڕەوایی و پرسە گرنگ و بایەخدارەکان پەنای بۆ دەبرێت، کە خواستی بە کۆمەڵی ئازاد ئەنجامی دەدات و، ئەم کارەش لە گەشە و فراونبووندایە هەر لە سەدەی ناوەڕاستەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات، ئەمە وێڕای ڕەگئاژۆیی لە مێژوودا[1]، بەم شێوەیە، ئەنجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانی پرۆژەیەکی دیموکراسییە بۆ گوزارشتکردن لە ئازادی بۆ دەستەبەرکردنی مافی چارەنووس و، گەلان بۆ هێنانەدی ئەم مافە بە شیوازی دیموکراسی پەنای بۆ دەبەن.

بەم شێوەیە، سەرکەوتووترین ئامراز بۆ پیادەکردنی مافی جارەنووس ریفراندۆمە، کە بوار دەداتە هاونیشتمانیان تا سەبارەت بە ئایندەی سیاسی وڵاتیان ریفراندۆم بکەن، ئەمەش ئامرازی

---

1 ابراهيم علي كرو الهاجاني، مبدأ حق تقرير مصير الشعوب والإستفتاء عليه، كوردستان العراق نموذجاً، رسالة ماجستير، قدم الى كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٦، ص٩٧.

هەرەباش و راستەوخۆیە بۆ پیادەکردنی مافی چارەنووس. هەریەکە لە کۆمەڵەی گەلان و نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریانداوە ریفراندۆم لە زۆر دەوڵەت ئەنجامبدرێت تا دەرفەت بدرێتە گەلان بۆ هێنانەدی مافی چارەنووس[1]. هەر بۆیە دیموکراسیەت بنەچەی رەواییدانە بەم پرسە و، بۆ ناساندنی زیاتر پەیوەندی ریفراندۆم بە جۆرەکانی دیموکراسی دەخەینە روو.

## ١-١-١ ریفراندۆم و دیموکراسیەت و مافی چارەنووس

دیموکراسیەت شێوازی جۆراوجۆری هەیە، تایبەت بە باسەکەمان، ئەم شێوازانە دەخەینە روو:

### ١-١-١-١ دیموکراسیەتی راستەوخۆ

دەسەڵات لە دەستی گەلدایە(گەل حاکم و مەحکومە) ، گەل لە شوێنێك کۆدەبێتەوە بۆ دەرکردنی یاسا و بڕیارە گرنگەکان.

### ١-١-١-٢ دیموکراسیەتی ناراستەوخۆ

گەل نوینەرایەتی خۆی هەڵدەبژێری و لە رێگەی ئەوانەوەسەروەری پیادەدەکات، بەڵام هەرخۆی خاوەنی سەروەرییە.

---

1 د. صلاح الدين الدباغ، من حق تقرير المصير والعودة الى الوطن الى الحق في الكفاح المسلح والتحرير، مجلة شؤون فلسطينية، العدد ٤١ و ٤٢و بيروت، ١٩٧٥، ص١٤٥و نقلاً عن المصدر السابق، ص ص ٩٨ – ٩٩.

### ١-١-١-٣ دیموکراسیەتی نیمچە راستەخۆ

ریفرانـدۆمی گـەلی، یەکـەم و گـرنگترین روالـەتی دیموکراسـیەتی نیمـچە راسـتەوخۆیە و لـە هـەموویان زیـاتر بـەکاردێت، بـەو پێیـەی ئـامرازێکی گرنگـی سروشـتییە بـۆ ناسـینی رای گـەلێکی خـاوەن سەروەی لە یەکێ لەو کارە گرنگانەی کە دەیەوێت ئەنجامی بدات، بە تایبـەت دوای ئـەوەی تـەکنۆلۆجیا ئـامرازی بـەکارهێنانی ئاسـان کردووە[1].

لـە تێکـەڵکردنی هـەردووکیان (دیموکراسـیەتی راسـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) لەدایك دەبێت، لەم دیموکراسیەتەدا گەل راستەوخۆ لـە بڕیاردان لە دیاریکردنی کاروباری گشتیدا بەشداری دەکات، لەوانە:

ریفرانـدۆمی گـەل – پێـشنیازی گـەل – نـاڕەزایی گـەل – هەڵوەشانەوەی گەل – لادانی هەڵبژێردراوان[2] .

---

1 بڕوانـە: د. عبـدالعظیم عبدالـسلآم عبدالحمیـد، تطـور الأنظمـة الدسـتوریة، دار النهضة العربیة، ط١، بیروت، ٢٠٠٦، ص ٦٤٠.

2 بڕوانە: د. زهـیر شـکر، الوسـیط في القـانون الدسـتوري – الجـزء الأول، مجـد – المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، ط٣، ١٩٩٤ ، ص١٠١.

## ١-٢ شێوازەکانی "سەرهەڵدان و ئەنجامدان"ی ریفراندۆم

هەندێ هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا بوونە هۆی لە دایك بوونی سیستەمی دیموکراسی ناڕاستەوخۆ، چونکە دیموکراسیەتی راستەوخۆ کە لە بنەڕەتدا حوکمی گەلە لە رێگەی گەلەوە، لە کۆنسێپتە رەهایەکەیدا تەنها تیۆرێکە کە پراکتیزەکردنی مەحاڵە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دانایان پرۆسەیەك دابێنن تا گەل بتوانێ خۆی یاسا دابنێت یان بە بێ ناوەندگیری بەشداری تێدا بکات، لەم چوارچێوەیەدا شێوازی ریفراندۆم داهێنرا.

کۆنترین شێوازی ریفراندۆم بۆ مێژووی رۆمای کۆن دەگەڕێتەوە، لە سەدەی چواری پێش زایین، هەموو گەل plebe تەنها دەنگ لە سەر ئەو پیشنیاز و بڕیارانە دەدا کە بۆی دەخرایە روو، لە کاتێکدا چینێکی تایبەت لەگەڵ ئەو یاسایانەیان بۆدەخرایە روو کە ئەنجوومەنی پیران senats دەری دەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ناکۆکییەکی توندی چینایەتی و سیاسی روو بدات و بەوە کۆتایی هات کە دەبێ هەموو گەل بەشداری بکات نەك تەنها چینێکی تایبەت. وەك سیستەم ریفراندۆم لە سەدەی پازدەوە لە لایەن هەندێ لە کانتۆنەکانی cantons سویسرا لە وانە ڤالیاس و گریزۆن دەستی پێکرد، ئەنجوومەنی گشتی هەرێمەکان رێوشوێنی تایبەتی کاتی دادەنا تا ئەنجوومەن راوێژ بە گەل بکات، ئەگەر رەزامەند بوایە ئەوا یاسا دەردەکرا، لە گەڵ گواستنەوەی بۆ کانتۆنەکانی دیکە ناوی ریفراندۆمی گشتی پێدرا، بەم شێوەیە ١٢ کانتۆن میکانیزمی گشتی

(راوێژی گەلی) پیادەکرد تا لە مەسەلە لۆکاڵی و کاروبارە گشتیەکان بڕیار بدەن، ئەگەر چی بڕیاری کۆتایی لای ئەنجوومەنی کانتۆنەکان دەبوو. لە سەدەکانی دواتر ئەڵمانیا و هەندێ ویلایەتی باکوری ئەمریکا و سوید و ئینجا فەرەنسا پیادەیان کرد، لە ساڵی ١٩٠٤ ەوە شەش جۆر ریفراندۆم لە ڕێگەی دەنگدانی راستەوخۆ پیادە دەکرێت[1].

زۆربەی دەوڵەتان لە دەستوورەکەیاندا ڕێکار و ڕێسایان داناوە بۆ ڕێکخستنی پڕۆسەی ریفراندۆم تا لە ڕێی ریفراندۆم دڵنیا بن و دەنگی دەنگدەر ئاماژەی دروست و روونی هەبێت، وەك ڕێکاری راگەیاندن و ئەنجامدان و بوارەکان و سنوورەکانی، بۆ نموونە ریفراندۆم لەسەر دەستوور یان ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتیەکان یان ریفراندۆم لەسەر بابەتێکی سروشت دارایی، یان گرفتێکی سروشت کۆمەڵایەتی ، یان سزایەکی توند وەك سزای لە سێدارەدان..هتد.

---

1 فەرەنسا لە ١٧٩٣ و ١٧٩٥ لە شۆرەشی فەرەنسا ریفراندۆمی کرد، نابلیۆنی یەکەم لە دوای کودەتاکەی لە ١٧٩٩ ئەنجامی دا، دواتر لە ساڵانی ١٨٥١ و ١٨٥٢ و ١٨٧٠. ئینجا پشت گوێ خرا تا ژەنەڕاڵ دیغۆل لە دوای جەنگی جیهانی دووم لە ١٩٤٥ زیندووی کردەوە و لەو کاتەوە پیادە دەکرێت . بڕوانە: د. سالي جومعة، الإستفتاء والتصديق الشعبي، منتدى كلية الحقوق، جامعة المنصورة – مصر، في الموقع التالي على الانترنيت: http://www.f-law.net/law/threads/9731

### ١-٢-١ شێوازەکانی بڕیاردانی خەڵك

لــە دیموکراسـیەتی نیمـچە راسـتەخۆ، گـەل دێتـە نـاو پرۆسـەی بڕیاردانەوە، وەك سیستەمێك رواڵەتی سەرەکی و لاوەکی خۆی هەیە:

### ١-٢-١-١ رواڵەتە سەرەکیەکان

بریتییە لە چەند رواڵەتێکی گشتگیری گرنگ، لەوانە[1] :

**یەکەم: ریفراندۆمی گەل**

لــە گــرنگترین رواڵەتــەکانی دیموکراسـیەتی نیمـچەراستەوخۆیە، ئەویش بەخستنەرووی بابەتێکی گشتی بۆ گەل تا دەنگی لەسەربدات و رای خۆی بەرەزامەندی یان رەتکردنەوەبلێت[2] .

---

1 د. ابـراهيم درويـش، الدولـة نظريتهـا وتنظيمهـا ، دراسـة فلـسفية تحليليـة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٦٩، ص ٣٠٣، د. ثروت بدوي، النظم الـسياسية، دار النهضة العربية،١٩٧٠، القاهرة، ص ٨٩ – ٩٥، د. عبـدالغني بـسيوني عبـدالله، الوسيط في الـنظم الـسياسية والقـانون الدسـتوري، مطـابع الـسعدني، ٢٠٠٤، ص ٢١٨ – ٢٢٢، د. نوري لطيف، القانون الدستوري والنظام الدسـتوري في العـراق، مطبعة علاّء، ط٢ ، بغداد، ١٩٧٩، ص١٧٠ – ١٧٤.

2 سەروەری نەتەوەیی پابەندی هیچ چاودێرییەك نابێت لە رێگەی گەلـەوە، بـەڵکو لە رێگەی پەرلەمانەوە گوزارشتی لێدەکرێت، بۆیە نابێت لە رێگەی ریفرانـدۆم و دادگای دەستووری چاودێری بکرێت، چونکە پەرلەمان گوزارشت لـە سـەروەری نەتەوەیی دەکات و نوێنەران گوزارشت لـە سـیادەی نەتـەوە دەکـەن، هەربۆیـە ریفراندۆم و دادگای دەستووری لە گەڵ پرینسیپی سیادەی نەتـەوە ناکۆکـە، ←

ریفراندۆم یان یاساییه یان سیاسییه، دەکرێ بابەتی هەردوکیان لە رێگەی دامەزراوە دەستوریەکان ئامادەبکرێن و بخرێنە ریفراندۆمەوە. لە راستیدا ریفراندۆمی گشتی چەند شێوازێکی هەیە کە بە جیاوازی بۆچوونی توێژەر دەگۆڕێت، لە خوارەوە ئەو لایەنانە دەخەینە روو کە راستەوخۆ پەیوەستە بە لایەنی کردار کردنەکەیەوە[1]:

١. لە رووی بابەتەوە

أ. ریفراندۆمی دەستووری

ئەو بابەتەی دەخرێتە روو بۆ وەرگردنی رای گەل، ئەگەر پەیوەست بوو بە وەرگرتنی را لە سەر دەستوور، یان مەسەلەیەکی

---

←لە بەر ئەم هۆیە پەرلەمانی فەرەنسی بە درێژایی کۆماری سێیەم دانی بە ریفراندۆمدا نەهێنا، بەڵام پەرلەمان و حکومەت دامەزراوەی فەرمین کە گوزارشت لە سەروەری نەتەوە دەکەن و، ریفراندۆم و دادگای دەستووریش میکانیزمی دیموکراسی هاوچەرخن بۆ دیموکراسیەت و رای گەل وسەپاندنی هاوسەنگی و لێکجیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان . بڕوانە: د. زهير شكر، الوسيط في القانون الدستوري – الجزء الأول، مجد – المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط٣، ١٩٩٤، ص٩٨.

1 د. محمد كامل ليلة، النظم السياسية – الدول والحكومة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٦٩، ص٨٠٦ – ٨٠٧، د. سليمان الطماوي، السلطات الثلاث في الدساتير العربية المعاصرة وفي الفكر السياسي الإسلامي، دار الفكر العربي، القاهرة، ط٦، ١٩٩٦، ص٤١ ، و د. ابراهيم درويش، الدولة نظريتها وتنظيمها ، سەرچاوەی پیشوو، ل ٣٠٣.

دەستووری، یان قانونێکی دەستووری، پێی دەگوترێت ریفراندۆمی دەستووری[1].

### ب. ریفراندۆمی یاسادانان

ئەگەر بابەتەکە پەیوەست بوو بە وەرگرتنی رای خەڵك لە بابەتی دەرکردنی پڕۆژە یاسایەکی ئاسایی یان هەموارکردنی، ئەمەش لە هەمان کاتدا ئامرازێکە بۆ رێگرتنە لە سیستەمی پەرلەمانی هەڵبژێرراو[2] .

---

1 پڕۆژە دەستوور یان هەمواری دەستوور دەخرێتە روو، نموونە دەنگدانی خەڵکی عێراق لە سەر قبوڵکردنی دەستوور لە ١٥ – ١٠ – ٢٠٠٥، هەروەها دەستووری عێراق بۆ هەموارکردنی دەستوور، ریفراندۆمی بە ناچاری – بە زۆر وەرگرتووە. یان ریفراندۆم بۆ هەڵبژاردن لە نێوان سیستەمی پادشایی یان کۆماری وەك لە ئیتاڵیا لە ١٠ – ٦ – ١٩٤٦ کە بەهۆیەوە سیستەمی کۆماری هاتە ئاراوە، یان ریفراندۆمی عیراق لە سەر دانانی مەلیك فەیسەڵ لە ساڵی ١٩٢١، یان لە سەر رەتکردنەوەی پادشایەتی و دامەزراندنی کۆماری لە ئێران لە نیسانی ١٩٧٩.

2 هەندێ دەستوور بابەتەکانیان دیاریکردووە، هەندێکیان دیارییان کردووە کە چ یاسایەك نابێ بدرێتە ریفراندۆم، لەوانە: ئەو یاسایانەی پەیوەستە بە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت و ئاسایشی دەوڵەت و یاساکانی لە ناکاوو ئەحکامی عورفی و یاساکانی باج دان ، ئەم یاسایانە بۆیە دوور دەخەنەوە لە ریفراندۆم چونکە بە نهێنی یا بە پسپۆریەتی هونەری و زانستی یان زەرورەتی خێرا دەرکردن ناسراون. بڕوانە: د. علي يوسف الشكري، الوسيط في الأنظمة السياسية المقارنة، مؤسسة دار الصادق الثقافية، ط١، ٢٠١٢، ص ص ١٧٦ – ١٧٧.

**ت. ریفراندۆمی سیاسی**

ئەگــەر ریفرانــدۆم تایبــەت بــوو بــە بڕیــاردان لەســەر پلانێکــی دیــاریکراو، یــا ڕەچــاوکردنی سیاســەتێکی نــوێ، یــان چــوونە نــاو ڕێکخراوێکــی نێودەوڵــەتی یــان هــەرێمی، لــە پرســی لــەم چەشــنەدا، فەرمانڕەوا لەبەر گرنگی بابەتەکە بڕیاری تاک لایەنــە نــادات، چــونکە دەرئەنجامەکانی زۆر روون و دیار نین، یان دەیەوێت پــشتگیری گــەل بەدەست بێنێت[1].

**ج- ریفراندۆمی کەسی**

ئەم جۆرە ریفراندۆمە تایبەتە بــە کەســی ســەرۆک دەوڵــەت، وەك ئەوەی کە ویلایەتی نوێ بکرێتەوە یان ئاستی پــشتگیری جــەماوەری بزانێت، یان یەکێك سەرۆکی لاداوەو دەیەوێت لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە ڕەوایی پەیدا بکات، کە بە گشتی تەنها یەك کەس دەخرێتــە روو بــۆ ریفراندۆم.

**٢. لە رووی ئەنجامدانیەوە**

**أ. ئیجباری (ناچاری) MANDATORY EFERENDUM**:

پەرلــەمان پابەنــد دەبێــت بــە ئەنجامــدانی، بــە تایبــەت ئەگــەر لەدەستور نووسرا.

1 ریفراندۆمی سیاسی شێوازی جیاوازی هەیە، بە گوێرەی بابەتەکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە: ریفراندۆمی گەلی لە سەر چوونە پــاڵ ڕێکەوتننامەیــەکی نێودەولــەتی، یان دووقۆڵی.

ب. – ئیختیاری (ئارەزوومەندانە) Optional referendum:

ج. کاتێ دەستور ماف دەداتەدامەزراوەیەك بۆ ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی، واتە پەرلەمان ئازادە لە ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی.

### ٣. لە رووی ئەنجامەوە

**أ. ریفراندۆمی پابەندی**

پەرلەمان پابەند دەبێت بە ئەنجامەکەی، وە پێویستەدامەزراوەکانی دەوڵەت پێیەوەپابەند بن.

**ب. ریفراندۆمی ناپابەند – راوێژی**

پەرلەمان بۆی هەیە پابەند نەبێت بە ئەنجامەکەی، واتە دامەزراوەکان دەتوانن بەئەنجامەکەی پابەند نەبن، هەرچەندەناکۆکەلەگەل پەیگیری نەکردن بەرای گەل .

### ٤. لە رووی کاتی ئەنجامدان

**أ. ریفراندۆمی پێشینە**

گەڕانەوەبۆ رای گەل لەپرەنسیپەگشتیەکانی یاسایەك، تا هێزی جێبەجێکار لەلایەن پەرلەمان وەربگرێ ، واتە پێش تەماشاکردنی یاسایەك لە لایەن پەرلەمانەوە، دەخریتە راپرسییەوە.

واتە پەرلەمان داوا لە هاولاتیان دەکات کە رەزامەندی پێشوەخت دەربڕین لەسەر دانانی پرۆژە یاسایەك یان پرۆژەی هەموارکردنی

دەستوور کە دواتر دەخرێتە روو بۆ وەرگرتنی رەزامەندییان[1].

ب. ریفراندۆمی پاشینە

دوای بڕیـــاری پەرلـــەمان یاســـایەکەدەخرێتە روو بـــۆ گـــەل بەرەزامەندبوونی جێبەجێ دەبێت .

**٥. ریفراندۆم لە رووی گشتگیرییەوە**

**أ. ریفراندۆمی گشتی**

**هەموو هاونیشتمانیان بەشداری تیدا دەکەن بە بێ هیچ مەرجێك.**

**ب. ریفراندۆمی سنووردار**

تـەنها ئەوانـە بەشـداری تێـدا دەکـەن کـە مـەرجێکی دیـاریکراو دەیانگرێتەوە، وەك چینێکی دیاریکراو، یان توانای دارایی، یان دانـی باج، و .. هتد[2].

**٦. ریفراندۆم لە رووی ئامانجەوە**

**أ. ریفراندۆمی فەرمی**

دەوڵـــەت دەیـــەوێت رای دەنگـــدەر لـــە بابـــەتێکی دیـــاریکراو وەربگرێــت، بـــە ئەنجامەکـــەی پابـــەن دەبێــت، وەك ریفرانـــدۆمی دەستووری و یاسایی و سیاسی و کەسی.

---

1 د. سالی جومعە، سەرچاوەی پێشوو.

2 د. ماجـد راغـب الحلـو، الإسـتفتاء الـشعبي بـين الأنظمـة الوضـعية والـشريعة الإسلامية، مكتبة المنار الإسلامية، ط١، ١٩٨٠ ، ص٢٩٧.

### ب. ریفراندۆمی دیراسی

دەستەیەکی گشتی یان تایبەت ئەنجامی دەدات، وەك ئاژانسێکی گشتی یان تایبەت یا رۆژنامەیەك یا گۆڤارێك یان ئایستگەیەك یان توێژەرێك و، هەندێ جاریش لایەنێکی حکومەت و کارگێڕی دەیکات بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی پێش وەرگرتنی بڕیار یان هەڵوێستێکی دیاریکراو[1] .

## دووەم: ریفراندۆمی یاسایی گشتی

لە سەدەی بیستەمەوە هەندێ لە ولایەتەکانی ئەمریکا لە دەستووریاندا هاتووە کە هەموو یاسایەکان دەبێ بۆ دەنگدانی گەل بخرێنە روو، بەم شێوە راپرسییە دەگوترێت ریفراندۆمی یاسایی گشتی.

## سێیەم: ریفراندۆمی تەحکیمی گەل

ئەو ریفراندۆمەیە کە بۆ تەحکیم کردن لە نێوان دەسەلاتەکانی دەولەت، یان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن بەکاردێت. لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی (١٩١٨ – ١٩٤٥) هەندێ دەولەتی ئەوروپی لە دەستوورەکانیان جێگیریان کرد، کە گەل ناوبژی بکات لە رێگەی ریفراندۆمەوە لەو ناکۆکیانەی کە دروست دەبن لە نێوان هەردوو دەسەلاتی جێبەجێکردن و پەرلەمان، بەلام یەکەم دەستوور،

---

1 المصدر نفسه، ص ٣٤٠.

دەستووری ئەڵمانی بوو کە دەستەی دامەزرێنەر لە فایمار Weimar لە سەرەتای ١٩١٩ ئەم کارەی جێکردەوە، کە بەهۆیەوە ئەڵمانیا بوو بە دەوڵەتێکی فیدراڵی لە ١٧ ویلایەت و ، هەریەکەیان سەربەخۆیی زاتی خۆی هەیە و، ئەوەی چەسپاند کە یەکلاکردنەوەی هەر ناکۆکییەك لە نێوان هەموو دەسەڵاتەکان بە ناوبژیوانی گەل ، لە رێگەی ریفراندۆمەوە یەکلادەبێتەوە[١].

## چوارەم: ریفراندۆمی دادوەری

لە زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمریکادا، گەل مافی هەیە بۆ رەتکردنەوەی حوکمی دادگا، ئەمەش مافی زۆرینەی گەلە لە چاوپێداخشاندنەوە بە حوکمی دادوەری و ئیلغاکردنی ئەگەر پێویست بوو[٢].

## پێنجەم: ناڕەزایی گەل Popular Intercept

مافی ژمارەیەك دەنگدەر بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەسەر یاسایەك کەلەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان دانراوەیان پێشکەش کراوەلەماوەیەکی دیاریکراودا . یاسایەك ناچێتەبواری جێبەجێکردن تا نەخرێتەروو بۆ دەنگدانی گەل.

---

1 د. سالی جومعە، سەرچاوەی پێشوو.

2 د. محمد کامل لیلة، النظم السیاسیة – الدول والحکومة، سةرضاوةي ثيَشوو، ل ٨١٥.

واتە دەبێ گەل لەسەر داوای ژمارەیەکی دیاریکراو لە خەڵك، لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەنگ لەسەر یاسایەکە بدات، ئەگەر دژی یاساکە دەنگی دا، ئەوا یاساکە نامێنێت، ئەگەر ئەم مافەی بەکار نەهێنا ، یان زۆرینە دەنگی نەدا، ئەوا یاساکە دەردەچێت و جێبەجێ دەبێت، ئەم حاڵەتە لە دانیمارك پیادە دەکرێت، هەر یاسایەکە لە پەرلەمان دەنگی لە سەر بدرێت، دەستوور سەپاندویەتی کە پەرلەمان لە سەر داوای ۳/۱ی ئەندامانی بیخاتە بەردەم هاونیشتمانیان بۆ رەوایەتی وەرگرتن، ئەمەش لە بەرژەوەندی کەمینەی پەرلەمانییە، ئەگەر نەیتوانی رێگە لە دەرچوونی یاسایەك بگرێت، ئەوا دەیخاتە بەردەم گەل تا دوا قسەی خۆی بکات[1].

## شەشەم: **پێشنیازی گەلی** Popular Initiative

بەشداری گەلە لە پرۆسەی یاسادانان، ژمارەیەك هاونیشتمانی، کە لە دەستوور دیاری دەکرێ پرۆژەیاسایەك پێشکەش پەرلەمان، دەکەن ئەگەر رەزامەندی پەرلەمان وەرگیرا، دەخرێتەبەردەم گەل بۆ ریفراندۆم، ئەگەر پەرلەمان رەتیکردە، ئەوا پرۆژەکە دەخرێتەوەبەردەم گەل تا رای خۆی لەسەربدات.

---

1 د. محمد طي، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، منشورات زين الحقوقية، ط٨، بيروت، ٢٠١٣، ص١٧٩.

### ١-٢-١-٢ رواڵەتە لاوەكیەكان

ئەمەش چەند جۆرێك دەگرێتەوە، لەوانە:

١. **لادانی گەل**

نوێنەری هەڵبـژێرراو سـەرۆك كۆمـار یـان پـەرلـەمانتار یـان چـەند پەرلەمانتارێك، لەرێگەی دەنگی هاولاتیانەوە لادەدرێن كە دەستوور دیاری دەكات.

٢. **هەڵوەشانەوەی گەل**

داواكاریی ژمارەیەك خەڵك بۆ هەڵوەشانەوەی پەرلەمان .

٣. **داواكاری بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی نوێنەر**

دەكـرێ ژمارەیـەك دەنگـدەر داوای دووبـارە هەڵبژاردنـەوەی نوێنەرێك بكەن.

ئەگـەر هەنـدێ بـاری رواڵـەتی لاوەكـی دیموكراسـیەتی نیمـچە راستەوخۆ گومانی متمانە دروست بكات ، بـە تایبـەت لـە پەرلـەمان، بـەلام لـە رووی تیـۆری و پراكتیـزەوە ئـەم سیـستەمە بـە باشـترین دادەنرێـت، بـە مـەرجێك كۆمەڵگـە لـە ئاسـتێكی باشـی هۆشـیاری سیاسیدا بێت، كە ئـەم دیموكراسـیەتە لـە دوای راسـتەوخۆ دێـت لـە رووی پێگەو بەهای دیموكراسـی بـۆ رەچـاوكردنی خواسـتی گـشتی ، چونكە گەل جارێكی دیكە دەبێتەوە دەسەلاتی چوارەم بـە تەنیـشت سـێ دەسـەلاتەكەی دیكـەوە[1]. گـەل لـە بنەڕەتـدا خـاوەنی هـەموو

---

1 بڕوانە: د. محمد كامل ليلـة، الـنظم الـسياسية – الـدول والحكومـة، سەرچـاوەی پێشوو، ل ٨٠٥.

دەسەڵاتەکانە، چونکە خودی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە.

بـــەم شـــێوەیە دیموکراســـیەت جێبـــەجێکردنی رێـــسایەکی بەڵگەنەویـستە کـە دەڵـێ" هـەموو مرۆڤێکـی عاقـڵ ئـازادە لـە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی بـە بـێ پابەنـدبوون بـە کەسـانی دیکـە، تەنها بە ڕەزامەندی خۆی نەبێت، لە ئاستی ناوخۆی دەوڵەت ئاشتی و دادپـەروەری و پێـشکەوتن بەدیـدێنێت، لـە ئاسـتی نێودەوڵـەتیش پێچەوانەی جەنگە و هەمیشە داوای بۆ ئاشتی جیهانی هەیە.

## ١-٢-٢ ریفراندۆمی نیشتمانی بۆ مافی چارەنووس

ئەنجامدانی ریفراندۆمە بۆ دیـاریکردنی مـافی چارەنووسـی خـاك و گەل، لەگەڵ گەل یان دەوڵەتێکی دیکە، واتە گەلێکی دیاریکراو بڕیـار دەدات کە سەربەخۆ بێت یـان لەگـەڵ دەوڵـەتێکی دیکـە بمێنێتـەوەو پاشکۆ بێت یان لە گەڵیدا یەکگرتن دروست بکـات، لـە ژێـر ڕۆشـنایی یاسای نێودەوڵەتی، یان دەستوور و یاسای نێودەوڵەتی.

لە کاتێکدا بارودۆخ دەگونجێت و، گەلێکی دیاریکراو بڕیار دەدات کە پیادەی مافی چارەنوس بکات، ئەو پیادەکردنـە لـە ڕێگـەی چـەند ئـــامرازێکی وەك ریفرانـــدۆمی گـــشتی و بڕیـــاری دامەزراوەیـــەکی دەستووری یان لە ڕێگەی سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی، بـە هـۆی شـەرعییەتی شۆڕەشـگێری لـە کـاتی سـەرکەوتنی خـەباتی چکداری یان لە ڕێگەی دانوستان لە گەڵ حکومەتی ناوەند ، هەروەها دەکـرێ ریفرانـدۆم لـە ڕێگـەی بڕیـارێکی نێودەوڵـەتی بکرێـت، وەك

بڕیــارێکی نێودەوڵــەتی یــان کۆنگرەیــەکی نێودەوڵــەتی یــان پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی[1].

کۆمەڵـەی گـشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـە بڕیـاری ٦٣٧ لـە ١٦/١٢/١٩٥٢، بـە ناونیـشانی مـافی گـەل و نەتـەوەکان لـە بڕیـاردانی چارەنووسـدا، لـە دیباجـەدا هـاتووە: مـافی گـەل و نەتـەوەکان لـە بڕیاردانی مـافی چـارەنووس مـەرجی سـەرەکی و بنـەڕەتی مافـەکانی مرۆڤە. هەروەها چارتی نەتەوە یـەکگرتووەکان لـە هـەردوو مـاددەی (١و ٥٥)دا، ئامانجی ئەوەیە کە پەیوەندی دۆستانە لە نێـوان گەلاّنـدا پەرەپێبدات کە لەسەر بنەمای رێزگرتن لە مافی وەکهەڤی یەکسانی و مـافی چارەنووسـی گـەلاّن دێتـە ئـاراوە کـە ئاشـتی جیهـانی بـەهێز دەکات[2].

لە بڕگەی(٢)ی بڕیارەکەدا هاتووە: بـە گـوێرەی پرینـسیپەکان و رۆحی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پەیوەنـدی بـە هەرێمێکـەوە هەیە کە ئازەووی گوزارشتکردنی ئازادانەی خەڵکی پەیوەندیدار هەیە بـۆ گەیـشتن بـە مـافی چـارەنووس، ئەمــە لــە رێگــەی ریفرانــدۆم (Plebiscites) یان هەر ئامرازێکی دیکـەی زانـراوو ناسـراوی دیکـەی دیموکراسی دەبێت و وا باشە  لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان

---

1 د. عبدالمجيد اسماعيل حقي، الوضع القـانوني لإقلـيم عربـستان في ظـل القواعـد الدوليـة، القـاهرة، ١٩٧٢، نقـلاً عـن عبـدالرحمن سـليمان زيبـاري، سەرچـاوەی پێشوو، ل ٣٦٨.

2 بڕیاری کۆمەڵەی گـشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکان، ژ ٦٣٧ ی ١٦ / ١٢/ ١٩٥٢ – A/RES/637 (v11)B.

مومارەسە بکرێت[١].

نموونە، لەو ریفراندۆمانەی کە لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانی کراون لە هەردوو بەشی سکۆتلەندا و وێڵز لە سەرەتای ئاداری ١٩٧٩ تا ئۆتۆنۆمی وەربگرن، هەروەها ریفراندۆمی ٢٠١٥ ی سکۆتلەندا بۆ سەربەخۆیی ، کە لە هەردوکیان گەل رەزامەندی نەدا، هەروەها ریفراندۆمی هەرێمی کیوبیک بۆ جیابوونەوە یان مانەوە لە چوارچێوەی کەنەدا، کە لە ساڵی ١٩٨٠ و لە ٢٠٠٦ ئەنجامدراو ، هەردووکیان گەل بە نەخێر وەڵامی دایەوە[٢] .

هەروەها ریفراندۆمی نافەرمی دەکرێت، وەك ئەو ریفراندۆمەی تاك لایەنە، وێرای رازینەبوونی دادگای دەستووری ئیسپانی ، لە ٩ – ١١ – ٢٠١٤ لە هەرێمی کەتەلۆنیا ئەنجامدرا. لە بەرئەوەی دەستووری ئیسپانیا رێگە نادات ریفراندۆمی فەرمی بکات، لەم چوارچێوەیەدا، کەتەلۆنیا داوا لە حکومەتی ناوەند دەکات، وەك بەریتانیا و کەنەدا، دەرفەت برەخسێنێ تا ریفراندۆمی تەواو و تەواوکاری ئەنجام بدرێت و ئاستەنگەکانی بەردەم دیموکراسیەت چارەسەر بکات[٣].

---

1 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

2 د. محمد جواد فارس، التعبئة الشعبية على الإستفتاء، مجموعة من الباحثين، الإستفتاء الشعبي وخطر الإستراتيجية الأمريكية على العراق والمنطقة، أعمال الندوة الرابعة والثلاثون عن الإستفتاء الشعبي في العراق، تأليف مجموعة من الباحثين، مركز العراق للدراسات، ط١، ٢٠٠٩، ص ١٤٩ – ١٥٠.

3 سەیری ئەم پێگە یە بکە : https://arabic.rt.com/news/764554

به شێوەیەکی گشتی لە یاسایی نێودەوڵەتیدا، ڕێسایەك نییە ڕێگە لە جیابوونەوە بگرێ، جاری وا هەیە جیابوونەوە بە ڕێکەوتن و ڕەزامەندی گەلی جیابۆوە، حکومەتی ناوەندی دەبێت ، نموونە چیك و سلۆڤاك لە ساڵی ١٩٩٣، باشووری سۆدان لە باکووری ئەو وڵاتە لە میانەی وتوێژی ئاشتی و ڕێکەوتننامەی ٩ – ١– ٢٠٠٥ و پاشان بە ریفراندۆم لە ٩ – ١ – ٢٠١١ ساغ کرایەوە، یان بەشەڕ وەك جیابوونەوەی بەنگلادیش لە پاکستان ساڵی ١٩٧١ و، دواتر پاکستان لە ساڵی ١٩٧٤ دانی پێدانا و هەمان ساڵیش بوو بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان.

یان بە لێکهەڵوەشانەوە، وەك کۆماری یۆگسلافیای فیدراڵی دوای ساڵی ١٩٩١، لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزی پڕ شەڕ و توندو تیژی و تاوانی نێودەوڵەتی ، بێ ڕەزامەندی (کۆماری سربیا و کێوەرەش – مۆنتینیگرۆ) دان بە کۆمارەکانی بۆسناو هەرزەگۆڤین و، کرواتیاو سلۆڤینیا نراو بوونە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای ئەوەش کە کۆماری سڕبیاو کێوەڕەش خۆی وەك کۆمارێکی فیدڕاڵی ڕاگەیاند و دەستوورێکی نوێی پەسند کرد، پاشان کێوەڕەش – مۆنتینیگرۆ جیابۆوەو دەوڵەتی سەربەخۆی ڕاگەیاند(1) .

---

1 بۆ زانیاری زیاتر سەبارە بە ریفراندۆمی نیشتمانی سەبارەت بە تەیموری شەرقی و تشیکوسلوڤاکیا و کیوبیك بڕوانە: ابراهیم علي کرو الهاجاني، مبدأ حق تقرير مصير الشعوب والإستفتاء عليه، كوردستان العراق نموذجاً، رسالة ماجستير، قدم الى كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٦، ص ١١٣ – ١٣٥.

## ٢- پاڵپشتییە یاساییەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە باشووری کوردستاندا

ئەنجامــدانی ریفرانــدۆم پاڵپــشتی و پاســاوی یاســایی (یاســای نێودەوڵەتی و یاسای دەستووری عێراق و، یاسای نـاوخۆیی هـەرێمی کوردسـتان) هەیـە، کـە بـە هۆیـەوە دەکرێـت داواکـاری و پـشتگیری یاسایی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە جێبەجێ بکرێت و، چەندین میکانیزمی تێدا هاتووە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم.

### ٢-١ پاساوە یاساییەکانی ئە نجامدانی ریفراندۆمی نیـشتمانی لـە باشووری کوردستان

کوردســتان وەك خــاك و گــەل، رێــسای یاســای نێودەوڵــەتی و دەستووری، دەستووری عیراق هەیە بۆ پشتگیری یاسای ئەنجامـدانی ریفراندۆم، لەوانە:

### ٢-١- ١ گەلی کوردستان کەسێکی یاسایی یاسای نیودەوڵەتییە

لە ساڵی ١٩٥٢ گفتوگۆیەکی دوورودرێژ سەبارەت بـە مانـای مـافی چـارەنووس لـە لیژنـەی مافـەکانی مـرۆڤ بـوو، زۆربـەی هـەرە زۆری ئەندامان رێککەوتن کە مافی چارەنووس واتە مافی گەلێك کە بڕیـار لـە چارەنووســی خــۆی بــدات، مــاددەی ١ ی چــارتی UN ئامــانجی یەکسانی گەلانە لە ماف و ، بە گوێرەی چارتەکە بە سـەر دەوڵـەت و

نەتەوەو گەلدا دابەش دەبێت، دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستی دەیانگوت کە مافی چارەنووس واتە دانان بە سەروەری دەوڵەتان و پەیگیری هەریەکە بە سەروەری دەوڵەتانی دی، زۆرینەی دەوڵەتانی دیکە گوتیان هەر کۆمەڵێك کە خۆی وەك نەتەوە گوزارشت کردبێت سوود لە پرینسیپی مافی چارەنووس دەبینێت، بۆیە گوتیان هەر هەرێمێك زۆرینەیەکی لێبێت و لەژێر دەسەلاتی بێگانە بێت، مافی پیادەکردنی مافی جارەنووسی هەیە[1].

## ٢-١-٢ مافی مێژوویی

مەبەست لە مافی مێژوویی وەك پاساوێك بۆ رەواییدان بە مافی چارەنووس ئەو مافانەیە کە لەو راستییە مێژووییانەوە سەرچاوە دەگرن کە نەتەوەیەك خۆی حوکمی خۆی کردووەو، لە رابردوودا سەرداری زاتی خۆی بووەو، لە بەر هۆیەك لە هۆیەکان کەوتۆتە ناو سنووری جوگرافی دەوڵەتێکی دیکە[2].

نەتەوەی کوردیش بە درێژایی مێژوو جۆرێك لە سەربەخۆیی خۆی پاراستووەو، لە ژێر دەسەلاتی هەردوو دەسەلاتی ئیسلامی دوای چاڵدێران، لە شێوەی ئیماراتی جۆراوجۆر بوونی خۆی پاراستووەو،

---

1 د. محمد طلعت الغنيمي، الأحكام العامة في قانون الأمم – قانون السلاّم، منشاة المعارف بالأسكندرية، ١٩٧٠، ص ٦١٧.

2 د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، الإعلاّن عن الدولة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٩.

له مێژووی نوێشدا بەشێك نەبووە لە عیراقی عەرەبی و ، تەنانەت بوونی دەوڵەتێکی لەم ناوو چەشنە بوونی نەبووەو، لە رێکەوتننامەی سایکس – بیکۆ و، دواتر لە سەردەمی کۆمەڵەی گەلان وەك میسۆپۆتامیا هاتووە، هەروەها باشووری کوردستان چوونە ناو دەوڵەتی عێراقی رەت کردۆتەوە.

## ٢-١-٣ مافی چارەنووسی باشووری کوردستان رەهەندی نێودەوڵەتی هەیە

مافی چارەنووس لە ١٩٩١ەوە بوو بە مافی چارەنووسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی بایەخداریەکانی یەکەم رێکخراوی نێودەوڵەتی (کۆمەڵەی گەلان) و یەکێك لە رێساکانی سیستەمی نێودەوڵەتی نوێ[1].

لە رووی مێژوییەوە مافی چارەنووس لە دوای راگەیاندنی ١٤ خاڵەکەی وێڵسۆن هاتە ناو زمانی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە هاوکاتیش بوو لە گەڵ رکابەری توندی ئایدۆلۆژی لە نێوان لیبڕاڵیەت و شیوعیەت لە پێناو کەسبکردنی گەلانی ژێر دەستەی ئیمپراتۆریەتە کۆنە فرە نەژادیەکان، بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبی

---

1 د. سعيد بشير أسكندر، الديمقراطية وحق تقرير المصير القومي، منشورات مكتب االفكر والتوعية في الإتحاد الوطني الكوردستاني، السليمانية، ٢٠٠٤، ص١٤٧.

و کوردی و ئەرمەنی پشتیان بە بەڵێنی هاوپەیمانان و پرەنسیپەکانی ویلسۆن دەبەست کاتێ لە گەڵ هێزە لیبراڵەکانی هاوپەیمانی سەرکەوتو لە جەنگدا دەدوان، بۆ ئەوەی رەوایی بدەنە خواستەکانیان تا کیانی سەربەخۆی نوێ دابمەزرێنن لە سەر بنەمای نەتەوەیی لە دوای دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی[1].

باشووری کوردستان ناسنامەی خۆی هەیەو، لە پێشینەی نێودەوڵەتی کۆمەڵەی گەلان و، هەندێ لە دەستوورەکانی عێراقدا وەك نەتەوەی هاوبەش و سەرەکی حەقداریی سەلمێنراوە، بە تایبەت لە رووی تیۆریەوەو، مافی پراکتیزەکردنی چارەنووسی خۆی هەیە[2].

پابەندیەکانی عێراق تایبەت بە پاراستنی مافی کەمینەکان لە بنەڕەتەوە کارێکی نێودەوڵەتیی بووە نەك تەنها یاسایەکی ئاسایی ناوخۆ، هەر لە لێدوانی هاوبەشتی ئەنگلۆ – عێراقی ساڵی ١٩٢٢ و

---

1 هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩.

2 بڕوانە: هنري فوستر، نشاة العراق الحديث، ترجمة وتعليق: سليم طه التكريتي، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان، ط١، ٢٠٠٦، ص١٧٣– ١٨١، روبرت أولسون، تاريخ الكفاح القومي الكردي، دار الفارابي – دار أراس، ترجمة أحمد محمود الخليل، ط١، ٢٠٠١٣، و د. كمال مظهر أحمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، دار الفارابي و دار أراس، ط٣، ٢٠١٣، شۆرش حسن عمر، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية، سليماني، ٢٠٠٥، ص ١٠٩ – ١١٥ و ص ١٥١ – ٢٠٩ ، وە ئاسۆ کەریم، دەستوور، مافی چارەی خۆنووسین، فیدراڵیزم و ریفراندۆم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل٧ – ٩.

پەیگیرییـەکانی عێـراق بـە گـوێرەی بڕیـاری ئەنجوومـەنی کۆمەڵـەی گەلانی سـاڵی ١٩٢٥ و، تـا دەگاتـە لێـدوان و راسـپاردەی ٣٠ ی ٥ ی ١٩٣٠، راسپاردەو لێدوانی دوایـی مەسـەلەی کـوردی خـستە بـەردەم سەرپەرشتی و چاودێری ئەنجوومـەنی کۆمەڵـەی گـەلان و پـسپۆڕێتی دادگـای دادی هەمیـشەیی نێودەوڵـەتی پەیوەسـت بـەو نـاکۆکی و گرفتانــەی پێیــەوە پەیوەســت دەبــن، نــەمانی کۆمەڵــە و دادگــای هەمیـشەیی کاریگـەری لـە سـەر خەسـڵەتی نێودەوڵـەتی لێـدوان و راسپاردە و بڕیارەکە نابێت، بەڵکو نەتـەوە یـەکگرتووەکان و خـودی دادگای دادی نیودەولەتی وەك دوو دامەزراوەی میراتگر پابەنـدن بـە بەدواداچوونی ئەم پرسە.

هــەر بۆیــە ئــەو ئەرکانــەی یەکـەمجار بـەریتانیا و دوایـی عێـراق سەبارەت بە گەلی کورد خـستبوویانە ئەسـتۆی خۆیـان لـە بەرامبـەر کۆمەڵـەی گـەلان ئێـستاکەش مـەفعولیان هەیـە و ئـەرکێك دروسـت دەکەن کە خاسیەتی نێودەوڵەتی بە خۆوە دەگرن[1].

1 بڕوانە : دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کـوردو یاسـای نێودەوڵـەتان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی سـتراتیجی ی کوردسـتان، سـلێمانی، ٢٠٠١، ل ٤٢٤ –٤٣٠.

## ٢-١-٤ باشووری كوردستان به نایاسایی به عێراقەوە لكێنراوە

بەبێ خواستی خۆی مافی چارەنووسی لێ زەوت كراوەو پارچەكراوە. لكاندن و لێكردنەوەی هەر بەشێك لە خاكی میللەتێك بە دەوڵەتێكی دیكە، بە بێ ئەنجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانی كارێكی نایاسایی و بەتاڵە، چونكە پێچەوانەی مافی بڕیاردانی چارەنووسە[١].

بڕیاری ٢٦٢٥ ی كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ٢٤ – ١٠ – ١٩٧٠، پشتگیری ئەم چوارچێوە یاساییە دەكات و دەڵێ: ئەو گەلەی لە هەرێمێك دەژێت و، ژێر دەست كراوە، دوای پەسەندكردنی چارتی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ساڵی ١٩٤٥، ژێر دەستی داگیركەری بێگانەیە یان لكێنراوە بە شێوەیەك كە ریفراندۆمی گەل بە شێوەیەكی ئازاد و دادپەروەری رەزامەندی بۆ نەبووە، مافی بریاردانی چارەنووسی خۆی هەیە هەروەك سەربەخۆیی گەلی ئەریتریا لە ژێردەستی ئەسیوبیا لە مایسی ١٩٩٣ هاتە دی[٢].

گەلی كوردستانیش بە بێ ریفراندۆم و بە بێ رەزامەندی نوێنەرانی بە عێراقی عەرەبییەوە لكێنراوە. لە راپۆرتی پێشكەشكراو بۆ ئەنجوومەنی گەلان هاتووە كە: " لیژنەكە لەو بڕوایەدایە كە ئەگەر

1 بڕوانە: د. عصام العطية، القانون الدولي العام، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، ط٦، بغداد، ص ٣٠٣، بۆ زیاتر بڕوانە: د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، الإعلان عن الدولة، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٢.

2 د. منى يوخنا ياقو، حقوق الأقليات القومية في القانون الدولي العام، مطبعة شهاب ، أربيل، ٢٠٠٩، ص ١٩١.

دەسـتەڵاتی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان بـە تـەواوبوونی پەیمانـە چـوار ساڵیەکەی نێـوان بریتانیـا و عێـراق کۆتـایی بێـت و ئەگـەر جـۆرە گەرەنتیەکی کارگێڕی ناوخۆیی نەدرێت بە کورد، ئەوا زۆربـەی زۆری خەڵکەکـە تورکیایـان پـێ چـاکتر دەبێـت وەك لـە سـەروەریی عەرەب....." [1] .

## ٢-١-٥ کورد تاوانی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئەنجامدراوە

تاوانی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر خەڵکی کوردستان ئـەنجام دراوە. جێکەوتی تاوانە نیودەوڵەتییـەکان وا دەکـات کـە مەسـەلەی کـورد و حەقـداری نەتـەوەی کـورد و گـەلی کوردسـتان لـە بڕیـاردان و چارەسەرکردنی لە یاساو چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی تاوانەکە ئـەنجام دەدەن دەباتە دەرەوەو، دەبێ لە یاسای نیودەوڵەتیدا چارەسـەری پێبدرێت.

بەشێك لەو تاوانانەی رووبەڕووی نەتەوەی کـورد کراونەتـەوە لـە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە گوێرەی یاسای ژمـارە ١٠ی سـاڵی

---

1 ویلایـەتی موسـڵ، پرسـی سـنووری نیـوان تورکیـا و عێـراق، راپـۆرتێکی پێشکەشکراو بە ئەنجوومەن لە لایەن لیژنەی دامەزرێنراو بە بڕیاری ئەنجوومەن لـە ٣٠ ی ئـەیلولی ١٩٢٤، کۆمەڵـەی نەتـەوەکان، جنیـف، ٢٠ی ئـابی ١٩٢٥، وەرگێڕانی معەمەد ئەمین حسین عەلی/ مینە، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، ل٢٨٦.

٢٠٠٥ سەلمێنران و، ماف دەداتە گەلی کوردستان کە[1]:

١. داکۆکی لە بوونی خۆی بکات و، بە ئاشتی لە سەر خاکی خۆی بژی تا پەرە بە ژیانی سیاسی، کولتوری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، خۆی بدات و، بەشدار بێت لە پرۆسەی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە و جیهان.
٢. داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات لە بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتی تاوانکاری جینۆساید بەرپرسیارێتی هەڵبگرن و، تا بەشداربوانی راستەوخۆو ناراستەوخۆ بەرپرسیارێتی وە ئەستۆ بگرن.
٣. دەبێ پشتیگیری گەلی کورد بکرێت لە چارەسەرکردنی دۆزەکەیداو، پشتیوانی لە ماف چارەنووسی گەلەکەی بکرێت.
٤. دەوڵەتی عێراق و بەشداربووانی بەرپرسن لە قەرەبووی ماددی و مەعنەوی قوربانیان و گەلی کوردستان.

1 الحاكم عبدالرحمن سليمان الزيباری، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٦، د. مارف عمر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ی . ن . ک.، چاپی سێیەم، سلێمانی ، ٢٠٠٦، ل ١١٩ و دواتر، ڤالا فريد، المسؤولية المدنية الدولية عن جريمة الإبادة الجماعية، مطبعة جامعة صلاّح الدين، أربيل، ٢٠٠٤، ص ٩٨، د. محمد مجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، الدار الجامعية، بيروت، ١٩٩،، ص ٢٥٤ – ٢٦٠.

## ٢-١-٦ مافی کشانەوە لە دەستووری فیدڕاڵی

لە حاڵەتی دەوڵەتی ئیتیحادیدا (بە هەموو جۆرەکانیەوە) کە لە ڕێگەی یەکگرتن و چوونەپاڵیەکی ئارەزوومەندانە لە دەوڵەتانی ئەندام دروست دەبێت، کە لە پەیماننامەی پێکهاتندا یان لە دەستوورەکانیاندا هاتووە، مافیان هەیە کە لە دەوڵەتی ئیتیحادی بکشێنەوە، ئەمەش بە کارهێنانی مافێکی هەبووە کە لە کاتی چوونە ناو ئیتیحادەکە لە ئارادابووە[1].

لە یاسای نێودەوڵەتیدا شتێك نییە ڕێگە لە هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا بگرێت کە جیاببنەوە، دەکرێ جیابوونەوە بە ئامرازی نەرێنی بێت، وەك گەڕانەوە بۆ دەقی دستوور، یان رای دادگای فیدڕاڵی، یان گەڕانەوە بۆ گەل لە ڕێگەی ریفراندۆمی گشتی.

فەنزویلا لە کۆلۆمبیا جیابۆوەو، مالیزیا لە سنگافورە جیابۆوە چیك و سلۆڤاکیا و دەوڵەتە فیدراڵیەکانی یەکێتی سۆڤیەت بە شێوەیەکی ئاشتیانە جیابوونەوە، کیوبیك و سکۆتلەنداش ئاشتیانە ریفراندۆمیان کرد، بەڵام بەنگلادیش بە شەڕ لە پاکستان جیابۆوە.

دەستوری عێراق لە١٣ ساڵی رابردوودا جێبەجێ نەکراوەو،

1 سەبارە بە فیدڕالیەت و دەستووری فیدڕاڵی و ماف چارەنووسی هەرێمە فیدڕاڵیەکان، بروانە: د. محمد عمر مولود، الفیدرالیة وامکانیة تطبیقها في العراق، مؤسسة موکریاني للطباعة والنشر، أربیل، ٢٠٠٠، و د. عثمان علي ویسي، الطبیعة الدینامیکیة للدستور الفدرالي، متشورات زین الحقوقیة، ط١، ٢٠١٥ ، ص٦١٥ –٦٣٠.

مافداریەکانی کوردستان بە تایبەت لە رووی هاوبەشی نیشتمانی و گەڕانەوەی خاك و قەرەبووکردنەوەو دابەشکردنی سامانی نیشتمانی جێبەجێنەکراون. ئەزموونی حوکمڕانی و بەیەکەوەژیانی ئاشتیانە لە نێوان پێکهاتەکان شکستی هێناوە. ئەگەر لە دەستووری عێراق وردبینەوە کە لە دیباجە دەڵێ: (.... پێکهاتەو لایەنەکان ئارەزوومەندانە چارەنووسی خۆیان بە عێراقەوە گرێداوە ...... پابەندبوون بەم دەستوورە یەکێتی ئازادانەی گەل و زەوی و سەروەری دەپارێزێ). هەروەها لە ماددەی یەکەم لە دەروازەی پرینسیپەکانی دەستووری عێراقدا هاتووە (..... ئەم دەستوورە گەرەنتی یەکێتی عێراق دەکات) [1].

---

1 ماددەی ١ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥. بڕوانە:

-David L. Phillips, Senior Fellow and Deputy Director, Center for Preventive Action, Council on Foreign Relation , June - 10 - 2014

ئەم باسە بو ناوی دەسەڵات دابەشکردن لە گەڵ کوردەکانی عێراقدا، لە گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە ٣، ئابی ٢٠٠٥، ل ١٨٣ – ٢٢٠، بڵاوکراوەتەوە.

سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد لە دەستوورەکانی عێراقدا بڕوانە: شۆرش حسن عمر، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، سەرچاوەی پێشوو. دۆزی کورد لە سیستەمی نوێی جیهاندا، بڕوانە: عومەر نورەدینی، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد – کوردستانی عێراق وەك نموونە ، چاپخانەی حاجی هاشم، ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، هەولێر، ل ١٤٣ – ٢٥٨.

## ٢-١- ٧ كوردستان له ژێر چەوسانەوەدایە

بەشێك لە دانیشتوانی دەوڵەتێك یان کەمینەیەك مافی جیابوونەوەیان هەیە ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێکخراوو بەردەوام ڕووبەڕووی چەوسانەوە هاتن لە سەر دەستی زۆرینە.

هەروەها ئەم بابەتە جێگای پرسی سەرەکی و وەڵامی دادگای فیدراڵی کەنەدا بوو بۆ پاساوی ریفراندۆمی هەرێمی کیوبیك لە کەنەدا[١] .

هەربۆیە هەر گروپێك یان کەمینەیەك لە ناو دەوڵەتێکدا کە دەبینێ ڕووبەڕووی چەوسانەوە دەبێتەوە مافی خۆیەتی داوای پیادەکردنی مافی چارەنووس بکات، لە داکۆکیکەرانی ئەم پرینسیپە "جامینە دی اریشاجا" سەرۆکی پێشووی دادگای دادی نیودەوڵەتییە[٢].

## ٢-١-٨ ڕێگرتن لە ئازادی گەلان تاوانە

مافی چارەنووس لە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤە، یاسای مافەکانی مرۆڤ بێ جیاوازی هەموو مافەکان بە پەیگیر دەناسێت ، لە کاتی پێشێلکردنی مافی چارەنووسی گەلێك، مافی ئەو گەلەیە کە ئازادی

---

1 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، الإعلان عن الدولة، المصدر السابق، ص٤٧٩ – ٤٨٨.

2 د. مسعد عبدالرحمن زيدان قاسم، تدخل الأمم المتحدة في النزاعات المسلحة غير ذات الطابع الدولي، دار الجامعة الجديدة للنشر، ٢٠٠٣، ص٣٣٢.

خۆی به دەست بێنێتەوەو، دەوڵەتی سەربەخۆی خـاوەن سـەروەری به دەست بێنێت.

بڕگەی ١ له بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ١٥١٤ لـه ١٤ – ١٢ – ١٩٦٠ جـەخت دەکـات کـه: (ژێردەسـتەیی گـەلان بـۆ کۆیلـەکردن و ژێـر دەسـەلاتی بێگانــه و زوڵــم و چەوسـاندنەوه نکوڵیکردنــه لــه مافــه بنەڕەتیەکانی مرۆڤ و، ناکۆکه له گەڵ چارتی نەتەوه یـەکگرتووەکان و، دەبێته ڕێگر و گرفت له بەردەم ئاشتی و هاریکاری نێودەوڵەتی).

لیژنەی یاسـای نیودەوڵـەتی لـه لای خـۆی دەڵێـت: پێـشێلکردنی مافی گەلان له بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان تاوانێکی نێودەوڵەتی زۆر مەترسیداره[1].

## ٢-١-٩ پیشێلکردنی دەستووری ئیتیحادی

پیــشێلکردنی دەسـتووری فیـدڕاڵی (بــه تایبــەت ئــەو مافــه بنچینەییانەی که پەیوەندییان به مافی پیکهاتەیەکەوه هەیه) دەبێتـه پاساوێکی بەهێز بۆ جیابوونەوەی هەرێمه فیدڕاڵیەکان لـه دەوڵـەتی فیدڕاڵی. دەستووری فیدڕاڵی سروشتی داینەمیکی هەیه، دەسەلات و تایبەتکاریـەکان لــه نێـوان دەسـەلاته فیدڕاڵیــەکان و دەســەلاته هەرێمیـەکان لـه جوڵەیـەکی لۆژیکیـدان، بـەلام کـه بگاتـه ئاسـتی

1 د. غازي حسن صباريني، الوجيز في حقوق الإنسان وحرياتـه الأساسـية، مكتبـة الثقافة للنشر والتوزيع، ط٢، عمان، ١٩٩٧، ص٧٩.

پێشێلکاری مەترسیدار، ئەوا مافی هەرێمەکانە کە بە خواستی خۆیان کۆتایی بە گرێبەستی فیدڕاڵی بهێنن[1].

لە تێگەیشتنی مێژویی و یاسایی بۆ دەوڵەتی فیدڕاڵی، لە بنەڕەتدا یەکگرتوویەکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان دەوڵەتان یان هەرێمەکان لە سەر بنەما و مەرجی لەسەر پێکهاتوو، ئەگەر پیشێلکاری بەرچاو لەو بنەما و مەرجانە کرا، ئەوا دەبێتە پاساوی بەجێ بۆ سەربەخۆیی یان جیابوونەوەی هەرێمەکان، تەنها ئەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە بە دەق لە دەستووری ئیتیحادیدا هاتبێت کە نابێت هەرێمەکان جیاببنەوە.

## ٢-٢ دەستووری عێراق و ریفراندۆم

ئەو دەقانەی تایبەتن بە ئەنجامدانی ریفراندۆم و ئەوانەش کە تایبەتن بە دەسەڵاتی پەرلەمانی عێراق.

### ٢-٢-١ ریفراندۆم لە دەستوری عێراق ٢٠٠٥

بابەتەکانی ریفراندۆم لە ماددەکانی ٤/ ٢٠/ ١١٩/ ١٢٦/ ١٣١/ ١٤٢/ ١٤٤ لە دەستووری عێراقدا باس کراوە، بەم شێوەیە

---

1 جيفري روبرتس وألستر إدواردس، القاموس الحديث للتحليل السياسي، ترجمة: سمير عبدالرحيم الجلبي، الدار العربية للموسوعات، ط١، بيروت، ١٩٩٩، ص٤٠٨.

دەستووری عێراق، وێڕای بوونی چوارچێوەی گشتی مافـەکانی مـرۆڤ لە دەستووردا، لە چەند ماددەو بڕگەی سەربەخۆ پرسی گەڕانەوە بۆ دەنگی گەلی بە هەند وەرگرتووە[1].

لە بنەڕەتدا دەستووری فیدڕاڵی لە ڕێگەی ریفراندۆمـەوە ڕەوایـی وەرگرتووە لە ١٥ی ١٠ی ٢٠٠٥، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ هیچ مادەیـەکی تێدا نییـە کـە بـاس لـە سـەربەخۆیی یـان جیابوونـەوەی هەرێمـەکان بکـات، بـەڵام زیـاتر لـە ئاماژەیـەك هەیـە کـە ئـەم دەوڵەتـە دەکـرێ هەڵبوەشـێتەوەو، باشـووری کوردسـتان و هـەرێمی کوردسـتان وەك هەرێمێکی خاسیەت جیاواز، جیاواز لە هەر هەرێمێکی دی کە دروست دەبێت لە ئایندە، دەرفەت و ماف سەربەخۆیی هەیە، لە وانە:

١- پێشەکی دەستوور، لە پیشەکی دەستووردا هاتووە کـە "ئێمـەی

---

1 - بڕوانە ئەم ماددانە:

- م ٤ب ٥ : هــەموو هــەرێمێك یــان پارێزگایــەك دەتــوانرێ بەزۆرینــەی دەنگــی دانیشتوانی لەریفراندۆمێکی گشتیدا زمانێك بکاتەزمانی فەرمی .

م١١٩: هەر پارێزگایەك یان زیاتر دەتوانن لەرێگەی ریفراندۆمەوەهەرێم پێك بهێنن.

- م٥٨/١٤٠/ : ئەنجامــــدانی ریفرانــــدۆم لەکــــەرکوك و ناوچەکوردســــتانیەکان بۆدیاریکردنی ئیرادەی هاووڵاتیان تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ .

- م ١٢٦/د :هەموارکردنی دەستور بەریفراندۆمی گشتی .

- م١٢٦/چوارەم :نـابێ هـەمواری دەسـتور بکـرێ ئەگـەر لەدەسـەڵاتەکانی هـەرێم کــەم بکاتەوەتــەنها بەرەزامەنــدی دەســەڵاتی یاســادانانی هــەرێم نــەبێ و بەرەزامەندی دانیشتوانی هەرێم بەریفراندۆمی گشتی.

- م٢٠: بەشداریکردن لەکاروباری گشتی (التیَویت ،الأنتخاب ،التشریح).

گەلی عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە بە تەواوی ویستی خۆمان بە ئازادانە و ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکگرتنی ئارەزوومەندانەمان داوەو ..... پابەندبوون بەم دەستوورەش یەکێتی ئازادانەی گەل و خاك و سەروەری عێراق دەپارێزێ".

یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە هاتۆتە ئاراوە، لە بنەڕەتدا یەکگرتنی باشووری کوردستان بووە لە گەڵ عێراقی عەرەبی لە ڕیگەی ریفراندۆمەوە لە سەر پرۆژە دەستووری ٢٠٠٥، هەروەها پیشێلکردنی دەستوور ماف دەداتە ئەم یەکێتییە ئارەزوومەندانە کە بە پابەندی یەکێتی خاك و گەل و سەروەری عێراق نەبێت و، ئەمەش وەك چۆن بە ریفراندۆم یەکێتییەکە ئەنجامدرا، ئاواش بە ریفراندۆم پێچەوانەکەی ئەنجام بدرێت سەبارەت بە هەرێمی کوردستان.

٢- لە ماددەی یەکەمی دەستووردا هاتووە "...... ئەم دەستوورە گەرەنتی یەکێتی عێراق دەکات"، بە هەمان شێوە ئەگەر ئەم دەستوورە پێشێل کرا ناتوانێت ئەو گەرەنتییە بکات[1]. ئەمەش دەرفەت دەدات بە هەرێمی کوردستان کە پابەندی پاراستنی ئەو یەکێتییە نەبێت.

٣- دەستووری عێراق کیانی سیاسی هەرێمی کوردستانی دروست نەکردووە، بەڵکو تەنها دانی پێداناوەو، بە هۆیەوە یەکێتی ئارەزوومەندانەی دروستکردووە، ئەم جیاوازیەش بە روونی لە

1 Article 1: ...... and this Constitution is a guarantor of the unity of Iraq .

نێوان هەرێمی کوردستان و هەرهەرێمێکی دی کە دروست دەبێت لە ئایندە لە ماددەی ١١٧ دا دەردەکەوێت کە دەڵێ "١- ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەهێنێت وەك هەرێمێکی ئیتیحادی"[1].

هەر بۆیە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق لە یەکگرتنی دوو کیانی سەرەکی درووست بووە نەك لە دابەشبوونی بۆ دوو کیانی قانونی – سیاسی.

٤- دەسەڵاتی ئیتیحادی دەرفەتی تەواوکاری فیدراڵی بە عێراق نەداوە، هەروەکو چۆن لە رێگەی پێشێلکردنی دەستوورەوە دەرفەتی تەواوکاری جوگرافی و مافە دەستووریەکانی بە هەرێمی کوردستان نەداوە، هەروەها بێ لایەنی ئیجابی لە پیادەکردنی دەسەڵات و پەیگیری بە دەستوورەوە دەرك پێناکرێت، کە دواتر باسیان دەکەین.

٥- بە پێچەوانەی زۆر لە دەستوورە فیدراڵیەکان، لە دەستووری عێراقی فیدراڵیدا، یاسای ئیتیحادی ئەولەیەت و پێشەنگی و باڵایی نییە بە سەر دەستوور و یاسای هەرێمەکان لە کاتی بوونی تێکگیران و ناکۆکی لە سەر یاسایەك لە دەرەوەی دەسەڵاتە

1 Article 117 / 1: This constitution, upon coming into force, shall recognize the region of Kurdistan, along with its existing authorities, as a federal region

تایبەتەکانی ئیتیحادی[1].

٦- ئەگەر سەرنج بدەینە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، وەك دەستوورێکی کاتی، دەبینین کە سیستەمی فیدراڵی عێراق لە سەر بنەمای راستییە جوگرافی و مێژووییەکان دارێژراوە[2] (٥٠)، بە بۆچوونی ئێمە ئەم روونی و راشکاوییە لە دەستووری عێراق نەهاتووە، لە جیاتی ئەوە ماددەی ٣ لە دەستووری عێراق ٢٠٠٥ وێنەی فیدراڵیەتی فرە رەگەز دەکیشێ ، هەروەها لە ماددەی ٤ دا باس لە دوو زمانی سەرەکی و فەرمی کوردی و عەرەبی و ئەوانی دی دەکات و، لە ماددەی ١١٧و ١٤٠ و پەیوەندیدارەکان باس لە جوگرافیایەکی جیاوازو تایبەت دەکات بۆ باشووری کوردستان، هەر بۆیە شکڵی فیدراڵیەت لە عێراقدا لە روویەکەوە نەتەوەییە و، سەبارەت بە فیدراڵیەتی پارێزگاکانیش کارگێرییە، ئەمەش هاوکاری دەکات کە ریفراندۆم بۆ نەتەوەیەکی جیاواز لە سنوور و جوگرافیایەکی تایبەتدا رەوایی وەربگیرێت بۆ پیادەکردنی مافی چارەنووس[3].

---

1 بڕوانە ماددەکانی ١١٠ و ١١٥ و ١٢١ لە دەستووری عێراق ٢٠٠٥.

2 بڕوانە ماددەی ٤ لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤.

3 بۆ زانیاری زیاتر لە سەر شێوەکانی فیدراڵیەو زانیاری سەبارەت بەم باسەوە بڕوانە: د. عثمان علي ويسي، الطبيعة الديناميكية للدستور الفدرالي، متشورات زين الحقوقية، ط١، ٢٠١٥، ص ١٦٣ – ١٧٩ وة و ٦١٥ – ٦٢٥، هەروەها←

لـه گـەڵ ئەوەشـدا، ئەگـەر مـاف جیابوونـەوەی هەرێمـەکان یـان سـەربەخۆییان لـە دەسـتووری فیدراڵیـدا نـەهاتبوو، ئەمـە ئـەوە ناگەیێنێت کە ئەم مافەیان لێ زەوتبکرێت، بەڵکو رویۆشوێنی یاسایی هەیە کە مافە پیادەبکرێت[1].

هـەروەها ئـەم لایەنـە لـە پـرۆژە دەسـتووری ٢٠٠٩ی هـەرێمی کوردسـتاندا هـاتووە کـە دەڵـێ "گـەلی کوردسـتان – عێـراق مـاف دیاریکردنی چارەنووسـی خـۆی هەیـە و بـە ویـستی ئازادانـەی خـۆی ئـەوەی هەڵبـژاردووە کـە کوردسـتان هـەرێمێکی فیـدراڵی بـێ لـە چوارچێوەی عێراقدا مادام عێراق پابەند بێ بـە سیـستەمی فیـدراڵی، دیموکراتی، پەرلەمانی، فرەلایەنی و مافەکانی تاك و کۆی مرۆڤـەوە، بەو جۆرەی کە لە دەقی دەستووری فیدراڵیدا هاتووە"[2].

---

←الـدکتور یوسـف گـۆران، التنظـیم الدسـتوري للمجتمعـات التعددیـة في الـدول الدیمقراطیة، مرکز کردستان للدراسات الإستراتیجیة، ٢٠١٠، ص ٢٣٧ – ٢٥٠.

1 بروانە: الدکتور شورش حسن عمـر، خـصائص النظـام الفـدرالي في العـراق، مرکـز کردستان للدراسات الإستراتیجیة، السلیمانیة، ٢٠٠٩، ص ٤٤ – ٤٨.

2 ماددەی ٧ لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق ساڵی ٢٠٠٩.

## ٢-١-٢ ریفراندۆم لە پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان

پەرلەمان دەسەڵاتی تەقدیری هەیەبۆ ڕێکخستنی سیستەمێکی ڕێکاری بۆ ریفراندۆم لەسەر ئەو پرسانەی پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتی وڵات، لە وانەش ڕێکەوتننامە نیودەوڵەتیەکان.

کەواتە لە چەندین بابەت و بڕیاری گرنگدا، گەڕانەوە بۆ رای دەنگدەری تایبەت یان گشتی بە دەستووری کراوە، ماف چارەنوسیش کە مافێکی سروشتی و دیموکراسی و پرینسیپ و ڕێسایەکی پەسندکراوی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیی و ڕێکخستنی نێودەوڵەتییە، دەبێت پابەندی رۆحی دەستوور و یاسای نیودەوڵەتی بێت، بە تایبەت کە عێراق ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکانە و، پابەندە بە پرینسیپێکی ئیلزامی ئەم ڕێکخراوەو، هەروەها عێراق لە ساڵی ١٩٧٠ موسادەقەی هەردوو پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانی بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان و مافە ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیریەکانی ساڵی ١٩٦٦ کردووە، دوای ڕێکەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠و، بە شێوەیەکی فەرمی لە ١٩٧١ چووەتە ناو ڕێکەوتننامەکە.

## ٢-٣ ئامرازەکانی داواکردن و پیادەکردنی مافی چارەنووس

ئەگەر گەلێك بیەوێت سەربەخۆ بێت، دەبێ ئامرازی داواکردن و ئامرازی پیادەکردنی بەرقەرار بکات، بە کورتی لە خوارەوە ئامـاژەی بۆدەکەین:

### أ. ئامرازەکانی داواکردن

لە سەرەکیترین ئامرازەکانی داواکردن بۆ سەربەخۆیی بـریتین لـە بوونی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی ، راگەیانـدن و ئەنجامـدانی کـۆڕ و کۆبوونـەوەی سیاسـی، ئامرازەکـانی ئاشـتی، بـوونی کیـان لـە نـاو یەکەیەکی ئیتیحادی، رووبەرووبونەوەی گەلێك بە تاوانی نیودەولەتی بە تایبەتی جینۆساید.

### ب. ئامرازەکانی پیادەکردن

لە دیارترین ئامرازەکانی پیادەکردنی مافی چارەنووس، ریفرانـدۆم و ، بڕیاری پەرلەمان و، بریاری سەرۆك یا سـەرکردایەتی بزوتنـەوەی رزگاری نیشتمانی (بە پالپشتی شـەرعییەتی شۆڕەشـگێری لـە کـاتی سەرکەوتنی خەباتی چەکداری یان لـە میانـەی دان و سـتان لـە گـەل دەسەلاتی ناوەندی) ، یان سەرۆکی هەلبژێراو کە مەرسـوم دەربکـات بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، یان لە رێگەی بڕیارێکی نێودەولەتی[1].

## ٢-٤ ئاستەنگەکانی بەردەم ئە نجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانی باشووری کوردستان

ئامـانجی ئەنجامـدانی ریفرانـدۆم، گەیانـدنی پـەیامی خـەلکی کوردستانە بۆ کۆمەلی نێودەولەتی کە دەکرێت کوردستان سـەربەخۆ

1 الحاكم عبدالرحمن سليمان الزيباری، المصدر السابق، ص٣٩٨.

بێت و، لەم ناوەشدا هاریکاری ئیجابی کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەبێت بۆ دەستەبەرکردنی خواستە دیموکراسی و مەدەنیەکان، بە لە بەرچاوگرتنی ئەم سەرنجانەی لە سەرەوە باس کران، باشووری کوردستان شەرعییەتی یاسایی ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەیە، لە هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوخۆی عێراق و کوردستان، ئەگەر ئەو راستیە لە بەرچاو بگرین کە لە رۆژهەلاتی ناوین چوار نەتەوەی سەرەکی هەیە و، کوردستانیش کۆلۆنالیەکی نێودەوڵەتییە، ئەوا ئاستەنگی جۆراو جۆر هەیە:

## یەکەم: ئاستەنگی نێودەوڵەتی

نەتەوەی کورد و جوگرافیای کوردستان بە سەر هەرسێ نەتەوەی سەرەکی فارس و تورك و عەرەب دابەش بووە، هەریەکە دەوڵەتی بەهێز و سەربەخۆیان هەیە و، لە ئاستی هەرێمی مەرکەزیەتییان هەیە و، بەرژەوەندی نێودەوڵەتی لە ئارادایە و، ئەستەمە باوەڕ بە وە بکرێت کە هاندەر یان یارمەتیدەر یان بە بێ گرفت تەماشای ئەنجامدانی ریفراندۆم بکەن لە باشووری کوردستاندا.

ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی دانپێدانان هەیە، ئەوە پێویستی بە کاری هەموو کوردستانییەك و پارتە سیاسیەکان و دامەزراوەکان هەیە. ئایا کوردستان دەتوانێ هاوپەیمانییەك، یان کۆبەندێکی پارتە نێودەوڵەتیەکان، یان رێکخراوێکی نێودەوڵەتی یان هەرێمی بکاتە هەماهەنگی ئەنجامدانی ریفراندۆم. ئەستەمە کۆمەڵی نێودەوڵەتیش

بە هیز و توانای ماددی و مەعنەوی لە ئێستادا پشتیوان بێت و بڕیاری نێودەوڵەتی هەبێت بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم.

### دووەم: ئاستی ناوخۆ

گرفتی سیاسی لە ناوخۆی باشووری کوردستاندا هەیە، کە پەیوەستە بە متمانی سیاسی نێوان لایەنە سیاسییە سەرەکیەکانی باشووری کوردستان، بەڵام وەك مێژووی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە زۆر لەو شوینانەی ریفراندۆمی نیشتمانی تێدا ئەنجامدراوە، ئاساییە کە هەموو پارتە سیاسیەکان رەزامەند نەبن لە سەر ئەنجامدانی ریفراندۆم. بەڵام تۆکمەکردنی بەرەی ناوخۆی کوردستانی دەبێتە فاکتەری هەرە بەهێز بۆ پێکانی ئامانجەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم، لەم رووەوە پێویستمان بە تۆکمەکردنی یەکێتی نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە.

### سێیەم: نەبوونی یاسا

هەرچەندە لە گوتاری سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان لە ٣ی تەمووزی ٢٠١٤ هاتووە کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دروست بکرێت و بۆ ریفراندۆم خۆمان ئامادە بکەین، بەڵام کە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی دروست بوو، یاسای

ئەنجامدانی ریفراندۆمی دەرنەکرد[١].

نەبوونی یاسای هەڵبژاردن یـان بڕیـارێکی نێودەوڵـەتی گرفتێکـی یاساییە لە بەردەم ئەنجامـدانی ریفرانـدۆم، بـەڵام بێگومـان هەمیـشە دەبێ دەرفەتێك هەبێت لە بەردەم ئەوەی کە هیچ پاساوێك ئـیرادەی رەوای گەل بۆ مافی رەوا کۆت و بەند نەکات.

1 یاسای ژمارە ٤ی ٢٠١٤ کە لە دانیـشتنی پەرلـەمان ژمـارە ١٨ لـە رۆژی ٢٧ی ٧ ی ٢٠١٤ دەنگـی بـۆدرا، بـە گـوێرەی مـاددەی دووەم برگـەی یەکـەم، تاکـە دەسەڵاتە بـۆ ئەنجامـدانی هەڵبـژاردن و راپرسـی لـە سەرتاسـەری کوردسـتانی عێراقدا.

## ٣- میكانیزمی ئەنجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانی لە باشووری كوردستان

ریفراندۆم بە شیوەیەكی گشتی پرسێكی گرنگی سیاسی و یاسایی بووە لە باشووری كوردستان، بە تایبەت ریفراندۆمی نیشتمانی، لە خوارەوە باسی پێشینە و رێوشوێن و میكانیزمی ئەم پرسە دەكەین.

### ٣-١ پێشینەی كاری ریفراندۆمی نیشتمانی

خەباتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كوردستان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان بووە[1] ، هەروەها ئەم پرسە لە دوو دەیەی رابردوودا، سێ جار باس كراوەو بیری لێكراوەتەوەو، لە هەندێ جاردا بە سیستەماتیك كراوە:

أ- كەمپینی نێونەتەوەیی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان: ئەم كەمپینە دوای وەستانی شەڕی ناوخۆو، رێكەوتننامەی نێوان هەردوو پارتی حوكمڕان لە ١٧ – ١٠ – ١٩٩٨ كە بە رێكەوتننامەی واشنتۆن ناسراوە دروست بووە.

---

1 بڕوانە: دكتۆر جاسم تۆفیق خۆشاو، مەسەلەی كوردو یاسای نێودەوڵەتان، لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی ی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٤٤٢– ٤٤٣. لە ساڵی ١٩٢٠ لە كۆنگرەی قاهیرە كە وەزیری كۆلۆنیاڵەكان ونستۆن تشرشل ئامادەبوو مافی ئەوە درا بە كورد كە لە ریگەی ریفراندۆمەوە بڕیار لە جارەنووسی پەیوەندی خۆی لە گەڵ دەوڵەتی عێراق بدات، كە بڕیار بوو دروست بكرێت.

ب ــ  بزووتنەوەی ریفراندۆم: ئەم بزووتنەوەیە لە ناوەراستی ساڵی ٢٠٠٣ دروست بوو، ئێستاش بەردەوامە . وەك بزاوتێكی مەدەنی ریفراندۆمی نافەرمی لە گەڵ ٣١ی ١ی ٢٠٠٥ دا ئەنجامدا و، جۆرێك بوو لە را وەرگرتن و نارەزایی گەلی سەبارەت بە بەردەوامبوونی دەوڵەتی عێراق لە پێشێلكردنی مافەكانی گەلی كوردستان.

ت ــ پەیامی سەرۆكی هەرێم لە نەورۆزی ٢٠١٢ تیایدا هاتووە : ":بەر لە زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ كورد راپەری و دیكتاتۆریەتی قەبول نەكرد، لەو رۆژەوە كورد لە تێكۆشان و بەرخوداندا بووە لە پێناوی ئازادی و سەربەستی تا ئیمرۆ، ئەمەش زۆر مانا هەڵدەگرێت مانای ئەوەیە كە ئێمە میللەتێكی زیندووین و میللەتێكین بندەستی و زۆرداری لە كەس قەبول ناكەین، میللەتێكین ئەبێ ئازاد بین و بە ئازادی بژین، ئەمە دەرسێكە بۆ ئێمە و هەموو خەڵكی دی".

پوختەی ئاراستەی سەرۆكی هەرێم لە گەرانەوە بۆ رای گەل، لەم پاساوانەدا خۆی دەبینێتەوە:

كاتی ئەوە هاتووە هەموو راستیەكان بۆ خەڵكی كوردستان و بۆ خەڵكی عێراق روون بكرێنەوە با بزانین خیلافی ئێمە لەسەر چییە، خیلافی ئێمە لەسەر ئەمەیە:

**یەكەم**: پابەندنەبوون بە دەستوور كە رۆژانە خەرقی ئەو دەستوورە دەكرێت.

**دووەم**: شەراکەتە لە حوکم لـە بـەینی کـورد و عـەرەب (یـەعنی عەرەبی شیعی و عەربی سوونی) لەگەڵ ڕیزگـرتن و بەشـداری کردنـی پێکهاتەکانی دی کە ئێستا ئەو شەراکەتە مانایەکی نەماوە.

**سێیەم**: جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکانی هەولێرە کە پشت گوێ خراون و جێبەجێ نـەکراون. بـە موجـەرەد بـە گەیـشتنیان بـۆ سـەر حوکم هەموو ڕێککەوتنێکیان لە بیر چوو.

**چـوارەم**: لەسـەر کـەرکوك و ناوچـە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە هەمیشە خۆیانی لـێ ئەدزنـەوە، ئێمـە ئـەو پـەری مرونــــەتمان بــــەکارهێنا،........، ئێمــــە هــــەوڵمان داوە و کەمتەرخەمیشمان نە کردووە، بـەڵام نیـەتێکی پاکمـان پیـشان داوە ویستمان لە ڕێگەی دەستوورەوە چارەسەر بکرێـت، ئێمـە وامـانزانی خەڵك ڕێزی پەیمان دەگرێت، ڕێزی ئیمزای خـۆی دەگرێـت، بـە پێـی دەستوورێك چارەسەری ئەو کێشانە دەست نیشان کـراوە، بێگومـان ئەگەر بە پێی دەستوور چارەسەر کرابا و ئێستاش چارەسەر بکرێـت ئەمە پەسەندە، بەڵام مومکین نییە ئێمە واز لەم بابەتە بینین چونکە مەسەلەیەکی لە مەبدەئی مەبەدەئی ترە بۆ ئێمە.

**پێنجەم**: مەسەلەی پێشمەرگە هەموو ئەزانن پێشمەرگە چ ڕۆڵێکی بووە بۆ هەموو عێراق ئێستا وەکـو دوژمـن، دوژمنایـەتی پێـشمەرگە دەکـەن ئەمـە پێـنج شـەش سـاڵە هەرچـی میزانییـەی پێـشمەرگەیە دزیویانە ناهێڵن بێت بۆ کوردستان.

**شەشەم**: مەسەلەی نەوت و غاز لە ساڵی ٢٠٠٧ لە مانگی شوباتی

٢٠٠٧ ئێمە ڕێکەوتنمان کرد لەسەر پرۆژەیەك بۆ نەوت و غاز کە بچێت بۆ پەرلەمان، ئەگەر تا مانگی ٥ی ئەو ساڵە لە پەرلەمان دەرباز نەبوو هەردووك لامان هەرێم و حکومەت بۆیان هەیە گرێبەست ئیمزا بکەن، ئێمە بە پێی دەستوور هیچ خیلافێکمان نییە نەوت و غاز مولکی عێراق و واریداتیشی بۆ هەموو خەڵکی عێراقە کەواتە بۆ قانونەکە نانێرن بۆ پەرلەمان، بەلام هەر کۆمپانیایەك بێت بۆ ئەوەی گرێبەستێك لەگەل هەرێم ئیمزا بکات ئەوان شێت ئەبن، لە بەغدا ئەزانن ئەمە دەستووریە، کێشە ئەوە نییە کە ئەو گرێبەستانە دەستووری نیین، بەلام چاویان هەڵناهێت و دژی ئەوەن کە کوردستان پێش بکەوێت.

**حەوتەم**: خاڵی دی دروستکردنی سوپایەکی یەك ملیۆنییە کە وەلای بۆ یەك نەفەر بێت و "سوپایەکی نیشتمانی نەبێت"[1].

هەروەها دەڵێت: "کاتی ئەوە هاتووە بڵێین ئیتر بەسە، عێراق بەرەو هەڵدێر دەچێت، خەریکە چەند کەسێك حوکمی عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت ببەن، عێراق لە قەیرانێکی جددی دایە. بە نسبەتی ئێمە بە هیچ شێوەیەك قابلی قەبول نییە بەردەوام بوونی ئەم وەزعە، بۆیە داوا لە رابەرانی هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکانی عێراق، تێکرای عێراق دەکەم، هەرچی زووتر دانیشن و بەپەلە چارەسەرێك بۆ ئەم وەزعە بدۆزنەوە ئالیەتی بۆ دابنێن و، لە کاتێکی کورت

---

1 دەقی پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢١ – ٣ – ٢٠١٢ .

چارەسەری ئەم وەزعە بکرێت، ئەگینا، ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ میللەتی خۆمان وە بڕیاری کۆتایی میللەتی ئێمە دەیدات پاشان با کەس گلەیی نەکات"[١].

پ ـ لە ڕاگەیاندنی هاوبەشی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لە گەڵ پارتە سیاسیەکان لە ٢٧ – ٣ – ٢٠١٢ هاتووە : سەبارەت بەئەگەرەسیاسیەکانی ڕۆژهەلأت و ناوچەکەو کوردستانیش، کۆبوونەوەوەکو مافێکی یاسایی و دیموکراسی جەختی کردەوەکەگەلی کوردستانیش وەکو هەموو گەلانی جیهان سوود لەهەر هەلێکی گونجاو ببینێت بۆ دیاری کردنی ماف چارەی خۆنووسین و بەدی هێنانی ئامانجە هەتا ئێستا بەدی نەهاتووەکانمان[٢].

ج ـ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی کە لە ٢٠١٤ یاسای بۆ دەرچوو[٣].

---

1 پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢١ – ٣ – ٢٠١٢
http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=830G5e8rYsE=

2 ڕاگەیاندنی هاوبەشی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ پارتە سیاسیەکان لە ٢٧ – ٣ – ٢٠١٢، لەم پێگە ئەلکترۆنییە ببینە:
http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=bfaN9CnejL4=

3 یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٤، بە بڕیاری ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠١٤ لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە پەسند کرا.

کەواتــە دەســەڵاتی سیاســی و پارتــە سیاســیەکان و لیژنــە و بزوتنەوەی ریفراندۆم لە باشووری کوردستان، جەخت لە ئەنجامـدانی ریفراندۆم دەکەنەوە.

لە هەموو بارێکدا، راگەیاندنی سەرکردەکان گرنگە بۆ ئەنجامدانی راپرسی ومانای یاسایی و سیاسی هەڵدەگرێ، بـۆ نموونـە: ئەگـەر لـە راپرسی کۆمارەکانی بەلتیك وردبینەوە دەبینین کە لە زستانی ١٩٩١ دا کـرا، سـەرکردەکانی بـە ئاشـکرا رایانگەیانـد، کـە ئامانجمـان لـە راپرسـی، ئەوەیـە کـە وەڵامـی ئـەو پڕوپاگەندانـەی سـۆڤیەتی کـۆن بدەینــەوە، کــە دەیگــووت، تــەنها چــەند گرووپێکــی تونــدڕەوی نەتەوەیین، داوای سەربەخۆیی دەکەن و دەیانەوێ لە ژێر دەسـەڵاتی سۆڤیەت بچنە دەرەوە[1] .

## ٣- ٢ لەچ کاتێکدا ریفراندۆمی نیشتمانی ئەنجام بدرێت

گشتپرسی بۆ وەرگرتنی رای خەڵك ئەنجام دەدرێت لـە بابـەتێکی دیـاریکراودا، لـە ریفرانـدۆمی نیـشتمانی کاتێـك ئـەنجام دەدرێـت کـە گەلێکی دیاریکراو، لە بـارودۆخێکی گونجـاودا، بەرژەوەندیـەکانی بـۆ سەربەخۆیی بەهێز و کاریگەر بێت و، پانتاییەکی فراوانی رای گشتی رەزامەنـد بێـت و، شـەرعییەتی قـانونی لـە ئارادابێـت. گـەلان کـاتی

1 تـۆم گـولبێری، ریفرانـدۆم باشـترین شـێوازی خەباتـە، وەرگێڕانــی ئیـدریس ئیبراهیم، چاپی یەکەم، سلێمانی،٢٠٠٤، ل٩٥.

گونجاویان بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی نیشتمانی هەڵبژاردووە، یان کارەکتەرێکی سیاسی یان پارتێکی سیاسی یان چەند پارتێك یان هەموو ئەم ئەرکەی لە خۆ گرتووەو پرسی ریفراندۆمی نیشتمانی خستۆتە روو.

ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ مافی چارەنووس لە گەڵ کۆتایی سەردەمی کۆلۆنیالیزم بە تایبەت لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە لە گەڵ راگەیاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە سەبەخۆییدان بە گەلان و ولاتانی کۆلۆنیکراو، بە بریاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ١٥١٤ لە ١٤ کانونی یەکەم ١٩٦٠.

دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بە تایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا – بە بارێکی گران لە جەنگی جیهانی دووەم دەرچوون، هاوکێشەیەکی نوێ بە دەرکەوتنی هەردوو لایەنی سەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت وەك دوو جەمسەری سەرەکی هاتنە ناو رێکخستنی پەیوەندیە نیودەوڵەتیەکان و بریاردان لە ناو ئەنجوومەنی ئاسایش و بلۆکبەندی جیهانی. بەم شێوەیە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٥٨سەربەخۆیی زاتی وەك هەنگاوی یەکەم بەرەو سەربەخۆیی تەواو خستە روو ، ئەمەش بە یاسایەك کە بە یاسای ساڵی ١٩٥٦ ناسراوە، ئەم ریفراندۆمە گەلیانەش لە رێی ئەم یاسایانەوە ، وەك دەرچەیەکی شەرەفمەندانە بۆ ئازادی گەلان ناسراوە[1] .

1 – موسوعة الجزيرة، ٣١ – ١٢ – ٢٠١٥، على الموقع التالي :
http://www.aljazeera.net/encyclopedia/conceptsandterminology

لە ئێستادا، بۆ باشووری کوردستان ئـەو پرسـیارە دێتـە ئـاراوە، ئەگەر کۆمیونیتـەی زۆرینـەی بـاڵا دەسـتی عـەرەب لـە عێراقـدا وەك هاوڵاتی پلە دوو مامەڵەی لە گەڵدا کـردووە، دەسـتووری هەمیـشەیی جێبەجێنـەبوو، تـاك و گـەلی کوردسـتان هەسـتیان بـە شـکۆمەندی مرۆیی نەکردوو، ناکۆکی توندی سیاسی و ناسیاسـی بـەردەوام بـوو، خەڵکی کوردستان هەستیان بە ئاشتی و ئارامی نەکرد، ئایا دەرفـەت و کاتی ریفراندۆمی نیشتمانی نابێت؟

لە کۆبوونەوەی بارزانی لە گەڵ لایەنە سیاسیەکان لـە ١٨ – ٥ – ٢٠١٥ داوای پێکهێنـانی لیژنەیـەك کـرا بـۆ ئەنجامـدانی ریفرانـدۆم و راگەیانـدنی سـەربەخۆیی و ، لیژنەکـەش لـە گـەڵ لایەنـە هـەرێمی و نیودەوڵەتیەکان ئەم باسە بخاتە روو .

لە ٢٦ی / ١ / ٢٠١٦ کۆبوونـەوەی نێـوان بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێم مسعود بارزانی و پارتـە سیاسـییەکانی هـەرێمی کوردسـتان گەیـشتە ئەم بڕیار و ئەنجامانە[1]:

---

1 ڕۆژی سێشەممە ٢٦ـی ١ـی ٢٠١٦ لە سەلاحەدین سەرۆك و سـکرتێر و نوێنـەری پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بـە مەبەسـتی گۆڕینـەوەی ڕاوبۆچـوون لەسەر پرسە هەنووکەییەکانی هـەرێمی کوردسـتان و گەییـشتن بـە کـۆدەنگی و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ گرفتـەکان لەگـەڵ مەسـعود بارزانیـدا کۆبوونـەوە. لـە کۆبوونەوەکەدا، کە کۆسرەت ڕەسـول و هـەروەها سـەرۆك و جێگـری سـەرۆکی حکوومــەت ئامــادە بــوون، ســەرەتا بــارزانیوتەیــەکی بــۆ ئامــادەبووانی کۆبوونەوەکە پێشکەش کرد و باسی بارودۆخی سیاسـیی هـەرێمی کوردسـتانی کـرد و داوای لـە ئامـادەبووان کـرد، کـە لـە کۆبوونەوەکـەدا بەشـێوەیەکی بەرپرسیارانە بیر لە چارەسەرکردنی بارودۆخەکە بکەنەوە .

**یەکەم**: بەشداربووانی کۆبوونەوەکە پاڵپشتیی خۆیان بۆ پرۆسەی ریفراندۆم راگەیاند و بە پێویست زانرا کە بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم کۆدەنگییەکی نیشتیمانی ساز بدرێت ئەویش لە رێگەی یەکخستنەوەی ناومالّی کوردستان و پتەوترکردنی متمانەی نێوان لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستان. هەر پەیوەست بەم باسەوە لایەنە سیاسییەکان ئەوەیان دووپات کردەوە کە پێویستە ئەو دەرفەتە بە خەڵکی کوردستان بدرێت کە رای خۆیان لەبارەی چارەنووسی خۆیان بە جیهانییان رابگەیێنن.

**دووەم**: بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەوە هاوڕابوون، کە پێویستە بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکان هەرچی زووە پەرلەمان کارا بکرێتەوە و زەمینەیش بۆ ئاشتەوایی سیاسی نێوان لایەنەکان خۆش بکرێت و بۆ ئەو مەبەستەیش بریار درا کۆمێتەیەکی تایبەت پێکبهێندرێت، کە ئەرکەکەی بریتی دەبێت لە زەمینەسازی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت و چارەسەری پرسی سەرۆکایەتی و سەرخستنی ریفراندۆم، هەروەها ئەو کۆمیتەیە لە ماوەی حەفتەیەکدا کارەکانی تەواو دەکات و ئەنجامەکانی دەخاتە بەردەم کۆبوونەوەی داهاتووی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم**: سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، کۆبوونەوەکە جەختی کردەوە کە هەرێمی کوردستان نابێتە بەشێك لە ململانێکانی ناوچەکە و تەئکیدی لە سەر پاراستنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافە دیموکراتییەکانی گەلی کوردستان کردەوە.

**چوارەم**: کۆبوونەوەکە بە پێویستی زانی کە دیالۆگ و دانوستان لەگەڵ بەغدا بەردەوام بێت لە پێناو گەییشتن بە چارەسەرکردنی کێشەکان.

سەبارەت بە راگەیاندنی هەڵویستی حزبەکان، ئێوارەی رۆژی (٢٠١٦/٢/١١) مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە سەرپەرشتی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتیی و بە ئامادەبونی جێگری دووەم و تەواوی ئەندامانییەوە، کۆبوونەوەی ئاسایی لەسەر دۆخی ئێستای کوردستان ئەنجامدا، سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم لە راگەیێنراوەکەدا هاتووە:

یەکێتیی، هەردەم لەگەڵ مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەکەمانە. بۆیە، جەختدەکەینەوە، کە لە هەلومەرجی رەخساودا، لە کوردستاندا ریفراندۆم بە مافی دیموکراسی و یاسایی گەلەکەمان دەزانین. چاوەڕوانی گەلی عەرەب و تورکمان و خەڵکی دیکەی عیراق و گەلانی ناوچەکەین، لە بەدیهێنانی ئەم مافەدا، پشتیوانی گەلی کوردستان بن) [1].

هەروەها بزووتنەوەی گۆڕان لە راگەیاندنی پرۆژەیەکی هەمەلایەندا، دەڵێت: ڕێفراندۆم پرسێکی نیشتمانییە نەك حیزبی، بۆیە پێویستە بڕیاردان لەسەر ئەم پرسەو ڕێکارە یاساییەکانی بسپێردرێت بە پەرلەمانی کوردستان و ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتە

1 راگەیێنراوی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەم پێگەیە :
http://www.xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=59545&Jor=1

بـەر بـۆ ئەنجامـدانی ریفرانـدۆم لەسـەر سـەربەخۆیی کوردسـتان تـا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ [1] ).

## ٣-٢ میکانیزمی ریفراندۆمی نیشتمانی لە باشووری کوردستاندا

ریفرانـدۆم لـە سـەر داواکـاری دەسـەڵاتی راپەڕانـدن دەبێـت بـۆ ئەنجامدانی هەموارێکی دەستووری یان یاسایەك یان کارێکی سروشت ئابووری یان کۆمەڵایەتی .. هتـد کـە ببێتـە جێگـای کێـشمە کێـشمی جەماوەری و رای گشتی. هەروەها دەکرێ لە سەر رای پەرلەمان یان گەلی یان هەردوکیان بەیەکەوە بێت، بۆ نموونە لـە سویـسڕا زۆربـەی ریفراندۆمەکان لە رێگەی دەستپێشخەری گەلەوە ئەنجام دەدرێن [2].
سەرەکیترین کارەکتەرەکانی بەشدار لە بڕیاری ریفراندۆم لە باشووری کوردستان بریتین لە:

**__یەکەم__**: لە باشووری کوردستان دەستەی سەربەخۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و راپرسی هەیە کە تاکە دەسەڵاتە بۆ ئەنجامدانی رێکـاری هەموو هەڵبژاردن و راپرسیە گشتیەکان لە سەرتاسەری کوردستان – عێراق [3].

---

1 خاڵی ٨ لە راگەیێنراوی پرۆژەی چاکسازی بزووتنەوەی گۆڕان لە ٢٠١٦/٢/١٤.

2 ئنسکلۆپیدیای جەزیرە، لە سەر ئەم سایتە:
http://www.aljazeera.net/encyclopedia/conceptsandterminology

3 یاسای ژماه ٤ی ساڵی ٢٠١٤ ، یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبـژاردن و راپرسـی، کـە لـە دانیـشتنی ئاسـایی ژمـارە ١٨ی رۆژی ٢٠١٤/٧/٢٣ دەنگـی بۆدراو، بە بڕیاری ژمارە ١٠ ی ساڵی ٢٠١٤ پەسندکرا و دەرچوێنرا.

**دووەم**: پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی باڵای یاسادانانە و، لە یاسای پەرلەماندا هاتووە کە :

پەرلەمان دەسەڵاتی هەیە: بۆ (بڕیاردان لە سەر ڕێکەوتنەکان و، یەکلاکردنەوەی کێشە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستان – عێراق، دیاریکردنی پێوەندی یاسایی لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی) [1]. هەروەها پەرلەمان مەرجەعی یاسایی و دەستووری و سیاسی هەرێمی کوردستانە[2]. بێگومان پەرلەمان شوێنی بە یاساییکردنی پڕۆژەو ئەرك و پێداویستییە یاساییەکانە و، پەرلەمان دەتوانێ یاسای ئەنجامدانی ریفراندۆم دەربکات.

**سێیەم**: ئایا هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی ئیتیحادی دەگەنە ڕێکەوتنێك و تێگەیشتنێك بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆبوونی باشووری کوردستان؟.

ئەگەر ئەم تێگەیشتنە بێتە دی، ئەوا هیچ گرفتێکی یاسایی لە بەردەم ئەنجامدانی ریفراندۆم دروست نابێت و، دەکرێت لە پەرلەمانی عێراقەوە یاسایەك بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی دەربکرێت. هەرەوەها دەکرێت لە پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایە دەربکرێت.

**چوارەم**: ئەگەر هەرێمی کوردستان بە بێ ڕەزامەندی دەسەڵاتی ئیتیحادی بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی دا، دەکرێت یەکگرتنی

---

1 بڕگەی ٢ لە ماددەی ٥٦ لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

2 بڕیاری ژمارە ١ی ٢٠٠٥ی پەرلەمانی کوردستان.

ئارەزوومەندانـە و پێـشێلکردنی دەسـتووری عێـراق و مـاف یاسـایی خـەڵکی کوردسـتان لـە بڕیـاردانی چارەنووسـی خـۆی بـۆ هێنانـەدی سەربەخۆیی هاوشان لە گەڵ زۆر لەو پاساوە یاساییانەی لە سەرەوە باسکران، ببێتە سەنتەری راگەیاندنی بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم و، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هـەردوو دەسـەڵاتی یاسـادانان و راپەڕانـدن لـە کوردستان هەماهەنگی بکەن بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە.

__پێنجەم__: ئایا باشـووری کوردسـتان دەتـوانێ پـشتگیری نەتـەوە یەکگرتوەکان یان یەکێتی ئەوروپا یـان رێکخراوێکـی نێودەوڵـەتی بـە دەست بێنێ بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەرپەرشـتی کردنـی؟، ئـەوا رەوایـی زیـاتر و کێـشە کـەمتر دەبێـت بـە مەبەسـتی هاوکـاری و دانپێدانان. زۆر لە گەلان بە بڕیاری نێودەوڵەتی ریفراندۆمیان ئـەنجام داوە.

گەلی کوردستان کە سیفەتی گەلی هاوبەشـی هەیـە لـە دەوڵـەتی عێراقـدا وەك یـەکێك لـە دوونەتـەوە سـەرەکیەکەی عێـراق (کـورد و عەرەب)، دەکرێ عێراق، هەروەها کۆمەڵی نێودەوڵەتی بە رەزامەندی دەسەڵاتی ئیتیحادی یان بە بێ رەزامەندی ئەوان هاوکار و پـشتیوان بێت لە ئەنجامدانی ریفراندۆم[1].

---

1 بڕوانە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە مافی چارەنووس، ماددەکانی ١ و ٢ و ٥٥. بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ١٥١٤ لە لە ١٩٦٠/١٢/١٤ ، و بڕیاری ١٥٤١ لە ١٩٦٠/١٢/١٥ و، بڕیاری ٢٢٠٠ لە ساڵی ١٩٦٦ وبڕیاری ٥٢٨٨ی ساڵی ١٩٦٩، بڕیاری ٢٦١٥ لـە ١٩٧٠/١٠/٢٤ و، بریاری ٢٦٧٢ لـە سـاڵی ١٩٧٠ و،←

**شەشەم:** هەروەها ئەگەر ئەمانە نەکرا، رای گشتی خەڵك بۆ پێشکەشکردنی پێشنیازی گەل بۆ پەرلەمانی عێراق و کوردستان و نەتەوە یەکگرتوەکان، رەوایی یاسایی دروست دەکات بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم.

---

←بڕیاری ٢٧٨٧ لە ساڵی ٢٧٨٧ لە ١٩٧١/١٢/٦ و، بڕیاری ٢٩٥٥ لە ١٩٧٢/١٢/١٢ و، بڕیاری ٣٠٧٠ لە ١٩٧٣/١١/٣٠ و، بڕیاری ٣٣١٤ لە ١٩٧٤/١٢/١٤ و، بڕیاری ٣٢٤٦ لە ساڵی ١٩٧٤ و، کۆنگرەی بەناوبانگی هیلسنکی لە ١/٨/ ١٩٧٥.

دەبێ ئەو راستییە لە بەرچاوبگرین کە: "بەیاننامەی رەسمی بەریتانیا و عێراق لە ١٩٢٢ دا خوارووی کوردستانی لە باکوور دابڕی، بەمەش بەندی ٦٤ ی سیڤەر و ئایدیای دەوڵەتی کوردی رەتکرایەوە، لێرەشەوە چارەنووسی کورد خەسڵەتی نێونەتەوەیی لێزەوتکراو کرا بە مەسەلەی ناوخۆ، هەرچەندە خەسڵەتی نێونەتەوەیی کێشەی کورد هەر دەمێنێت، کە نابێ دوور لە سیاسەت و رووداوەکانی جیهان و دوور لە یاسای نێودەوڵەتان سەیر بکرێت". بڕوانە: د. مارف عومەر گوڵ، پێوەندی مەسەلەی کورد بە یاسای نێودەوڵەتانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٢.

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین دەوڵەتان خۆ لەوە دەبوێرن، بە ئاشکرا پشتیوانی لە جیابوونەوەی هەرێمێکی ناو دەوڵەتێکی دیکەی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، چونکە زۆربەی دەوڵەتەکان، فرەنەتەوەو پێکهاتەن و دەترسن ئەم پشتیوانیەیان بۆ هەرێمێك، سەربکیشێتە فەوزاو ئاشوب و ناسەقامگیری ناوخۆش و دەوڵەتی خۆیان بگرێتەوە.

ئاسۆ کەریم، چەند سەرە قەڵەمێك لە بارەی جیابوونەوەی باشووری کوردستانەوە، بەشی دووەم، رۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٢٣٣١ لە ٨ – ٣ – ٢٠١٦، ل ٦.

**حەوتەم**: لە باودۆخی سیاسی باشووری کوردستاندا، بە بۆچوونی ئێمە، پارتە بەشداربووەکان لە حکومەتی هەرێم دەتوانن بڕیار بدەن و سەرۆکی هەرێم مەرسومی ئەنجامدانی ریفراندۆم دەربکات. ئەگەر پارتە سیاسیەکانی بەشداربوو لە حکومەتی هەرێم لە بەر هەر هۆو پاساوێك رازای نەبوون، ئەوا دەکرێ رای جیاواز هەبێت و، جیاوازی رای پارتە سیاسیەکان نەبێتە هۆی ئەنجامنەدانی ریفراندۆم.

پێویستە لێرەدا جەخت بکەینەوە کە ریفراندۆم رواڵەتێکی پیادەکردن و پراکتیزەکردنی حوکمە لە سیستەمی دیموکراسی نیمچە راستەوخۆدا، پرسی ریفراندۆمی نیشتمانی دەبێ لێکدانەوە لە سەر بنەمای گەل People Approach دابمەزرێت و، لە دیدگای گەل و نەتەوەی بێ دەوڵەت سەرچاوە بگرێت، چونکە ماف چارەی خۆنووسین مافی گەلە و، هاوسەنگی راگرتنی نێوان گەل و مافەکانی دیدا یان هەر رێکارێکی شکڵیدا دەبێ لە دوا ئەنجامدا بە قازانجی گەل ببڕێتەوە.

هەشتەم: بە رای ئێمە، سەرۆکی نیشتمان لە هەرێمدا (سەرۆکی هەرێم) [1] (٧١)، دەکرێ داوای گەڕانەوە بۆ رای گەل بکات و، پرسیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم بخاتە روو، لە هەموو بارێکدا گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکان و رەواییە.

---

1 وێڕای ئەو را جیاوازە سیاسیەی هەیە، پشت بەستوو بە بڕیاری ئەنجوومەنی شورا .

بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سـەرۆکی هـەرێم بەرپرسـە لـە رێکخـستنی پەیوەنـدی نێـوان هـەرێم و بەغـدا، چـونکە (هاوڵاتیانی کوردسـتان – عێـراق بـە دەنگـدانێکی گـشتی و نهـێنی و راستەوخۆ، سەرۆکیَ بۆ هەرێم هەڵدەبژێرن کە لە سەر ئاستی ناوخۆو ئاستی دەرەوەش نوێنەرایەتییان دەکـاو، بـە ناویانـەوە دەدوێـت و، هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدراڵیەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات) [1] (٧٢). بە لۆژیکی ئـەم ماددەیـە و وەك پێگـەی یاسـایی و سەروەری، دەکرێت سەرۆکی هەرێم پرۆژەی ریفراندۆم بخاتە بەردەم گەل.

ئەگـەر دەسـەڵاتەکان لـە سیـستەمی پەرلـەمانی و عـورف ئـەم سیستەمە بە گشتی هەماهەنگ بن لە بڕیاردان و دارشتنی سیاسـەتی گشتی وڵات ئەوە کارێکی رەواو گونجاوو دەسـتوورییە، بـەڵێ ئەگـەر دەرفـەتی ئـەم هەماهەنگیـە لـە سـاتێکدا نـەبێت ، یـان رای جیـاواز هەبێت، ئەوا ماف سەرۆکی نیشتمانە کە بـە مەرسـومی سـەرۆکایەتی ئەم ئەرکە ئەنجام بدات، چونکە لە لایەك گەل خۆی بڕیار دەدات، کە هـەر خـۆی خـاوەن سـەروەری و دەسـەڵاتی سـەرەکی و بنیاتنـەری دەسـەڵاتەکانە و، پرەنـسیپێکی گـشتییە کـە هـەموو گـەلان پێیـەوە پابەنـدن، هــەروەها ســەرۆکی هــەرێم دەتــوانیَ پرســێکی گــشتی نیشتمانی بخاتە روو تـا گـەل بڕیـاری لێبـدات، هـەروەك لـە لۆژیـك و

1 ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو.

مانای ماددەی سەرەوەدا هاتووە. هەروەها پاڵپشت بۆ ئەم رایەو، هەروەك یاساناسان جەخت دەکەن کە هاونیشتمانیان بە دوو شێوە دێنە ناو پرۆسەی ریفراندۆمەوە[1]:

١- دوای ئامادەکردنی بابەتی ریفراندۆم، ئەو بابەتە هەرجۆرێك بێت و ئەو ریفراندۆمە هەر شێوەیەك بێت، هاونیشتمانیان بە هۆی حکومەت یان پەرلەمان یان دەستەیەکی هەڵبژێرراوی تایبەت یان ژمارەیەك لەوان، دێنە ناو پرۆسەی ریفراندۆم تا دەنگی خۆیان رابگەیێنن بە رەزامەندی یان رەتکردنەوە.

٢- یان داوای ئامادەکردنی بابەتی ریفراندۆم، داوا لە هاونیشتمانیان دەکرێت کە هەڵبژاردن لە نێوان چەند ئەلتەرناتیڤێك بکات نەك تەنها یەك بابەت بخرێتە روو هاونیشتمانیش بە قبوڵ کردن یان رەتکردنەوە دەنگ بدات.

هەروەك روونکرایەوە، بە گوێرەی کۆنسێپتی تایبەت، ریفراندۆمی گشتی ئەو پرۆسەیەیە کە بە هۆیەوە دەگەڕێینەوە بۆ گەل تا رای خۆی سەبارەت بە پێشنیازی نوێ بۆ دەستووری دەوڵەت یان یەکێ لە یاساکانی، یان بە مەبەستی هەموارکردنی، یان هەر شێوازێکی دی، بە مەبەستی نیشاندانی رەزامەندی یان رەتکردنەوەی دەخرێتە روو، لەم بارانەدا پەرلەمان یان سەرۆکی کۆمار پرۆژەکە دەخاتە روو

---

1 بروانە: د. ماجد راغب الحلو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١ – ٥٢.

بۆ گەل تا رای خۆی لە سەر بدات(١).

کۆنسێپتی گشتی بۆ ریفراندۆمی گەلی نەرمی و فراوانی تێدایە، کە دەبێتە هۆی فراوانبوونی چوارچێوەی بەشداری راپرسی، هەر بابەتێك بێت تایبەت بە کاروباری گشتی و، هەر لایەنێکی تایبەت بێت پێیەوە، دەسەڵاتی یاسادانان یان راپەڕاندن بێت و، سروشتی ئەو بابەتە هەرچییەك بێت، دەستووری یان یاسای ئاسایی یان سیستەمێك یان راستاندن بێت لە سەر بڕیارێك یان بەڵێننامەیەك یان رێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی(٢).

ئەگەر لە بارودۆخی ئێستای کوردستان ورد بینەوە کە پەرلەمان کارا نییە و حکومەتی بنکە فراوان هەیە و سەرۆکی هەرێمیش بە گوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی شورا لە کار بەردەوامە و ناشزانرێت کەی و چۆن هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، ئایا:

– ریفراندۆم ئەنجام نەدرێت لە بەر ئەوەی یاسامان نییە؟

– لە سیستەمی حزبی ئێستای کوردستاندا و، بە تایبەت کە هیچ حزبێك زۆرینەی پەرلەمانی نییە، ئەگەر بۆ یاسای ریفراندۆم ئەم زۆرینەیە دروست نەبوو چ بکەین؟

---

1 خاموش عمر عبدالله، الإطار القانوني لمساهمة الشعب في تعديل الدستور، اطروحة قدم الى كلية القانون والسياسة بجامعة السليمانية، ٢٠١١، ص ٤٨.

2 عيسى وهاب ابراهيم، مدى التلازم بين فكرة الديمقراطية والإستفتاء الدستوري، رسالة الماجستير مقدمة الى كلية القانون والسياسة في جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٩، ص ص ٥٢ – ٥٣.

– ئەگەر جیاوازی هەبوو لە کات و چۆنیەتی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و راپەراندن چ بکەین، ئایا نابێ رای جیاوازی هەردوو لا بخرێتە بەردەم گەل؟

– ئەگەر گەل سەرچاوەی دەسەلات و یاسا و حەکەمی نێوان دەسەڵاتەکان نەبێت، ئەی چییە؟.

– ریفراندۆم ئەنجام نەدەین، چونکە یاسامان نییە، یاسا لە بەردەم دەنگی گەل چییە؟ ئایا هەردوو دەسەلات لە سیستەمی پەرلەمانی نوێنەری گەل نین؟.

– ئەی ئەگەر ریفراندۆم نەکرێت و، هەردوو دەسەلات هەماهەنگی بکەن بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی؟

– ئەگەر سەربەخۆیی لە لایەن سەرۆکی هەرێم رابگەیێنرێت و، لە سەر مەرجی ریفراندۆم وەستابێت، شێوازێکی یاسایی نییە؟ ئێمە پێمان وایە، سروشتی دەسەلات و دانەمیکیەتی یاسا و سیاسەت و، ماف گەل ، هەمیشە دەبێ دەلیڤەیەکی هەبێت.

دەبێ لە رووی دەستورییەوە جەخت لەوە بکەینەوە کە یاساناسان کۆکن لە سەر رواڵەتە سەرەکیەکانی دیموکراسیەتی نیمچە راستەوخۆ، لە ریفراندۆمی گەلی و نیشتمانی و نارەزایی گەل و پێشنیازی گەل، ئەمانە رواڵەتی سەرەکی سیستەمی نیمچە راستەوخۆن و لە گەڵ سیستەمی نوێنەرایەتی (نیابی) ناکۆکن و، هەر ئەمەشە وا دەکات کە بگوترێت گەل راستەوخۆ لە پراکتیزەکردنی خاسیەتەکانی سەروەری راستەوخۆ بەشدار دەبێت و، دەبێ ئەوە لە

بەر چاو بگرین کە ریفراندۆم هەیە پێش ئەوەی ببێتە یاسا، یان پێشنیازی گەلی یان نارەزایی گەلی. هەر بۆیە لە بنەرەتدا دیموکراسیەتی نیمچە راستەوخۆ لە سەر حیسابی پەرلەمانە و، بەلام لە بەرژەوەندی گەلە کە خۆی خاوەنی سەروەرییە[1].

سەرۆکی هەرێمی کەتەلۆنیای ئیسپانی ئەرتۆر ماس لە رۆژی شەممە ٢٧ – ٩ – ٢٠١٤مەرسومی سەرۆکایەتی دەرکرد تا خەڵك بۆ سەربەخۆیی لە رۆژی ٩ – ١١ – ٢٠١٥ دەنگ بدات، دوای ئەوەی کە پەرلەمانی کەتەلۆنیا یاسایەکی لە ١٩ – ٩ – ٢٠١٤ دەرکرد و، تیایدا جەختی کرد کە بە بێ گەرانەوە بۆ مەدرید، گەل دەتوانێ گوزارشت لە رای خۆی بکات، بە گوێرەی یاسایەکە وەرگرتنی رای خەڵك ئامرازێکە بۆ زانینی خواست و داواکاری خەڵك و سروشتێکی ئیلزامی نابێت. لە گەڵ ئەوەی لە گەڵاڵەنامەی هاوبەشی پارتەکان هاتبوو: کە سەربەخۆیی کەتەلۆنیا پابەندی دەسەڵاتەکانی مەدرید نابێت، لەوانەش دادگای دەستووری، هەروەها لە یاسایەکەدا هاتووە کە ئەنجامدانی ریفراندۆم بە دەستپیشخەری دەسەڵاتە خۆجێیەکان ئەنجام دەدرێت یان ئەو کەسەی دەستپێشخەری دەکات دەبێ ٥٠ هەزار ئیمزا کۆبکاتەوەو، هەروەها هاونیشتمانیانی دەرەوەی وڵات دەتوانن دەنگ بدەن[2].

---

1 د. شمران حمادي، النظم السياسية، مطبعة الإرشاد – بغداد، ١٩٧٥، ص ١١١ – ١٢٩.

2 بروانە ئەم پێگە ئەلکترۆنیە: https://arabic.rt.com/news/758835

## ٣-٤ كاتی ریفراندۆم و راگەیاندنی سەربەخۆیی

ریفراندۆمی نیشتمانی، دەکرێت هاوکات سەربەخۆیی رابگەیێنرێت، یان دوای چەند رۆژ، یان مانگ، یان ساڵ.

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بە حوکمی ئەرك و بەرپرسیارێتی ، خاوەنی بیری ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بوو لە کاتی ئێستادا، لە راگەیاندنێکدا کە لە ٢ – ٢ – ٢٠١٦ بڵاو کراوەتەوە، دەڵێت:

(ئەگەر گەلی کوردستان چاوەڕێی ئەوە بێت خەڵکی تر مافی سەربەخۆیی وەك دیاری پێشکەشی بکات ئەوە هیچ کات سەربەخۆیی وەدەست ناهێت. ئەو مافە بوونی هەیە و دەبێ گەلی کوردستان داوای بکات و پیادەی بکات. هەموو لایەك ئەو ڕاستییە باش دەزانێ کە ناوچەکەمان و بە تایبەت کوردستان بە بێ ڕەچاوکردنی ئیرادەی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە دابەش کراوە و ئەوەیش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی گرفتی قووڵ و سەد ساڵ شەڕ و ئینکار و ناسەقامگیریی. ئەوانەی هۆکاری ئەو دابەشکردنە بوونە زۆر بە باشی دەزانن کە چ هەڵەیەکی گەورەیان ئەنجامداوە بەڵام ئامادە نین دان بە فەشەلی سیاسەتی سەد ساڵەی خۆیاندا بنێن. هیچ ڕەوایش نییە کە لەبەر خاتری بەرژەوەندیی سیاسی و ڕازیکردنی خەڵکی دی مافی گەلی کوردستان نادیدە بگرن.

ئایا ئەوان ڕێگە بە خۆیان دەدەن کۆسپ و تەگەرە بۆ مافی

گـەلانی خۆیـان دابنـێن؟ کوردسـتان خـاوەنی هـەموو تایبەتمەندییـە جیــوگراف و مێــژوویی و مرۆییەکانــە. هەروەکــچۆن ســکۆتلەندا و کەتالۆنیا و کیوبێك و شوێنەکانی دی ئەو مافـەیان هەیـە ڕای خۆیـان لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن کوردستانیش خاوەنی ئەو مافەیە و جێگەی گفتوگۆ نییە. کاتی ئەوە هـاتووە و دەرفەتـەکان لـەبارن بـۆ ئەوەی گەلی کوردستان لەڕێگەی ڕیفراندۆمەوە بڕیار لە چارەنووسـی خۆی بدات. ئەو ڕیفراندۆمە بە مانای دەستبەجێ ڕاگەیاندنی دەوڵەت نییە بەڵکو بۆ ئەوەیە کـە ئـیرادە و ڕای گـەلی کوردسـتان لـە بـارەی چارەنووسی خۆی بزاندرێت و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لـە کـات و دۆخـی گونجـاودا ئـیرادە و بڕیـاری گـەل جێبـەجێ بکـات. دیاریکردنی چارەنووس و ڕیفرانـدۆمیش لـە پرۆسـەیەکی ئاشـتیانە و سەردەمیانەدا دەبێت و لە پێنـاو ئاشـتی و سـەقامگیریی ناوچـەکە و گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەن ماف دەبێت و دوور لە توندوتیژی و لـە ڕێگەی تەفاهوم و دیالۆگدا ئـەنجام دەدرێـت و هەڕەشـەیش بـۆ سـەر هیچ لایەك دروست ناکات) [1].

بۆ نموونە: کۆسۆڤۆ تاك لایەنە سـەربەخۆیی ڕاگەیانـد، لـە سـاڵی ١٩٩١ ریفراندۆمی نیشتمانی کردو، لـە ١٧ی شـوباتی ٢٠٠٨ دەوڵـەتی

---

1 دەقـی پـەیامی سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان لـە سـایتی فـەرمی سـەرۆکایەتی هەرێم هەیە:
http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=1eOGMdzlR3E=

راگەیاند. هەرچەندە ١٠٦ دەوڵەت دانیـان پێـداناوە، بـەڵام، روسـیا و چین نـاڕازین ببێتـە ئەنـدامی نەتـەوە یـەکگرتووەکان، سـەبارەت بـە نایاسایيبونی راگەیاندنی سەربەخۆیی، لـە مـانگی ١٠ ی ٢٠٠٨ سـربیا داوای رای راوێـژکاری لـە دادگـای دادی نیودەولـەتی کـرد، هـەروەها کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، دادگاش لە ٢٢/٧/٢٠١٠ دا وەڵامــی دایــەوەو، رایەکــە بــە دەنگــی ١٠ دادوەر لــە بەرژەوەنــدی ســەربەخۆیی و نــارەزایی ٤ دادوەر دەرچــوو، دەڵێــت : کــە بڕیــاری ســەربەخۆیی یاسـای نێودەولـەتی پێـشێل نـەکردووە و، راگەیانـدنی سەربەخۆیی لە گەڵ یاسـای نێودەوڵـەتی گونجـاوە، هـیچ بەنـدێك لـە یاسای نێودەوڵەتیدا نییە کە جاڕدانی سەربەخۆیی یاساغ بکات[1].

لـە گـەڵ ئــەوەی ریفرانــدۆمی نیـشتمانی باشــترین ئـامرازە بـۆ پیادەکردنی مافی چارەنووسی گەلان، ئەمە رێسایەکی گشتییە، بەڵام رێسایەکی رەها نییە، لە هەموو بارێکدا پیادە نـەکراوەو ناکرێـت، لـە

1 بڕوانە : مرکز أنباو الأمم المتحده،
http://www.un.org/arabic/news/story.asp?NewsID=13360#.VxtPvlZ97Z4

ســەبارەت بــە رەوشــی کۆســۆڤۆ وەك هــەرێمێکی بــە نێودەولــەتیکراو، بڕوانــە: فەرسەت سۆفی عەلی، پێگەی یاسـایی هەرێمـە بـە نێودەوڵـەتیکراوەکان، دەزگـای توێژینــەوەو بڵاوکردنــەوەی موکریــانی، چــاپی یەکــەم، ٢٠٠٨، ل ٢٢٩ – ٢٣٣. ســەبارەت بــە تــەواوکردنی قۆناغـەکانی ســەروەری کۆسـۆڤۆ، بڕوانـە: د. عبـدالله صالح، تحدیات أستکمال السیاده في کوسوفو، من مجلة الـسیاسة الدولیـة، مؤسـسة الأهرام، العدد ٢٠٥، أبریل ٢٠١٦، علی الموقع التالي:
http://www.siyassa.org.eg/NewsQ/2723.aspx

وانەیە بارودۆخێکی دیاریکراو، یان ئاستی ژیاری و ئاستی رۆشـنبیری گەلێك یارمەتیدەر نەبێت بۆ داواکردنی مافی چـارەنووس، بـە تایبـەت کە فشار و هەڕەشـە لـە سـەر نەتەوەیـەك هـەبێت، لـە جیـاتی ئـەوە دەسـتەیەکی نیـشتمانی هەڵبـژێرراو ئـەم کـارە ئـەنجام دەدات، لـەو دەوڵەتانە کە لە رێگەی دەستەیەکی نیشتمانی (نموونە پـەرلـەمان)ی هەڵبژێرراو مومارەسەی مافی چارەنووسیان کردووە بـۆ سـەربەخۆیی، سودان لە رێگەی پەرلەمانی سودانی ساڵی ١٩٥٥ بـە تێکـڕای دەنـگ سەربەخۆییان لە حوکمی بەریتانی میسری راگەیانـد، هـەروەها هینـد سـاڵی ١٩٤٩، نیجیریـا و کـەمبودیا و موریتانیـا سـاڵی ١٩٦٠ کـە لـە رێگەی پەرلەمانی هەڵبژێرراوی گەلەوە ئەم بڕیارەیان دا[1].

---

1 الحاكم عبدالرحمن زيباري، المصدر السابق، ص ص٣٧٢ – ٣٧٣.

ئەزمونی وڵاتان و سەرخۆبوونی گەلان لە بواری دروسـتکردن و راگەیانـدن و بـوونی دەوڵەتاندا زۆرن ، لە کاتی دروست بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها ٥٠ دەوڵـەت هەبوو ..

ئاسـیا و ئـەفریقا و ئـەمریکای لاتـین و .. دەوڵـەتانی دوای هەلوەشـانی یـەکێتی سـۆڤیەت و راگەیانـدنی دەولـەتانی تـر لـە دەیـەی رابـردوودا ، مێـژوو ئـەکت و ئەزمونمان لە بەرچاوە ..

- جیابوونەوە: دەرچوون و ئـازادبوون لـە کۆلۆنیـالیزم .. یـان جیابوونـەوەی تـاك لایەنە وەك بەنغلادش لە پاکستان.
- هەلوەشـانی دەوڵـەت : وەك دەوڵـەتانی بـەلتیك .. یوگـسلافیا بەشـەڕ یـان بـە ئاشتی چیکسلۆڤاکیا
- یەکگرتنی دوو دەوڵەت : وەك هەردوو ئەڵمانیا و یەمەن.←

←– جیابوونەوەی سەربەخۆیی : تاکلایەنە کە پیشت دوو نەتەوە یەکیان گرتبێت و دەولەتێکیان پێکهێنابێت ... یان سەرخۆبوونی هەرێمە فیدراڵیەکان

– ریفراندۆم : وەك ئەریتریا ١٩٩٣ ... یان ریفراندۆم لە سایەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك هایتی .. یان ریفراندۆمی کۆسۆڤای ١٩٩١و راگەیندنی دەوڵەت لە ١٧ ی شوباتی ٢٠٠٨

– رێککەوتن : وەك خوارووی سۆدان .. ٢٠٠٥ – ٢٠١١.

– دەستبەسەراگرتن : وەك لیبریا

– کارێکی قانونی : قانونی داخلی بێت وەك فلیپین –– یان پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی وەك: دروستبوونی ئێرلەندا یان رێکەوتنی بەریتانیا و ئیمارەتەکانی خەلیج لە ١٩٧٠ و ١٩٧١ کە بەهۆیەوە بەحرەین و قەتەر و ئیمارات دروست بوون

– یان کۆنگرە یا رێکخراوێکی دەولی : وەك دروست بوونی ئیسرائیل .. یان ئەلبانیا ... یان لیبیا ....

– ریفراندۆم بە چودێری و سەرپەرشتی نیودەولەتی وەك هایتی ...

– ریفراندۆمی نەتەوەو گەل و هەرێمە جیاوازیەکان : وەك سکۆتلەند و بەریتانیا .. کیبیك و کەنەدا ....

باشووری کوردستان : زیاتر لە رێگایەك و زیاتر لە مەترسییەك .. ئەگەر بڕیار← ←یان سەرپەرشتی دەولی نەبێت ، یان رێکەوتن لە گەڵ بەغدا نەبێت .. یان ئەکتێکی قانونی نەبێت ، ئەوا تاك لایەنە وەك قوبرسی تورکی وەك بەنغلادش .. هتد حیساب و کیتابی دەویٚ .. ئەگەر هەر خۆشمان بین لە گەڵ ئەو دۆستانەی کە ناویان دێت : ئەوا:

جگە لە ریفراندۆم بەیەکەوە لە گەڵ ناوچە کوردستانیەکان هیچ چارەیەکی ترمان نییە، چونکە دەرگای دادی دەولیمان لێدەگرن و ، بۆ نەتەوەکانی تریش کە هەمووی ٤٠٪ ی خاکی کوردستانە .. ئاسان نییە ..←

## ٣-٥ چەند بارەکردنی ئەنجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانی

مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان، مافێکی سروشتی و بەردەوامی هەموو تاکێك و نەتەوەو گەلێکە، هیچ سنورداربوونێکی بۆ نییە. ئەگەر ریفراندۆم بۆ مافی چارەنووس لە بارێکدا رەزامەنی گەلی لەسەر نەدراو، رەتکرایەوە، ئەوا هیچ رێگریەکی یاسایی و عورفی نییە کە لە ژینگەیەکی گونجاودا ریفراندۆم دووبارە ئەنجام بدرێتەوە. بۆ نموونە، لە ٢٥ – ٥ – ٢٠١٢ بزووتنەوەی پشتگیری لە ریفراندۆم بە بەڵێ کە پارتی ناسیۆنالیست و پارتی سەوز و پارتی سۆشیالیستی سکۆتلەندی هەڵمەتیان رێکخست لە ژیر ناوی "بەڵی بۆ سکۆتلەند"،

دوای ریفراندۆم لەسەر سەربەخۆیی سکۆتلەندا لە ١٨ – ٩ – ٢٠١٤، کە ٥٥٪ جیابوونەوەیان نەویست ، بەڵام سەرۆکی پارتی ناسیۆنالیست گووتی بە زووترین کات سەربەخۆیی دەبینین، زۆربەی چاودێران پێیان وابوو کە پارتی ناسیۆنالیست پاشەکشە دەکات

---

←لە سەرووی هەموو ئەمانە کورد و کوردستان وێڕای جینۆساید و پێشێلکردنی دەستوور .. نەتەوەیەکە کە لە ئێستادا بۆ سەربەخۆیی بارودۆخی دەولی و هەرێمی زۆر گونجاوە .

بڕوانە: د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، المصدر السابق، ص ٤١٥ – ٤٩٦، و د. عصام العطية، المصدر السابق، ص ٤٤٨ – ٤٤٩، و د. حامد سلطان، القانون الدولي العام في وقت السلم، دار النهضة العربية، ط٦، ١٩٧٦، ص٦٤٩، بيار – ماري دي بوي، القانون الدولي العام، ترجمة محمد عرب صاصيلا و د. سلسم حداد، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط١، ٢٠٠٨، ص ١٥٩ – ١٦٢.

جونکـە لـە ریفرانـدۆم سـەرنەکەوت، بـەڵام پێـچەوانە هاتـە پـیش، پەیوەندیکردن بەم پارتە زیاتر بوو، لە ٢٠١٤ ەوە چـوار قـات زیـادی کـرد، ئەوانـەی گوتیـان نـا، لـەم پارتـە زیـاتر نزیـك بوونـەوە، لـە هەڵبژاردنی ٧ی ئایاری ٢٠١٥ لە کۆی ٥٩ بازنـەی سـکۆتلەندا لـە ٥٦ یان سەرکەوت، بووە سییەم سەرەکیترین پارتی هەموو بەریتانیا، کە کاریگەری لە سەر حکومەتی ناوەندی دادەنێ، ئەگەر لـە هەڵبـژاردنی ٢٠١٦ بتوانن حکومەتی زۆرینـەی سـکۆتلەندا پێـك بێـنن، ئـەوا داوای ریفراندۆمی نوێ دەکەنەوە.

## ٣-٦ مەرجەکانی دەنگدەر لە ریفراندۆمدا

١- هاونیـشتیمانی باشـووری کوردسـتان بیـت لـە نـاوخۆ یـان لـە دەرەوەی نیشتمان.

٢- تەمەنی یاسایی ١٨ ساڵ هەبێت.

٣ - لەتۆماری دەنگدەراندا ناوی هەبێت و بایۆمەتری ئەنجام دابێت .

## ٣-٧ پرسیاری ریفراندۆمی نیشتمانی

دەقی پرسیار کاریگەری گرنگی لە سەر ئەنجام و باری ریفرانـدۆم دەبێـت، کـە لـە رێگـەی پرسـیارەوە بارودۆخەکـە دیـار دەبێـت و، هاونیـشتمانی بـارودۆخی خـۆی دەزانـێ و، کـارتی دەنگـدانی پـێ دیاریدەکرێت، ئایا پرسیارەکە دامەزراوەیەکی دەستووری دایدەنێت،

یان دەستەی هەڵبژاردن و راپرسی، هەرچۆنێك بێت پێویستە پرسیار روون بێت و گرفتی نەبێت.

پرسیاری ریفراندۆمی کەتەلۆنیا کە لە ٩ – ١١ – ٢٠١٤ لە ریفراندۆمی نافەرمی ئەنجامدرا ، بەم شێوەیە بوو:

ئایا دەتەوێ کەتەلۆنیا ببێتە دەوڵەت ؟ و دەتەوێ ئەم دەوڵەتە سەربەخۆ بێت؟

ئێمەش بە گونجاوی دەزانین کە لە هەموو خاك و گەلی باشووری کوردستان ریفراندۆم بکرێت و، بەمەش خواستی هاونیشتمانیان بەرجەستە دەبێت. لە رووی یاساییەوە حکومەتی ئیتیحادی ناتوانێت رێگە لە خواستی ئاشتیانە و دیموکراسیانەی خەڵك بگرێت کە بڕیار بدەن ئایا دەیانەوێت بچنە ناو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و، دەکرێ پرسیاری ناوچە کوردستانیەکان کە ٤٠٪ ی خاکی مێژوویی و جوگرافی کوردستان پێك دێنێت جیاواز بێت و ، پیشنیاز دەکەین بەم شێوەیە دابڕێژرێت:

أ- پرسیاری ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کە بە سنووری ١٩ – ٣ – ٢٠٠٣ ناسراوە:

ئایا لە گەڵ هەرێمی کوردستان دەبیت و، پشتگیری راگەیاندنی دەوڵەتی باشووری کوردستان دەکەیت؟ یان:

ئایا دەتەوێت باشووری کوردستان سەربەخۆ بێت و؟ دەتەوێ هاونیشتمانی ئەو دەوڵەتە بیت؟

ب-پرسیاری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی سنووری ١٩ – ٣ – ٢٠٠٣.

ئایا دەتـەوێت لـە گـەڵ باشـووری کوردسـتان بیـت ؟ و دەتـەوێ باشووری کوردستان سەربەخۆ بێت؟

ئەنجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانی هەنگاوێکی پراکتیکیی یاساییە بۆ سەربەخۆیی گەل و نیشتمان، خەباتی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کوردسـتان لـە پێنـاو سـەربەخۆیی و دەسـتەبەرکردنی مافداریـەکانی بووە لە پێنـاو خـاك و گـەل، لـە ئێـستادا ئەنجامـدانی ریفرانـدۆم بـە رێکەوتن لە گەڵ حکومەتی ئیتیحادی لە ژێـر چـاودێریی نێودەوڵـەتی یان تاك لایەنە هـەنگاوێکی مێـژوویی و یاسـاییە بـۆ بـە یاسـاییکردنی سنووری کوردستان و دەستخستنی شەرعییەتی ویستی سـەربەخۆیی و دواتر راگەیاندنی سەربەخۆیی.

فیدراڵیــەت نــاتوانێ گــرفتی گــەلان و نەتــەوەکان لــە بنەڕەتــدا چارەسەر بکات، بۆیە باشتر وایە لە باشووری کوردسـتاندا ریفرانـدۆم ئەنجام بدرێت تا گەل خۆی بڕیاری مافی چارەنووسـی خـۆی بـدات و، ئاییـنـدەی یاســایی و سیاســی خــۆی بــەگوێرەی دەرئەنجامــەکانی ریفراندۆم دیاری بکات[1].

---

1 شورش حسن عمر، المصدر السابق، ص٤٣٣.

**دەرئەنجام:**

١. گــەلی كوردســتان كەسـێكە لــە یاســای نیودەوڵــەتی، كــورد نەتەوەیەكە سـوبێكتی یاسـایی هەیـە بەمـەش مـافی هەیـە هـەموو چوارچـێوەیەكی رێپێـدراوی نێودەوڵـەتی بـۆ پیـادەكردنی مـافی چارەنووس پیادەبكات، خەڵكی كوردستان، وەك گەلێكی جیـاواز لە سەر نەخشی جیهان و لە رێكەوتننامە نێودەوڵەتیەكان بوونیان هەیە.

٢. جیابوونـەوەو سـەربەخۆیی باشـووری كوردسـتان، چارەسـەرێكی واقیعــی و یاســایی دەبێــت بــۆ ئاشــتەوایی نــاوخۆی عێــراق و چارەسـەربوونی كێـشەی نیـشتمانی كوردسـتان كـە لـە میانـەی دابەشكردنی خاكی كوردستان لە رێگـەی رێكەوتننامـەی سـایكس – بیكـۆوە هاتۆتــە ئــاراوەو، ســەرئەنجام رۆڵێكــی ئاشــتیانە لــە بەرقەراركردنی سەقامگیری ئاشتیانە دەبینێت لە ناوچەكەدا.

٣. پێویستە باشووری كوردستان لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، وەك یەك هەرێمی جوگرافی مێژوویی گشتگیری یەكگرتوو، بۆ یەكەم جـار لـە مێژوودا، بڕیار لە خواستی نیشتمانی خۆی بدات.

٤. دەنگــی دانیــشتوانی ناوچــە كوردســتانیەكان لــە چوارچــێوەی مـاددەی ١٤٠ی دەسـتووردا رەوایـەتی وەردەگرێـت و، باشـووری كوردستان سەبارەت بە پرسی ناوچە جێناكۆكـەكانی دەسـتووری عێـراق، لـە ئاسـتی نێودەوڵـەتی و لـە دادگـا جیهانیـەكان و، لـە

جیهانی ئازاد و دیموکراسی و، لە رووی مێژووییشەوە بە رامبەر بە عێراقی عەرەبی مافداری ئەو ناوچانەی بۆ یەکلا دەبێتەوە.

٥. ئەگەر لە ریفراندۆمدا هاوبەشتی راستەقینە دەست بکەوێت ئەوا سەنگی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتی ، بە هێز دەبێت و، رەوایی یاسایی وەردەگرێت.

٦. ئەنجامدانی ریفراندۆم لە باشووری کوردستاندا، پێگەی یاسایی و سیاسی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان بەهێز دەکات و، یەکێتی نیشتمانی و نەتەوەیی تۆکمە دەکات.

٧. ریفراندۆمی نیشتمانی لە باشووری کوردستان پشتگیری یاسایی هەیە و، بابەتێکی گرنگ و مێژوویی دەبێت ئەگەر بە هەماهەنگی و لێکتێگەیشتن لە نێوان لایەنی کوردستانی و لایەنی عەرەبی ئەنجام بدرێت.

٨. دامەزراوە دەستوریەکان و دامەزراوەی تایبەت، دەتوانن پرۆژە و پرسی ریفراندۆمی نیشتمانی بخەنە بەردەم گەل تا بڕیاری خۆی بدات.

٩. جیاوازی دیدی پارتی سیاسی لە سەر ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی ریفراندۆمی نیشتمانی نابێتە هۆی جیاوازی پەکخستنی پرۆسەی ریفراندۆم، بەلام بۆ کوردستان یەکدەنگی نیشتمانی رۆڵ و پێگە و گرنگی هەیە.

١٠. پێویستە پێکهاتەکانی باشووری کوردستان رۆڵیان هەبێت لە ئەنجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانیدا.

## پــوختـــه :

سەرەکیترین شێوازی بڕیاردانی نیشتمانی و دیموکراسی بۆ پرسە چارەنوسساز و دەستووری و یاساییەکان ئەنجامدانی ریفراندۆمە، ئەنجامدانی ریفراندۆمی نیشتمانی بۆ سەربەخۆیی لە جۆری ریفراندۆمی سیاسییە.

کوردستان لە دووتوێی رێکەوتننامە نیودەوڵەتیەکاندا هاتووە، بە بێ ئیرادەی خۆی خاك و گەلەکەی دابەشکراوە، چەوسێنراوەتەوەو، تاوانی نیودەوڵەتی بەرامبەر ئەنجامدراوە، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، رێکەوتننامە نیودەوڵەتیەکان و رێکەوتننامەکانی نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و حکومەتی عێراقییان پێشێل کردووە.

ریفراندۆم لە دنیای هاوچەرخدا، میکانیزمێکی گونجاوو دیموکراسییە بۆ بڕیاردان، بەدیهێنانی جێکەوتەکانی دەکەوێتە ئەستۆی دامەزراوەکان و خەڵکی کوردستان و قودرەتمەندی کورد بە گشتی. بۆ ئەنجامدانی راپرسی، گرنگە کە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ئاگادار بن و، شەراکەت بۆ رەواییدان بە ناوچە کوردستانیەکان گرنگە.

زۆر پێویست دەکات پێکهاتەکان بە ئیرادەی ئازادەوە پشتگیری ریفراندۆم بکەن . پێویست دەکات، راگەیاندنی پارتە سیاسیەکان لە

مانگی ٢ی ٢٠١٦ بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە گەڵ سەرۆکی هەرێم وەك دیکۆمێنتێکی گشتگیری نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت .
بارودۆخی نیودەوڵەتی و هەرێمی گونجاوە تا باشووری کوردستان ریفراندۆم ئەنجام بدات، لە رووی قانونیەوە دەکرێت، ماوەی نێوان ریفراندۆم و راگەیاندنی دەوڵەت ماوەیەك بخایەنێ و، لە رووی دیبلۆماسیش وا باشە کە راستەوخۆ راگەیاندنی دەوڵەت، ماوەیەك کاری دیبلۆماسی بۆ بکرێت.

ئەو ئەرکانەی لە سەر دەوڵەتی عێراقن، ئەو رێکەوتننامانەی عێراق ئەنجامی داون، قەرزەکان، ..هتد، تا چەند دەوڵەتی ئایندەی باشووری کوردستانیش دەگرێتەوە، دەبێ بە لیژنەی پسپۆڕ بسپێررێت .. ئەگەر ریفراندۆمی نیشتمانی هاوکات بێت لە گەڵ رۆژێکی مێژویی نیشتمانی کارێکی گرنگ و بایەخدار دەبێت. هەڵمەتی راگەیاندنی ریفراندۆم زۆر گرنگە، دەبێ ئاستی نیشتمانی بۆ پرسی چارەنووس زۆر بەرز بێت، هەروەها دەبێ باسی نەیارانی بە ئیستیفزازەوە وەرنەگیرێت و، رای دژ بە دوژمنایەتی شەن و کەو نەکرێت.

گوتاری بەرەی ریفراندۆم دەبێ ئاستی عەقلانی هەبێت و، خەڵك دڵنیا بکات کە ئایندەیان گەشتر دەبێت. دەبێ خەڵك دڵنیا بکرێ کە ریفراندۆم تەنها بۆ ئەنجامدانی ناکرێت، بەڵکو لە پێناو خاك و نیشتمانە و ، دەرئەنجامەکەی بە جدی و ئیلزامیەوە کاری لە سەر دەکرێت.

## پاشــكۆ

پــــەیامی راگەیانـــدنی ئەنجامـــدانی ریفرانـــدۆم بـــەم شـــێوەیە ڕێكدەخرێت:

سەرۆكی هەرێم، راستەوخۆ یان لە پەرلەمان، دەتوانێ پــەیامێكی لەم چەشنە پێشكەش بكات.

بە ناوی خودای مەزن و دلۆڤان

سلاوو خۆشەویستی بۆ گەلی مەزنی كوردستان،

گەلی نەمروو زیندوو لە مێژوودا، خـاوەنی شارسـتانی و خـاكێكی پیرۆز.

گــەلی كوردســتان بــە ئیرادەیــەكی ئـازاد و بەرپرســانە روو لــە ســندوقەكانی دەنگــدان دەكـات و، لــە راپرســییەكی دیموكراســی و مــەدەنی و گــشتیدا، گوزارشــت لــە مەركــەزی قــانونی و سیاســی و ئابووری و كۆمەلایەتی و مـەدەنی خـۆی دەكـات و، ئاینـدەی گـەل و نیشتمان دیاری دەكات.

لە رۆژی دەنگی گەلدا، درووود بۆ گیانی پاكی شەهیدان دەنێرین،

خۆڕاگری گەلەكەمان بەرز و پیرۆز رادەگرین.

بەرهەمی خەباتی رزگاریخوازی گەلەكەمانە كە بەرەو ریفراندۆمی گــشتی دەچـــین و پـــەیامی ئاشـــتی و ئـــازادی و بەیەكـــەوەژیان رادەگەیێنین.

ســـەركەوتووبێت، ویـــستی دیموكراســـی و مرۆڤدۆســـتی گـــەلی كوردستان

## سەرچاوەکانی بەشی یەکەم

**یەکەم:  کتێب بە زمانی کوردی**

١. د. مـــارف عومـــەر گـــوڵ، پێوەنـــدی مەســـەلەی کـــورد بـــە یاســـای نێودەوڵەتانـەوە، دەزگـای چـاپ و پەخـشی سـەردەم، چـاپی یەکـەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢. د. مارف عمر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کـورد لـە بـەر ڕۆشـنایی یاسـای تازەی نێودەوڵەتاندا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ی . ن . ك.، جاپی سێیەم، سلێمانی ، ٢٠٠٦.

٣. د. مـارف عمـر گـوڵ، کێـشەی کەسـایەتی یاسـایی نیودەوڵـەتی گـەلی کورد، سەنتەری  لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ،  چاپی دووەم، سـلێمانی ، ٢٠٠٥.

٤. دکتۆر جاسم تۆفیق خۆشناو،  مەسەلەی کوردو یاسـای نێودەوڵـەتان، لـە بڵاوکراوەکـانی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی ی کوردسـتان، سلێمانی، ٢٠٠١.

٥. عومـــەر نـــورەدینی، سیـــستەمی نـــوێی جیهـــانی و دۆزی کـــورد – کوردستانی عێراق وەك نموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠٠٣، هەولێر.

٦. ویلایەتی موسڵ، پرسی سنووری نێـوان تورکیـا و عێـراق، راپـۆرتێکی پێشکەشکراو بە ئەنجوومەن لە لایـەن لیژنـەی دامـەزرێنراو بـە بڕیـاری ئەنجوومەن لـە ٣٠ ی ئـەیلولی ١٩٢٤، کۆمەڵـەی نەتـەوەکان، جنیـف، ٢٠ی ئابی ١٩٢٥، وەرگێڕانی معەمەد ئەمین حسین عەلی/ مینە، چـاپی یەکەم، ٢٠١٢.

٧.ئاسۆ كەریم، دەستوور، مافی چارەی خۆنووسین، فیدڕاڵیزم و ریفراندۆم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپی یەكەم، ٢٠٠٨.

<u>**دووەم: كتێب بە عەرەبی**</u>

٨. أندرية سغغفريد، روح الشعب، ترجمة، عاطف المولى، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، ط١، بيروت، ٢٠١٥.

٩. ابراهيم درويش، الدولة نظريتها وتنظيمها ، دراسة فلسفية تحليلية، دار النهضة العربية، ١٩٦٩.

١٠. بيار – ماري دي بوي، القانون الدولي العام، ترجمة محمد عرب يَايَيلاَ و د. سلسم حداد، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط١، ٢٠٠٨.

١١.جيفري روبرتس وألستر إدواردس، القاموس الحديث للتحليل السياسي، ترجمة: سمير عبدالرحيم الجلبي، الدار العربية للموسوعات، ط١، بيروت، ١٩٩٩.

١٢.د. ثروت بدوي، النظم السياسية، دار النهضة العربية،١٩٧٠، القاهرة، يَ ٨٩ وما بعدها، د. عبدالغني بسيوني عبدالله، الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري، مطابع السعدني، ٢٠٠٤.

١٣. د. حامد سلطان، القانون الدولي العام في وقت السلم، دار النهض ة العربية، ط٦، ١٩٧٦.

١٤.د. سعيد بشير أسكندر، الديمقراطية وحق تقرير المَير القومي، منشورات مكتب االفكر والتوعية في الإتحاد الوطني الكوردستاني، السليمانية، ٢٠٠٤.

١٥.د. سليمان الطماوي، السلطات الثلآث في الدساتير العربيـة المعـايَرة وفي الفكر السياسي الإسلآمي، دار الفكر العربي، القاهرة، ط٦، ١٩٩٦.

١٦. د. شمران حمـادي، الـنظم الـسياسية، مطبعـة الإرشـاد – بغـداد، ١٩٧٥.

١٧. د. عبدالعظيم عبدالسلآم عبدالحميد، تطور الأنظمة الدستورية، دار النهضة العربية، ط١، ٢٠٠٦.

١٨. د. عبـدالفتاح عبـدالرزاق محمـود، الإعـلآن عـن الدولـة، دار الكتـب القانونية، ميَر، ط١، ٢٠٠٩

١٩.د. عبدالمجيد اسماعيل حقي، الوضع القانوني لاقلـيم عربـستان في ظـل القواعد الدولية، القاهرة، ١٩٧٢

٢٠.د. عثمان علي ويسي، الطبيعة الديناميكية للدستور الفدرالي، متشورات زين الحقوقية، ط١، ٢٠١٥.

٢١.د. عيَـام العطيـة، القـانون الـدولي العـام، وزارة التعلـيم العـالي والبحـث العلمي، ط٦، بغداد، يَ ٣٠٣.

٢٢. د. علي يوسف الشكري، الوسـيط في الأنظمـة الـسياسية المقارنـة، مؤسسة دار اليَادق الثقافية، ط١، ٢٠١٢.

٢٣. د. غـازي حـسن يَبـاريني، الـوجيز في حقـوق الإنـسان وحرياتـه الأساسية، مكتبة الثقافة للنشر والتوزيع، ط٢، عمان، ١٩٩٧.

٢٤.د. كمال مظهر أحمد، كردستان في سـنوات الحـرب العالميـة الأولى، دار الفارابي و دار أراس، ط٣، ٢٠١٣،

٢٥. د. ماجد راغب الحلـو، الإسـتفتاء الـشعبي بـين الأنظمـة الوضـعية والشريعة الإسلآمية، مكتبة المنارالإسلآمية، ط ١، ١٩٨ .

٢٦. د. محمد طلعت الغنيمي، الأحكام العامة في قانون الأمم – قانون السلآم، منشاة المعارف بالأسكندرية، ١٩٧٠.

٢٧. د. محمد طي، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، منشورات زين الحقوقية، ط٨، بيروت، ٢٠١٣.

٢٨. د. محمد عمر مولود، الفيدرالية وامكانية تطبيقها في العراق، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٠

٢٩. د. محمد كامل ليلة، النظم السياسية – الدول والحكومة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٦٩.

٣٠.د. مسعد عبدالرحمن زيدان قاسم، تدخل الأمم المتحدة في النزاعات المسلحة غير ذات الطابع الدولي، دار الجامعة الجديدة للنشر، ٢٠٠٣

٣١. د. منى يوخنا ياقو، حقوق الأقليات القومية في القانون الدولي العام، مطبعة شهاب ، أربيل، ٢٠٠٩.

٣٢. د. نوري لطيف، القانون الدستوري والنظام الدستوري في العراق، مطبعة علآء، ط٢ ، بغداد، ١٩٧٩.

٣٣. د. يحي الجمل، الإعتراف في القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٣.

٣٤. الدكتور يوسف طؤران، التنظيم الدستوري للمجتمعات التعددية في الدول الديمقراطية، مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية، ٢٠١٠

٣٥. روبرت أولسون، تاريخ الكفاح القومي الكردي، دار الفارابي – دار أراس، ترجمة أحمد محمود الخليل، ط١، ٢٠٠١٣

٣٦. زهير شكر، الوسيط في القانون الدستوري – الجزء الأول، مجد – المؤسسة الجامعيية للدراسات والنشر والتوزيع، ط٣، ١٩٩٤.

٣٧. شۆرش حسن عمر، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية، مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية، سليماني، ٢٠٠٥.

٣٨. الدكتور شورش حسن عمر، خيَائيَ النظام الفدرالي في العراق، مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٩.

٣٩. عبدالرحمن سليمان الزيباري، الوضع القانوني لاقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، ط١، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٢.

٤٠. فرانسوا شاتلية و أوليبه دوماهيل و أيفليىن بيزيه، معجم المؤلفات السياسية، ترجمة: د. محمد عرب يَايَيلآ، مجد – المؤسسة العربية للدراسات والنشر والتوزيع، ط٢، ٢٠١٤.

٤١. ظالآ فريد، المسؤولية المدنية الدولية عن جريمة الإبادة الجماعية، مطبعة جامعة يَلآح الدين، أربيل، ٢٠٠٤.

٤٢. محمد مجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، الدار الجامعية، بيروت، ١٩٩٩، يَ ٢٥٤ وما بعدها.

٤٣. هنري فوستر، نشاة العراق الحديث، ترجمة وتعليق: سليم طه التكريتي، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان، ط١، ٢٠٠٦.

**<u>سێیەم: توێژینەوەو نامەی ماستەر و دکتۆرا</u>**

٤٤. ابراهيم علي كرو الهاجاني، مبدأً حق تقرير مـيَر الشعوب والإستفتاء عليه، كوردستان العراق نموذجاً، رسالة ماجستير، قدم الى كلية العلوم السياسية، جامعة يَلآح الدين، ٢٠٠٦.

٤٥. خامؤش عمر عبدالله، الإطار القانوني لمساهمة الشعب في تعديل

الدستور، اطروحة قدم الى كلية القانون والسياسة بجامعة السليمانية، ٢٠١١.

٤٦. عيسى وهاب ابراهيم، مدى التلازم بين فكرة الديمقراطية والإستفتاء الدستوري، رسالة الماجستير مقدمة الى كلية القانون والسياسة في جامعة يَلاَح الدين، ٢٠٠٩.

٤٧. د. محمد جواد فارس، التعبئة الشعبية على الإستفتاء، مجموعة باحثين : الإستفتاء الشعبي وخطر الإستراتيجية الأمريكية على العراق والمنطقة، أعمال الندوة الرابعة والثلآثون عن الإستفتاء الشعبي في العراق، مركز العراق للدراسات، ط١، ٢٠٠٩.

## چوارەم : رۆژنامە و گۆڤار

٤٨. ئاسۆ کەریم، چەند سەرە قەڵەمێك لە بارەی جیابوونەوەی باشووری کوردستانەوە، بەشی دووەم، رۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٢٣٣١ لە ٨ – ٣ – ٢٠١٦.

٤٩. گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە ٣، ئابی ٢٠٠٥.

٥٠. تۆم گولبێری، ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە، وەرگێڕانی ئیدریس ئیبراهیم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

## پێنجەم: دۆکیۆمێنتەکان

١– پەیامی سەرۆکی هەرێم رێزدار مسعود بارزانی لە ٢١ – ٣ – ٢٠١٢ .

http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=830G5e8rYsE=

٢- راگەیاندنی هاوبەشی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لە گەڵ پارتە سیاسیەکان لە ٢٧ - ٣ - ٢٠١٢ ، لەم پێگە ئەلکترۆنییە ببینە:

http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=bfaN9CnejL4=

٣- راگەیێنراوی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەم پێگەیە :

http://www.xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=59545&Jor=1

٤- دەقی پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سایتی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێم:

http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=1eOGMdzlR3E=<

٥- راگەیێنراوی پرۆژەی چاکسازی بزووتنەوەی گۆڕان لە ١٤ - ٢ - ٢٠١٦.

٦- مەسعود بارزانی، دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنبەرین زەمانک ئەلمۆنیتۆر، ١٨ـی ٣ـی ٢٠١٦ ، لە ئەنتەرنێتەوە:

http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=8x8+c3EhpBw=

٧- مەسعود بارزانی، پەیامی یادەکانی ئادار، ٥- ٣ - ٢٠١٦، لە ئەنتەرنێتەوە:

http://www.presidency.krd/kurdish/articledisplay.aspx?id=rfXJqbxn5bk=<

٨- موسوعة الجزيرة، ٣١ - ١٢ - ٢٠١٥، على الموقع التالی :

http://www.aljazeera.net/encyclopedia/conceptsandterminology

تەلەفزیۆنی k24 رۆژی ١١ – ٤ – ٢٠١٦ کات ٣ی ئێوارە.

٩– ئنسکلۆپیدیای جەزیرە، لە سەر ئەم سایتە:

http://www.aljazeera.net/encyclopedia/conceptsandterminology

١٠– د. سالی جومعة، الإستفتاء والتيَديق الشعبي، منتدى كلية الحقوق، جامعة المنيَورة – ميَر، في الموقع التالي على الأنترنيت: http://www.f-law.net/law/threads/9731

١١– مركز أنباو الّمم المتحده،

http://www.un.org/arabic/news/story.asp?NewsID=13360#.VxtPvlZ97Z4<

١٢– د.عبدالله يَالح، تحديات أستكمال السيادة في كوسوفو، من مجلة السياسة الدولية، مؤسسة الأهرام، العدد ٢٠٥، أبريل ٢٠١٦، على الموقع التالى: http://www.siyassa.org.eg

شەشەم: یاسا و بڕیارەکان

١. یاسای ژماە ٤ی ساڵی ٢٠١٤ ، یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

٢. یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٣. یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو.

٤. دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

٥. پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان ٢٠٠٩.

٦. یاسای بەڕیوەبردنی دەولەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤.

٧. ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا ٤ – ٧ – ١٧٧٦.

٨. بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ١٥١٤ لـە لـە ١٤/١٢/١٩٦٠ ، و بڕیاری ١٥٤١ لـە ١٥/١٢/١٩٦٠ و، بڕیاری ٢٢٠٠ لـە سـاڵی ١٩٦٦ وبڕیاری ٥٢٨٨ی سـاڵی ١٩٦٩، بڕیاری ٢٦١٥ لـە ٢٤/١٠/١٩٧٠ و، بڕیاری ٢٦٧٢ لـە سـاڵی ١٩٧٠ و، بڕیاری ٢٧٨٧ لـە سـاڵی ٢٧٨٧ لـە ٦/١٢/١٩٧١ و، بڕیاری ٢٩٥٥ لـە ١٢/١٢/١٩٧٢ و، بڕیاری ٣٠٧٠ لـە ٣٠/١١/١٩٧٣ و، بڕیاری ٣٣١٤ لە ١٤/١٢/١٩٧٤ و، بڕیاری ٣٢٤٦ لە ساڵی ١٩٧٤ و، کـۆنگرەی بـەناوبانگی هیلـسنکی لـە ١/٨/ ١٩٧٥. ٦٣٧ ی ١٦ / ١٢/ ١٩٥٢ – A/RES/637 (v11)B.

٩. چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩٤٥.

**تێبینی:**

ئەم بابەتـە وەك توێژینەوەیەك لـە لایـەن زانکۆی لوبنـانی فەرەنسی لـە ساڵی ٢٠١٦ وەرگیراوە.

# بەشی دووەم

## بواری پیادەکردنی کۆنفیدراڵیەت

## (باشووری کوردستان و عێراقی عەرەبی وەك  نموونە)

**دەروازە:**

دەوڵەت شێوەیەکی تێکەڵاو وەردەگرێت ئەگەر لە سەر بنەمای یەکگرتنی چەند دەوڵەتێك پێکهات و، یەکێتییەك هاتە ئاراوەو هەموویان پابەندی دەسەڵاتێکی هاوبەش دەبن، ئەگەر چی نابێتە هۆی هێنانەدی یەك دەوڵەتیی.

فیدراڵیەت پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوویە (دولە اتحادیە)، بەڵام شێوازەکانی دیکەی دەوڵەتی یەکگرتوو ئەوا یەکگرتوویی نێوان دەوڵەتانە (اتحادات بین الدول). لە گەڵ ئەوەی جیاکاری دەبینرێت لە نێوان شێوازە جیاوازەکان دەوڵەتانی تێکەڵاو، دەکرێ خاسیەتی بەراوردکاری لە نێوانیان ئەنجام بدرێت و، جیاکاریش لە نێوانیاندا زۆر ورد و مانیع نییە و هەندێکیان شێوازی پێشکەوتووی ئەوی دیکەی [1].

لە بنەڕەتدا یەکگرتنی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە بابەتی یاسای نێودەوڵەتین، بە ڕێککەوتننامە یان بەڵێننامە یان پەیماننامەی نێوان دەوڵەتان، یان بە هۆی بارودۆخ و هۆکاری نێودەوڵەتیی دیاریکراوەو دروست دەبێت، بەڵام جیاوازی نێوان یەکگرتوویی دەوڵەتان بە شێوەیەك لە شێوەکان (ئەگەر بە ناراستەوخۆ بێت) پەیوەندی بە سیستەمی سیاسی و یاسای

---

1- د. ثروت بدوي، النظم السياسية، دارالنهضة العربية، ط١، ١٩٦١، ص ص ٢٢١ – ٢٢٢، بحيث الإتحاد الفدرالي تطوير للإتحاد للإستقلالي، كما أن الإتحاد الحقيقي كثيراً ما يعقب الإتحاد الشخصي.

دەستورییەوە هەیە[1].

کۆنفدراڵیەت بەهێزترین شێوازی هاریکارییە لـە نێـوان دەوڵـەتانی سـەربەخۆدا کـە بەیەکـەوە کـار بکـەن بـە گـوێرەی پەیماننامەیـەکی نێودەوڵەتی، بەهۆیەوە دەزگایەك یان چەند دەزگایەکی ناوەندی کـە خاوەن وەزیفەی جۆراو جـۆرن دروسـت دەبـن. تـا چـەند دەتـوانین چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ کۆنفیدڕاڵیەت دیاریبکەین و دەکرێ بـاس لە تێگەیشتنێکی نوێ بۆ رواڵەتـەکانی کۆنفیـدڕاڵی بکرێـت. دەرفـەت هەیە کۆنفیدڕاڵی رابگەێنرێت بـە بـێ ئـەوەی لایەنـەکانی بـە قۆنـاغی سەربەخۆییدا رۆیشتبن؟ ئایا دەکرێ لـە نێـوان کوردسـتان و عێراقـی عەرەبیـدا کۆنفدڕاڵیـەت رابگـەێنرێت؟ ئەمانـە بـە یەکـەوە گریمانـەی سەرەکی توێژینەوەکە پێك دەهێنن.

بـۆ دیـاریکردنی چوارچـێوەی توێژینەوەکـەمان، هـەردوو لایـەنی تیۆری و پراکتیکی و ئەزموونی کۆنفیدڕاڵی لە کۆن و نوێدا دەخەینـە روو، لە رووی بابەتییەوە هەڵسەنگاندن و شیکاری بـۆ دەکـەین، لـە گـەڵ نیـشاندانی ئەگـەری هێنانـە ئـارای کۆنفیـدڕاڵی بـۆ باشـووری کوردسـتان . بـۆ روونکردنەوەیـەکی زانـستیانە سـەبارەت بـە پرسـی کۆنفیـدڕاڵی لــە عێراقـدا (لـە نێـوان بەشـی کوردسـتانی و بەشـی عەرەبیـدا)، پێویـستە بـاس لـە دەوڵـەت و جۆرەکـانی و پێناسـەی کۆنفدراڵیەت و گونجاندنی یاسایی و خاسیەتەکانی بکـەین و رەوشـی

---

1- جورجي شفيق ساري، الأسس والمباديء العامة للنظم السياسية، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠١ – ٢٠٢، ص ١٤٩.

یاسـایی عێـراق و کوردسـتانی باشـوور بخەینـە روو تـا وەڵامێکـی گونجاومان بۆ دروست بێت.

بابـەتی کۆنفدراڵیـەت کـەمتر بۆتـە جێگـای بایـەخی توێـژەرو لێکۆڵەرەوان، پەرتووك و دیراساتی تایبەتی لە سەر ئەنجام نەدراوە، بۆ ئێمە گرنگە ئەگەری ئەم چەمکە وەك فاکتێکی قانونی شیکاری بۆ بکرێت و، ئەو بەرچاوروونیەمان پێی بدات کە ئایا دەکرێ پەیوەنـدی نێـوان نەتـەوەکان لـە چوارچـێوەی رێککـەوتنی ئارەزوومەندانـەی پەیماننامەی سەربەخۆدا یەکبگرێتـەوەو دابڕێژرێتـەوە؟ ئـەوە بخاتـە روو ئایا چارەسەری کۆنفیدراڵی بۆ کێشەی نێوان نەتەوەکانی کورد و فارس و عەرەب و تورك گونجاوو کردەیی نییە؟ .

لەمـەوە دەمانـەوێت ئـەو دیدگایـە رۆشـن بێـت کـە باشـووری کوردستان لە گەڵ عێراقی عەرەبیدا کۆنفدراڵیـەتێکی ئارەزوومەندانـە پێـك بێـنن؟ ئەمـەش دوای ئـەو راسـتیەی کـە لـە ۲۰۰۳ ەوە گۆڕانی جۆری لـە ناوچـەکە روویـداوەو، دەکـرێ لـە شکسـتی حـوکمڕانی لـە عێراقدا بیر لە چارەسەری وەك کۆنفیدراڵی بکرێتەوە؟ لە لایـەکی دی دەستوری عێـراق بـە پـشت راسـت کردنـەوە لـە لایـەن ناوەنـدەکانی توێژینەوە لە ناوخۆو دەرەوە، نەتوانراوە جێبەجێ بکرێـت و، یـارای زیندووکردنـەوەی ئەسـتەمە و، گۆڕانکاریـەکانی ناوچـەکە بـە شـەڕی جیهانی دژ بە تیرۆری نێودەوڵەتی ئەوە دەخەنە روو کە نەخشەیەکی نوێ لە کیانی یاسـایی و سیاسـی نـوێ لـە ئارادابێـت و، پێـشوازی لێ بکرێت.

# ١- دەوڵەت و یەکێتی نێوان دەوڵەتان

ئەو دەوڵەتانەی لە سەر یەك یەكێتی و لە یەك ناوەندی سیاسی حوكمڕانیدایە بە دەوڵەتی ساكار ناسراون، بە شێوەیەك چوارچێوەی یاسایی ئەو قەوارانە یەكێتی دەوڵەتە، واتە كۆمەڵێ كانتۆن كە یارا– ی دابەشكردن نییە، لە دەرەوەی دەوڵەتی ساكار دەوڵەتی نا ناوەندێتی هەیە، دیارترینیان ئیسپانیا، یان ئیتاڵیا كە دەستوری ١٩٤٧ دان بە یەكەی هەرێمیدا دەنێت و وێڕای بواری كارگێڕی، دەسەڵاتی یاسا دانانیشیان هەیە. هەروەها دەوڵەتی تێكەڵاو، كە دەوڵەت دابەش بووەو، یەكەكانی دەوڵەت پێكدینن و لە نێوانیاندا گرێبەستی نێودەوڵەتی یا دەستوری هەیە.

لەم بەشەدا، باس لە دەوڵەت و شێوە و خاسیەتەكانی یەكێتی نێوان دەوڵەتان و لایەنە پەیوەندیدارەكانی دەكەین.

## ١-١ دەوڵـــەت

دەوڵەت دیاردەیەكی كۆمەلایەتی و سیاسی و مێژووییە، فاكتەر گەلێكی جوگراف و مێژوویی و كۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و ...هتد، بەشداری تێدا دەكەن، ئەم فاكتەرانە وا لە كۆمەڵە خەڵكێك دەكەن كەخۆیان ئامادە بكەن بۆ ژیان لە چوارچێوەی كیانێكی سیاسی و تایبەتی ئارامگرتوو كە بەخاسیەتی سەربەخۆییەكی

ڕێکخراو دەناسرێت[1].

دەوڵـەت یـان لـە کۆمەڵـە خـەڵکێك کـە سـەقامگیر دەبـن لەسـەر هەرێمێك و ملکەچـی هـیچ دەوڵـەتێك نـین کـە دێتـە دی ئـەو کومەڵـە خەڵکە تا ئاستێکی وەها پێش دەکەون و گەشـە دەکـەن کـە بتـوانن سیستەمێکی سیاسی و یاسایی بنیات بنێن تا بتوانن حـوکمی خۆیـان بکەن و کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن. زۆربەری دەوڵەتە کۆنەکان لە ئاسیاو ئەوروپا و ئەفریقیا بەم شێوەیە دروست بوون[2].

بەڵام لەچاخی نوێدا، کەمتر دەوڵەتان بەم شێوەیە دروست دەبن، دەوڵەتان یان لەرێگەی لێکهەڵوەشانی دەوڵەت و دابەشبوون بۆ چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەهۆی شۆڕش یان جـەنگ یـان بزووتنەوەیـەك کـە خواسـتی جیابوونـەوەی هەیـە دروسـت دەبێـت. یـان لـە ڕێگـەی کۆبـوونی چـەند دەوڵـەتێك و سـەرەنجام دروسـتکردنی دەوڵـەتێکی ساکار یان تێکەڵاوی لێدەکەوێتەوە.

بۆ زانین دەکرێت چەند نموونەیەك بخەینـە پـێش چـاوی خۆمـان، نموونەی ئەو دەوڵەتانەی کە بە گوێرەی رێگەی یەکەم دروست بوون، دەوڵەتی بەرازیل کە لە ساڵی ١٨٢٢ لە پۆرتوگاڵ جیابۆوە، هـەروەها

1- بۆ پێناسەکردنی دەوڵەت بڕوانە: د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، الإعـلان عـن الدولة، دراسة تاصيلية وتحليلية في القانونية الدولي العام والدستوري، دار الكتـب القانونية، ٢٠٠٩، ص ٢٥ – ٧٦.

2- بڕوانـە د.حـسن جلـبي، الـوجيز في القـانون الـدولي العـام، شـركة طبـع ونـشر الآهلية، بغداد، ج١، ١٩٦١، ص ١٦٩ .

کۆمارەکـانی ئـەمریکای ناوەراسـت و خـواروو کـە لـە ئیمپریـالیزمی ئیسپانی لە ماوەی سەدەی ١٩ مدا جیابونەوە وەك کوبا و مەکسیك و بیرۆ و پەنەما، هەروەها دەولەتانی سوێد و نرویج کە لە سـالی ١٩٠٥ لـە ژێـر یەکێتیـەکی راسـتینە لێکجیابونـەوە، هـەروەها دەولـەتانی نەمـساو مەجـەر و چیکـسلۆفاکیا کـە بـە هـۆی لێـك هەلوەشـانی ئیمپراتۆریەتی نەمساو مەجەر لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان دروست بوون و دواتر چیکسلۆفاکیا لە سالی ١٩٩٣ بوو بە دوو دەولەتی چیك و سلۆفاکیا.

هـەروەها دەولـەتانی عـەرەبی و ناوچـەکە کـە بـە لێکهەلوەشـانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دروست بوون . نمونەی ئەو دەولەتانەی کە بە شێوازی دووەم دروست بوون نمونەی ئیتالیا و ئـەلمانیا بـوون کـە بە هۆی یەکگرتنی چەند دەولەتێکی بچوك دروست بـوون، هـەروەها ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە لە میانەی کۆبـوونی ویلایەتـەکانی ئەمریکای باکوور بە شێوەی کۆنفدرالی لە ١٧٨١ – ١٧٨٧بۆ یەکەم جار دروست بوو.

دەولەت بەهەر شێوەیەك دروست ببێت، ئەوا شێوازی پێکهێنـانی ناوخۆیی دەستوری ولات دیاری دەکات و گەل ئازادە لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنووسین و شێوازی حوکمرانی و سیستەمی سیاسی و ئابووری خۆی، بە مەرجێك پێـچەوانەی بنـەما سـەرەکیەکانی یاسـای نێودەولەتی نەبێت.

## ١-٢ شێوەكانی دەوڵەت

مەبەست لە جۆر یان شێوەی دەوڵەت، نیشاندانی پێكهاتنی نێو دەوڵەتی و دەستوری ئەو دەستەو دەسەلاتانەیە كە لە چوارچێوەی دەسەلات و توانای یاسادانان و سیاسی لە دەوڵەتێكدا دەخاتە روو كە ئایا ئەو توانا و دەسەلاتە لە دەستی دەستەیەكدایە یان دابەش بووە بەسەر چەند دەستەیەكی جۆراوجۆردا. دەوڵەت بۆ چەند شێوازێك دابەشكراوە، لەرووی پێكهاتە و سیستەمی حوكم و بوون یان نەبونی رواڵەتەكانی سەربەخۆیی سروشتی پەیوەندی یاسایی دەوڵەتان ئەوە دەخوازێ كە لە سەر شكڵی یاسایی دەوڵەتان بوەستین.

لە رووی یاساییەوە شێوەی دەوڵەت دەرئەنجامی لە سەر بونیادی یاسایی و دابەشكردنی دەسەلاتەكان لێدەكەوێتەوە، دواتر لە سەر وەزیفەكانی دەوڵەتیش ، لە رووی سیاسی – كۆمەلایەتیشەوە تا ئاستێكی زۆر شێوەی دەوڵەت پەیوەستە بە لایەنی مێژوویی و پێكهاتەی كۆمەلایەتی. گرفتی دەوڵەت گرفتێكی كۆنە (بنیاتنانی یەكێتیەكان لە نێوان دەوڵەتە شارەكانی یۆنان، دروست بوونی دەوڵەتی ناوەندی لە سیستەمی پادشایی لە ئەوروپای رۆژئاوا) و دەوڵەتی هاوچەرخ (فرەیی دەوڵەتە هاوچەرخەكان بە جیاوازی قەبارەو هێزەوە ئەمەش وا لە هەندێكیان دەكات كە شێوەیەك لە

شێوەی یەکگرتن بگرنە بەر)[1].

یاساناسانی دەستوری دەوڵەتان لەروی شکڵی ناوخۆوە بۆ دەوڵەتی ساکار و دەوڵەتی تێکەڵاو دابەش دەکەن، بەڵام یاساناسانی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای سەروەری دابەشی دەکەن بۆ دەوڵەتی خاوەن سەروەریی تەواوو خاوەن سەروەری ناتەواو.

**لقی یەکەم: دەوڵەتی ساکار**

ئەو دەوڵەتەیە کە کاروباری ناوخۆو دەرەوەی ئەو دەوڵەتە لە لایەن یەك دەسەڵاتی ناوەندییەوە بەڕێوە دەبرێت وەك دەوڵەتی ئێران و تورکیا و فرەنسا..هتد.

**لقی دووەم: دەوڵەتی تێکەڵاو**

پێکهاتەی یەکێتییەکە کە زیاتر دەوڵەتێك یان کیانێك لەخۆ دەگرێت و بەهاوبەندییەکی هاوبەش بەیەکەوە بەستراون، پابەندی دەسەڵاتێکی هاوبەش یان تاکە سەرۆکێکی باڵان. کەواتە دەوڵەتی تێکەڵاو لە دوو دەوڵەت یا کیان یان زیاتر پێکدێت و لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش دروست بووە. لەم جۆرە دەوڵەتانەدا دەسەڵات حوکمڕانی بەسەر دەوڵەتاتی ئەندامدا دابەشبووە، شێوەی

1- د. زهير شكر، الوسيط في القانون الدستوري – الجزء الأول، المؤسسة الجامعية للدراسات وانشر والتوزيع، ١٩٩٤، ط ٣ ، ص٤٨.

هـــەر دەوڵـــەتێك شـــێوەیەکی تایبـــەتی لـــە دابەشـــبونی دەســـەڵاتی فـــەرمانڕەوایی تێدایـــە، یـــەکێ لـــەو شـــێوە دەوڵەتانـــە دەوڵـــەتی کۆنفدراڵیە (یەکێتی سەربەخۆیی هاوپەیمانی) [1].

## ١-٣ ناساندنی دەوڵەتی ( یەکێتی ) تێکەڵاو

بارودۆخی جۆراوجۆر بوونـە هـۆی ئـەوەی دەوڵـەتان بـە رایەڵـەی جۆراوجـۆرەوە بـە یەکـەوە ببەسـترێنەوە، ئـەم رایەڵانـە شـێوازی جیـاوازی هەیـە، هـەر لـە بـواری پەیوەندییـە نێودەوڵەتیەکانـەوە تـا هاوپەیمانی سیاسی و سەربازی و .........هتـد، ئەمـەش بـووە هـۆی هێنانـەدی یـەکێتی دەوڵـەتانی جۆراوجـۆر کـە هـەڵگری خاسـیەت و مەبەستی جیاواز بن.

بـەم شـێوەیە دەوڵـەتی تێکـەڵاو دەوڵـەتێکی یـەکگرتووە، لـە یەکگرتنی دوو دەوڵەت یان زیاتر پێکدێت، بـە مەبەسـتی بـەدیهێنانی ئامـــانجی هاوبەشـــی ئـــەو دەوڵەتانـــە. لـــەو رایەڵـــە یـــەکگرتوەش

---

1- بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: اندریـە هوریـو، القـانون الدسـتوري والمؤسـسات الـسياسية، الأهليـة للنـشر والتوزيـع، الجـزء الأول، ، ط٢ ،بـيروت ، ١٩٧٧، ص ١٤٩ ومـا بعـدها، و د. محمـد كامـل ليلـة، المبـادئ الدسـتورية العامـة والـنظم الـسياسية، دار الفكـر العربـي، ط١، ١٩٥٨ – ١٩٥٩، ص ٢٧٦، و د. عبـدالكريم علوان، النظم السياسية والقـانون الدسـتوري، دار الثقافـة للنـشر والتوزيـع، ط١، ٢٠٠٩، عمان، ص ٥٧ وما بعدها.

دەسـەڵاتێکی هاوبـەش پێکـدێت، هـاو کـات هـەر دەوڵەتـە بڕێـك لـە دەسـەڵاتی خـۆی دەپارێزێـت کـە فراوانبـوون و بەرتەسـکبوونی بـە گوێرەی جۆری یەکێتیەکە و بارودۆخی هەر یەکێتییەك دەگۆڕێت[1].

بەم شێوەیە دەوڵەتی تێکەڵاو یان یەکێتی، کۆمەڵە دەوڵەتێکن بۆ هێنانەدی ئامانجی هاوبەش یـەکیان گرتـووە، لـە یـەکێتی نێـوان دوو دەوڵەت یـا زیـاتر پێکـدێت لەگـەڵ پابەنـدبوونی دەوڵـەتانی نـاوخۆی یەکێتیەکـە بـۆ دەسـەڵاتێکی هاوبـەش، دەسـەڵاتەکان بـە سـەر دەوڵـەتانی ئەنـدام دابـەش دەبـن و، جـۆری دابەشـبوونەکەش بـە گوێرەی جۆری یەکێتیەکە دەگۆڕێت کە بە یەکیانەوە گرێ دەدات[2].

یاساناسانی قانونی دەستوری و قانونی نێونەتەوەیی، یەکێتیەکان بۆ چەند جۆرێك دابەشـدەکەن، بـە گـوێرەی ئـەو پەرەسـەندنەی لـە راستی و ئەزموونە مێژووییەکانەوە هاتۆتەدی، هەروەها بـە گـوێرەی خاسیەتە هاوبەشەکانی هەر جۆرێکیان، لە گەڵ ئەوەشدا ڕێسای دیار و ئەبستراکت و خاسیەتی دیـاریکراو بـۆ هـیچ جۆرێکیـان نییـە و، لـە هەمان کاتدا سیماو سیستەمی هەریەکـەیان لـە بـەرەو پێـشڤەچوونی بەردەوامدایــەو، یاساناسـانی قـانونی دەسـتوری و نێودەوڵــەتی، یەکێتیـەکان دابەشـدەکەن بـۆ یـەکێتی کەسـی و یـەکێتی فیعلـی و

---

1– د. نوري لطيـف، القـانون الدسـتوري، مطبعـة عـلاء الوزيريـة، الطبعـة الثانيـة، بغـداد ١٩٧٩، ص١٢٥، د. محمـد عمـر مولـود، الفدراليـة وامكانيـة تطبيقهـا في العراق، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، ط١، ٢٠٠٠، ص ٣١٨ – ٣١٩.

2 – د. محمد كامل ليلة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٩ – ٢٨٠.

یەکێتی سەربەخۆیی (کۆنفیدڕاڵی) و یەکێتی فدراڵی[1].

کەواتە لە ڕووی یاساییەوە جیاوازی لە دوو جۆری سەرەکی نێوان دەوڵـەتانی تێکـەڵاو دەکرێـت: دەوڵـەتی تێکـەڵاو لـە سـەر بنـەمای گرێبەست و دەوڵەتی فیدڕاڵی، لە ناو دەوڵـەتی تێکـەڵاویش لـە سـەر بنـەمای گرێبەسـتی جیـاوازی دەکرێـت لـە نێـوان یـەکێتی نێـوان دەوڵەتان کۆنفیدڕاڵیەت و نێوان شێوە هاوچەرخەکانی یەکێتی[2].

## ٤-١ خاسیەتەکانی یەکێتی (الاتحاد) بە شێوەیەکی گشتی

دەوڵەتی تێکەڵاو بەرهەمی ئـەزموونی مێـژوویی و هۆکـاری جـۆراو جـۆرە، بـە مەبەسـتی هێنانـەدی بەرژەوەنـدی هاوبـەش و دوورخستنەوەی مەترسی هاوبەش (کۆنفیدڕاڵیـەت) و ئـارەزووکردنی هاوبـەش بـۆ گەشـەپێدانی پەرەپێـدانی ئـابووری (یـەکێتی نێـوان دەوڵەتان بە مەبەستی ئابووری) یان بوونی هاریکاری و پشتیوانی لە چوارچێوەی جۆرێتی.

هەر یەکێتیەك لە جۆرەکانی یەکێتی فیدراڵی یـان یـەکێتی کەسـی یان یـەکێتی راسـتی یـان یـەکێتی کۆنفیـدراڵی خاسـیەتی گـشتگیر و

---

1– د. ابـراهيم أبـو حـزام، الوسـيط في القـانون الدسـتوري، دار الكتـاب الجديـد المتحدة، ط٢، ٢٠٠٢، ص ص ٢٢٧ – ٢٢٨، و و د. محمد كامل ليلة، المبـادىء الدستورية العامة والنظم السياسية، المصدر السابق، ص ٢٧٧ و مابعدها.

2 – د. زهير شكر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

مەرجی هەیە کە لە هەموویاندا هاوبەشن لە گرنگترین ئەو مەرج و خاسیەتە هاوبەشانە[1]:

١- بابەتی بیرۆکەی دابەشکردنی هێزی دەسەلآت لە نێوان یەکێتی و دەولـەتانی ئەندام، پرنسیپی دابەشکردنی دەسەلآتەکان لە راستیدا هۆو ئامانجی ئەو یەکێتیە یە، راستی و مانای هەر یەکێتیەك ئەوەیە کە زۆر یان کەم هەندێ لەو دەسەلآتانە لە دەستی دەولەتانەوە بۆ دەستەیەکی دی دەگوازرێتەوە کە لە هەموو دەولەتان پێکدێت.

٢- بابەتی بیرۆکەی یەکسانی لە ماف و ئەرکدا لە نێو ئەندامانیدا.

٣- پرینسیپی بەشداری و هاوبەش کە پێویستە هەموو دەولـەتانی ئەندام لەسەر بنەمای یەکسانی بەشداری لە وەرگرتنی بڕیاردا بکەن. لە رێگەی دەستەکانەوە، سروشتی ئەم بەشداریکردنەش لە یەکێتیەکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە.

٤- پابەند بوون بە پرینسیپی سەربەخۆیی زاتی بۆ هەر ئەندامێك هەر ئەندامێك بە تەنیا کاروباری خۆی لە چوارچێوی دەسەلآتی خۆی بەڕێوەدەبات هەریەکە لە دەولـەتانی ئەندام دەزگای یاسادانان و دادوەری و راپەراندنی خۆی هەیە، ئەگەر ئەمەش نەبێت ئەوا ئێمە لەبەر دەم دەولـەتی ساکاردا دەبین نەك

---

1- د. ثروت بدوي، النظم السياسية، الكتاب الأول، دار النهضة العربية، ط١، ١٩٦١، ص٢٢٩ وما بعدها، و د. حسن الجلبي، المصدر السابق، وما بعدها.

تێکەڵاو.

٥- هۆکاری جۆراو جۆر و بارودۆخی تایبەت کە دەبێتە هۆی هێنانەکایەی یەکێتی و ئەو ئامانجانەی دەیەوێت بیهێنێتە دی، دەبێتە هۆی جیاوازی لە شێوەو جۆری هەر یەکێتیەك و کاریگەر دەبێت لە سەر جۆرایەتی لەو تواناو دەسەڵاتانەی کە لە دەوڵەتەکانەوە دەگوزارێتەوە بۆ دەستەکان و لە سەر جۆرو سروشتی ئەو رێکاری و دەستانەی کە ئەو توانا دەسەڵاتە هاوبەشانە بەڕێوە دەبەن.

## ٢- یەکێتی کۆنفیدراڵی (کۆنفدراسیۆن)
## Union Confederation

ئـەم یەکێتییـە لـە دەوڵـەتێك یـان زیـاتر پێکـدێت، هەریەکـەیان سەروەری و سەربەخۆیی خۆی هەیە لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، هەریەکەشیان سەرۆکی خۆی هەیە[١]، لە خوارەوە پێناسە و ئامـانج و پێگەی یاسایی و خاسیەتەکانی ئەم یەکێتییە دەخەینە ڕوو:

### ٢-١ پێناسەی کۆنفیدڕاڵی

کۆنفیـدراڵی [٢]بەرێکـەوتنی زیـاتر لـە دەوڵـەتێك بـە پەیماننامایـەکی نێودەوڵەتی پێکدێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی هاوبـەش لـە نێوانیانـداو بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی هاوبەش بـە گـوێرەی پەیماننامەکـە بـۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان دروست دەکەن .

د.حسن الجلبی دەڵێ: یەکێتییەکە لە هاریکاری چەند دەوڵەتێك بۆ هێنانـەدی ئامـانجی هاوبـەش، ئەمـەش لـە میانـەی پەیمانێکـدا بـۆ

---

1– د. محسن خلیل، القانون الدستوري والنظم السیاسیة، ١٩٨٧ ، ص٣٠٨.

– یـەکێتی کۆنفیـدڕاڵی نـاوی جیـاوازی بـۆ دانـراوە لەوانـە: یـەکێتی دەوڵـەتان، یـەکێتی بـە گرێبەسـت یـان سـەربەخۆیی، یـەکێتی دەوڵەتـە گرێبەسـتەکان، یـەکێتی هاوپـەیمانی، یـەکێتی دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان ، بڕوانـە: د. محەمـەد عومەر مەولوود، فیدڕاڵیەت و دەرفەتی پیادەکردنی لە عێراقدا، هـەولێر، چـاپی یەکەم، ٢٠٠٦، ل ٣٤٩. 2

دروستکردنی دەستەیەکی گشتی کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنە لە سەر حکومەتەکانی دەوڵەتانی پەیماندەر بە بێ ئەوەی ئەم دەستەیە خاسیەتی حکومەتی بالاًی هەبێت بەسەر حکومەتەکان یان دەسەلاًتی بە سەر هاولاًتییاندا هەبێت[1].

دانیاڵ ئیلیزار Daniel J.Elazar پێناسەی کۆنفیدراڵیەت دەکات و دەڵێت: یەکگرتن یان چوونە ناوی دوو دەوڵەتە کە پێشتر بوونیان هەیە بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی هاوبەش بۆ مەبەستی دیاریکراو (وەك کاروباری دەرەوە، یان بەرگری، یان بابەتی ئابووری)، ئەو دەستەیە پشت بە حکومەتەکانی دەبەستێت و، لە نوێنەرانی حکومەتەکان پێکدێت، بەمەش بنەچەیەکی هەڵبژاردن و دارایی ناراستەخۆی هەیە، وەك سویسرا ١٢٩١ – ١٨٤٧ و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ١٧٧٦ – ١٧٨٩ و، لە هاوچەرخیشدا کۆمۆنوێلسی دەوڵەتە سەربەخۆکان[2].

کەواتە کۆنفیدراڵیەت یەکێتییەکە لە نێوان یەکە سیاسیەکاندا بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری هاوبەش کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی هاوبەشی نێوانیانەوە هەیە، بە هۆی پەیماننامەیەکەوە دێتە ئاراوە کە دەیەوێت مامەڵەیەکی هاوبەشانە لە گەڵ پرسە هەستیارەکاندا بکات وەك کاروباری بەرگری و دەرەوە یان دراوی هاوبەش و ....

---

1– د. حسن الجلبي، القانون الدولي العام، مطبعة شفيق، ١٩٦٤، بغداد، ص٢٢١.

2 - Daniel Elazar, Confederation and federal Liberty, in publius, 12 (4), 1982, p.4.

هتد[1]. له سیاقی مێـژووی گـەلانی رەسـەنی ئـەمریکا، کۆنفیدڕاڵیـەت ئاماژەیە بۆ هاوپەیمانییەکی سیاسی و سەربازی نیمچە هەمیـشەیی کـە لـە گـەلانی جۆراوجـۆر پێکـدێت و هەریەکـەیان سـەروەری و پێشەوایەتی خۆی دەپارێزێت[2].

بـەم شـێوەیە یـەکێتی کۆنفیـدڕاڵی یـان پـەیمانێتی (الاتحـاد الکونفـدرالی أو التعاهـدی) لـە دوو دەوڵـەت یـان زیـاتر پێکـدێت و، پەیماننامەیەك کۆیان دەکاتەوە کە تیایدا پەیگیری ئەنـدامان دەکات بە کـارکردن بـۆ هێنانـەدی ئامانجـەکانی دیـاریکراو بـە رێزگرتنـی لـە هەنـدێ پرنـسیپ کـە لـە سـەری رێککـەوتوون[3]. دەوڵـەتان تـەواوی سـەربەخۆیی و دەسـەڵاتیان لـە نـاوخۆو دەرەوەی وڵاتـدا دەبێـت. دەوڵەتان خاوەن دەسەڵاتن، دەستە یان دەستە هاوبەشـەکان تـەنها ئامرازێکـە بـۆ دەرخـستنی ئـارەزووی ئـەو دەوڵەتانـەو کـارکردن بـۆ سازاندنی نێوانیان[4].

بنـەمای پێکهـاتنی ئـەم یەکێتیـە پەیماننامـەی نێـوان دەوڵەتانـە، دەستەیەکی هاوبەش کە پێی دەگوترێت کۆمەڵە یان ئەنجومـەن یـان کۆنگرە سەرپەرشتی دەکات و، لـە نوێنـەرانی دەوڵـەتانی ئەنـدام بـە

1 - en. Wikipedia.org/wiki/confederation.
2 -ibid.
3– محمد بكر حسين، الإتحاد الفدرالي بين النظرية والتطبيـق، أطروحـة الـدكتوراه، كلية الحقوق جامعة عين شمس، ١٩٧٧، ص٣٢٨.
4– بڕوانە: د. سعد عـصفور، المبـادىء الأساسـية في القـانون الدسـتورى و والـنظم السياسية، منشاة المعارف بالأسكندرية، ١٩٨٠، ص١٢٠.

شێوەیەکی یەکسان پێکدێت، دەسەڵاتی ئەو ئەنجومەنە تەنها ئـەوە دەبێت کە لە ڕێککەوتنەکەدا هاتوە ئەویش بـە شـێویەك دەبێـت کـە زیـاتر بـەڕێوەبردنی هەنـدێ کاروبـاری هاوبـەش لـەجیاتی ئەنـدامان بەڕێوە دەبات[١].

کۆنفیدراڵییـەت، پەیماننامەیـەکی سیاسـی مافدراییـە، یەکێتیـەك دێنیتـە دی بـە مەبەسـتی پاراسـتنی ئاسایـشی نێـوان دەوڵـەتانی هاوپـەیمان یـان بـۆ بەگژداچـونەوەی یـان ڕێگـە گرتنـی هاوبـەش لـە دوژمنانی دەرەکی یان هێنانە دی ئاشتی نێوان دەوڵەتە ئەندامەکانی یان هێنانە ئارای هەندێ بەرژەوەندی هاوبەش، کەواتە کۆنفدرڕاڵیەت یەکێتیەکیە لە دەوڵەتان بۆ کاری هاوبەش .

پـەیوەندیەکان لـە نـاو کۆنفیدراڵیەتـدا ملکەچـی مـاف نێودەوڵـەتی دەبـن، لەسـەر بنـەمای یەکـسانی نێـوان ئەنـدامان دێتـە دی کـە ڕەزامەندن هاریکاری لە هەندێ پرسدا لەگەڵ یەکتردا بکەن بێ ئەوەی سـەروەری هـیچ دەوڵـەتیك لـەرووی پرنـسیپەوە پێـشیل بکرێـت زۆر جاریش کۆنفدراڵیەت بە حاڵەتێکی کاتی لـە قەڵـەم دەدرێت کـە یـان مەرکەزیـەتی تێـدا زاڵ دەبێـت و دەبێتـە دەوڵـەتێکی سـادە یـان فیدراڵی، یان لێکهەڵدەوەشێتەوە[٢].

---

1- بڕوانە: مهند ولید الحداد وخالد ولید الحداد، مـدخل لدراسـة القـانون، مؤسـسة الوراق، عمان – الأردن، ط١، ٢٠٠٨، ص ١٠٣ .

2- بڕوانە: د.محمد طي، القانون الدسـتوري والمؤسـسات الـسياسية، ط٧، ٢٠٠٩، ص ١١٠. سەبارەت بە یـەکێتی ئـەوروپا و گونجانـدن و شـیکاری یاسـایی و←

## ٢-٢ ئامانجی یەکێتی کۆنفدراڵی

لە کاتێکدا هەریەکە لە دەوڵەتانی ئەندام سەروەری ناوخۆو دەرەکی خۆی هەیە، بەڵام پێش وەخت هەریەکەیان لەبڕێك لە ئازادی خۆیان لە هەڵس و کەوت کردندا بۆ دەستەیەکی هاوبەش لە دەست دەدەن، دەوڵەتانی ئەندام داوا لە دەستە هاوبەشەکانی ئەو یەکێتیە کۆنفیدراڵیە دەکەن کار بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە بکەن کە لە پەیماننامەکەدا هاتووە لە سەرەکیترین ئەو ئامانجانە[1].

١- پاراستنی سەربەخۆیی دەوڵەتانی ئەندام.

٢- ڕێگرتن لە هەڵگیرسانی شەر.

٣- بەرگریکردن لە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و جێگای بایەخی دەوڵەتانی ئەندام.

٤- دانانی ڕێسای گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

٥- هاریکاری لە بوارە جۆراوجۆرەکانی جێگای بایەخی هەردولا بە تایبەت کە توانای دەسەڵاتی کۆنفیدرالی جۆراوجۆر دەبێت دەکرێ

---

←ئەو بۆچوونانەی خراونەتە روو لە لایەن یاساناسانەوە بڕوانە: جواس حسن، طبيعة الإتحاد الأوروبي – دراسة قانونية – سياسية تحليلية في ضوء المعاهدات المنشئة للإتحاد ومشروع الدستور الأوروبي، دار المعرفة بيروت – لبنان، ط١، ٢٠١٠، ص ٢٥٢ و دواتر.

1- بڕوانە: د.محمد حافظ غانم، مبادیء القانون الدولي العام، مطبعة نهضة مصر بالفجالة، ط١،١٩٥٦، ص ١٦١ .

سیاسی یان یاسادانان یان دادوەری یان راپەراندن بێت چونکە ریکخستنی ئەو دەستەیە پەیوەست نییە بە پرنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.
٦- بایەخدان بە بوارەکانی وەبەرهینانی هاوبەش و هاتوچۆی هاوڵاتیانی دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتی کۆنفدراڵی بێ کێشە و گرفت.

## ٣-٢ پێگەی یاسایی دەستەی باڵای یەکێتی کۆنفدراڵی

کۆنفدراسیۆن تەنها هاوپەیمانێتییەکی ساکار نییە، چونکە یەکەیەك لە خۆ دەگرێ کە لە نوێنەرانی دەوڵەتەکان پێکدێت و، بە شێوەیەکی دەوری کۆدەبنەوە بە مەبەستی باسکردن و شەن و کەوکردنی بابەتە هاوبەشەکان، ئەمەش تەنها ئامرازێکی هاوبەشە بۆ جێبەجێکردنی خواستی زاتی و هاوبەشی هەموو ئەندامان، بڕیارە گرنگەکان بە تێکڕای دەنگ وەردەگیرێن و، لە زۆر باریشدا پێویست بە وەرگرتنی ڕای گەل و ریفراندۆم دەکات[١].

دەستەکانی یەکێتی کۆنفدراڵی حکومەتێکی باڵا نین کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو دەوڵەتانی ئەندام و هاوڵاتیانەوە هەبێت قسەی ئەو دەستەیە بەسەریاندا جیبەجێ ببێت، بەڵکو کاری ئەو دەستەیە

1- أندریە هوریو، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

دانــانی سیاســەتی گــشتیە بــۆ دەوڵــەتانی ئەنــدام ســەبارەت بــەو مەسەلانەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی توانا دەسەڵاتیانەوە و جێگای بایــەخی ســەرجەم دەوڵــەتانی ئەندامــە، وەك هەماهــەنگی لــە بــواری ئــابووری یــان بــەرگری یــان سیاســی، یــان رۆشــنبیری یــان هــەر بەرژیەوەندییەکی دیکەی هاوبەش.

کەواتە دەستە راوێژکارییەکە یان کۆنگرە سیاسیەکە ئەرکەکەی لە رەسمکردنــی سیاســەتی هاوبەشــدا چــڕ دەبێتــەوە کــە دەوڵەتــە ئەندامەکان لە سەری دەڕۆن. واتە دەوڵەتی سەرو دەوڵەتان نییــە و، بڕیارەکانی راستەوخۆو یەکسەر لە ناو دەوڵەتەکاندا جێبــەجێ نــابن، بەڵکو هەر دەوڵەتە بە گوێرەی دەستوری خۆی مامەڵــەی لــە گەڵدا دەکات[1].

هەورووەها ئەم دەستەیە سروشتێکی سیاسی هەیە، بــەو مانایــەی ئەندامانی نوێنەرایەتی حکومەتەکانیان دەکــەن و، گوزارشــت لــە رای ســەربەخۆی خۆیــان یــان رای بەکێتیەکــە ناکــەن، بریارەکــان بــە زۆرینەیــەکی وەســفدار یــان تایبــەت یــان تێکــڕا دەردەچــن، کــە لــە پەیماننامەکــەدا بــاس کــراوە[2]، یــان ئــەم دەســتەیە بریارەکــانی وەك رێسایەکی گشتی بە تێکڕایی واتە بــە ڕەزامەنــدی هــەموو دەوڵــەتانی ئەنــدام دەردەکــات و لــە رێگــەی حکومــەتی دەوڵــەتانی ئەنــدام و

1 – محمد بکر حسین، سەرچاوەی پێشو، ل٣٢٩.

2– د. ابراهیم أبو حزام، مصدر سابق، ص ٢٣٤.

فەرمانبەرەکانیەوە جێبەجێدەکرێت[1].

پێـوەری واقعـی دروسـت بـوونی یـەکێتی کۆنفـدراڵی وازهێنـانی رانەگەیێنراوە لە بەشێکی بچوك و ساکاری سەروەری دەوڵـەت بـەبێ وازهێنان لە سەربەخۆیی، ئەگەر ئـەم وازهێنانـە واقعیـە نەهێتـە دی ئـەوا کۆنفدراڵیـەت دروسـت نابێـت وەك یـەکێتی ئـەفریقا و یـەکێتی دەوڵەتانی ئەمریکا .

یەکێتی کۆنفدڕاڵی کە لەبنەرەتدا پێکهاتەیەکی ئارەزوو مەندانەیـە لە نێوان چـەند وڵاتێکدا، کـارو چالاکی لاوازە و دەوڵـەتانی ئەنـدام پابەندی سەروەری نیـشتمانی خۆیـانن و هـیچ کـۆت و بەنـدێك قبـوڵ ناکـەن. لـە دیـارترین دەوڵـەتانی یـەکێتی کۆنفـدرالی دەوڵـەتانی ئـەمریکای بـاکوور بـەم یەکێتیـەدا رۆیـشتوە لـە ١٧٧٦–١٧٨٧، سویسرا ماوەیەکی درێژ لە مێژوی خۆیدا تا ساڵی ١٨٤٨ و ئەلمانیا لە ١٨١٥– ١٨٨٦[2] ، یەکێتی دەوڵەتە عەرەبیەکان کە لە نێوان هـەردوو دەوڵەتی عەرەبی ئەوانیش شانشینی متوەکیلەی یەمـەنی و کۆمـاۆی عەرەبی یەکگرتوو کە لە ٨ی ئـازاری ١٩٥٨ بـە گـوێرەی بەڵێننامـەی نێوانیان لە دیمشق بەسترا و بۆ ماوەی چوار ساڵێك بەردەوام بـوو تـا سەرۆك کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لـە ٢٦ی کـانوونی یەکـەمی سـاڵی

---

1– د.عصام العطية، القانون الدولي العام، بغداد، ط٧، ٢٠٠٦، ص ٤٠٥ .

2 – د. محمد حافظ غانم، الأصول الجديدة للقانون الدولي العام، دراسـة لـصياغته الحالية ولأحكام القضاء الدولي، ط٢، مكتبة عبدالله وهبة عابـدين مـصر، ١٩٥٤، ص ص ١٢٩ – ١٣٠.

١٩٦١ دا كۆتایی پێهێنا[١].

ئەگەر سەیری ئەزمونی مرۆڤایەتی لە بورای یەكێتی و پەیمانی نێودەوڵەتیەوە بكەین ئەم دیاردەیە لە بنەڕەت و لە رووی پراكتیكی ببینین، دەبینین كە هەر یەكێتیەكی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای بەیەكەوە سازانی نێوان دوو رەگەز یەكێكیان یەكبوون و ئەوی دیكەیان جیابوونەوەو دامەزراوە مەبەست لەم دوو چەمكە بریتییە لە[٢]:

١- رەگەزی یەكبوون (الموحدة): كۆی ئەو فاكتەرو بارودۆخانە دەگرێتەوە كە دەیەوێت گونجاندن و پەیوەست بوون لە نێوان تاكەكانی دەستەیەكدا هەبێت، هەموویان لە سەر یەك شێوە رێكدەخات بە جۆرێك كە پابەندی رێسایەكی گشتی یەكگرتووبن.
٢- رەگەزی جیاكاری: ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو هۆكارو بارودۆخانەی كە ژیانی تایبەتی بەشەكانی ئەو دەستەیە نیشان دەدات و كار بۆ جێگرتنی دەكات و ئەوە دیار دەكات كە هەریەكە لەوی دی جیایە. هەر كاتێ كارلێككردن و پەیوەستی لە نێوان ئەو دوانەدا هەبێت بە گوێرەی بارودۆخی كات و شوێن ئەوا هەر یەكێتیەك لەوی دی جیاواز دەبێت و سروشتی تایبەت و شكڵی خۆی

1- د. علي صادق أبو هيف، القانون الدولي العام، منشاة المعارف الأسكندرية، ط١١، ص ص ١٤٢ - ١٤٤.

2- بڕوانە: د. محمد حافڤ غانم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

دەبێت، ئەنداماني يەكێتيەكە دەيانەوێت پارێزگاري لە خۆيان بكەن ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندي گشتي يەكێتيەكەدا گونجاوو رێكە، ئەگەر بەرژەوەندي بالا وايكرد كە رێسايەك نەبێت بەسەر هەموواندا جێبەجێ بكرێت ئەوا ئەنداماني پابەندي رێساي خۆيان دەبن، ئەگەر نا ئەنداماني هاريكار دەبن و بۆ شتە گرنگەكاني جێ بايەخي هەمويان يەك رێسا جێبەجێ دەكەن.

## ٢-٤ خاسيەتەكاني يەكێتي كۆنفدراڵيي دەوڵەتان

يەكێتي كۆنفيدرالي كە لە چەند دەوڵەتێكي سەربەخۆ بە گوێرەي پەيماننامەيەك دێتە دي، دەوڵەتاني ئەندام پابەند دەكات كار بۆ بەديهيناني ئامانجە دياريكراوەكان و رێز لە پرينسيپەكاني بگرێت. هەروەك دەزگا هاوبەشەكاني ئەو يەكێتيە توانا و دەسەڵاتي سنورداري هەيە بەسەر دەوڵەتاني ئەندامدا نەك بەسەر هاولاتياني دەوڵەتاني ئەندام و لە ئاستێكي يەكجار كەمدا كار لە سەروەري دەوڵەتاني يەكێتي كۆنفيدراڵي دەكات كە هەرگيز ئەو يەكێتيە شكڵي دەوڵەتێك وەرناگرێت. لە ژێر رۆشنايي تێگەيشتن لە چەمك و ماناي يەكێتي كۆنفيدراڵي دەكرێ ئەم خاسيەتانە بۆ ئەم يەكێتيە بخرێتە روو[1].

---

1– بڕوانە: د.سليمان محمد الطماوي: النظم السياسة والقانون الدستوري، القاهرة ١٩٨٨، ص ٤٠–٤١ و د.حسن الجلبي، سەرچاوەي پيشوو، ل٢١٠ و دواتر،←

١- كۆنفدراڵیـەتی دەوڵـەتان هاوپەیمانێتیـەك لـە نێـوان ئەندامانـدا دروست دەكات كە بە ئاسـانی قبـوڵ دەكرێـت، كـار ناكـات بـۆ ئـەوەی خواسـتی یـەك دەوڵـەتی باڵـای لێ دروسـت بێـت، ئـەو یەكێتیـە نابێتـە كەسایەتیەكی نێـو دەوڵـەتی، ئامرازێكـە هـەر دەوڵەتێك بە هۆیەوە خواستی تایبەتی خۆی پیادە دەكات .

٢- ئەنجوومـــەنی دیـــاریكراو بـــۆ ســـەركردایەتی هاوپەیمانێتیەكـــە دەزگایەكی هەموو دەوڵەتانی ئەندامە نەك دەزگای دەوڵەتێك كە نوێ دروست كرابێت. بە بڕیارەكان بـە تایبـەتی بنەڕەتیـەكان تەنها دەبێ بە كۆی دەنگ وەربگیرێت و لە وانەیە پێویست بكات كە پێویستی بـە راسـتاندنی دەسـەڵاتی تایبەتمەنـد بێـت، یـان پێویستی بە ریفراندۆم بێت لە هەریەكە لە دەوڵەتانی ئەندام یان ئەوانەی كاریگەر دەبن بەو بڕیارە .

٣- هاوپـــەیمانێتی یـــەكێتی كۆنفدراڵیـــەتی دەوڵـــەتان لـــە رووی تیۆرییەوە هیچ كاریگەرییەك لەسەر سەروەری دەوڵەتانی ئەندام دانانێت، بەڵكو بۆ چەند چالاكی و كارێكی تایبەت بـە جـەنگ و ئاشتی و كاروباری سیاسی و ئابووری رۆشنبیری باڵ دەكێشێ . كە بێگومان كاروباری هەستیار وگرنگن .

---

←د.عصام العطیة، سەرچـاوەی پیـشوو، ل ٤٠٥ و دواتـر، محمـد بكـر حـسین، سەرچاوەی پێشو، ل٣٢٩، د. محمـد طـی، سەرچـاوەی پیـشوو ل ١١٠- ١١١، د.احسان حمید المفرجی و د.كطران زغـیر نعمـة و د.رعـد نـاجی الجدة، بغـداد، ط٢، ٢٠٠٧، ص٩٥ و دواتر .

٤- هـەر دەوڵـەتێك دەتـوانێ بـە ئـازادی و هـەر کـاتێ ویـستی لـە یەکێتیەکە بکشێتەوە، چونکە یـەکێتی کۆنفیـدڕاڵی کەسـایەتی نێودەوڵەتی پێك ناهێنێت، بۆ هەر دەوڵەتێکی ئەندام دەتوانێ ئەم مافە پیـادە بکـات ئەگـەر راسـتەوخۆ لـە پەیماننامەکەشـدا نەهاتبێت .

٥- هەریەکە لە دەوڵـەتانی ئەنـدام کەسـایەتی نێودەوڵـەتی خۆیـان دەپارێزن و هـەموو دەسـەڵاتێکی دەرەکییـان هەیـە. ئـاڵوگۆڕی دیبلۆماسـی وگرێـدانی پەیماننامـەی نێودەوڵـەتی و چـوونە نـاو رێکخــراوی نێودەوڵــەتی ئــەنجام دەدەن، پەیوەنــدی نێــوان ئەنـدامانی کۆنفیـدڕاڵیش یاسـای نێودەوڵـەتی دیـاری دەکـات چونکە بە پەیوەندی نێودەوڵەتی دادەنرێـت، لـە بـاری ئاشـتیدا بێت یان جەنگ، بـەڵام لـە پەیوەندیـە دەرەکیـەکان پەیوەسـت دەبـن بـە سیاسـەتی گـشتی یـەکێتی کۆنفیـدڕاڵی، چـونکە لـەم یەکێتیەدا دەوڵەتانی ئەندام واز لە هەندێ لە توانـا و دەسـەڵاتە نێودەوڵەتەکانیان دەهێـنن بـۆ بەرژەوەنـدی ئـەو دەسـتەیە و لـە پەیماننامەکە جێگیر دەکرێت .

٦- دەوڵــەتانی ئەنــدام بەرپرســیارێتی نێودەوڵــەتی لــەو کــارە ناڕەوایانەی ئەنجامی دەدەن لە ئەسـتۆ دەگـرن، دەوڵـەت بێـت یان لە هاوڵاتیانی بە گوێرەی رێساکانی بەرپرسیارێتی لە یاسای نێو دەوڵەتی .

٧- پەیوەندییــەکان لــە کۆنفیدراڵیــەتی دەوڵەتانــدا لــە نێــوان

حکومەتەکاندا دروست دەبێت، هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە گەلانی ئەو دەوڵەتانەوە و فەرمانبەرانی نیە، ئەگەر مافێك یان ئیلتزامێك لەسەر ئەو گەلانە دابنێت ئەوا لە رێگەی حکومەتەکانی هەر دەوڵەتیکی ئەندامەوە ئەنجام دەدرێت. یەکێتی کۆنفیدراڵی مافی هەیە راسپاردەی نامولزەم بۆ دەوڵەتان دەربکات کە بەرەزامەندی دەوڵەتان نەبێت جێبەجێ نابێت.

٨- جەنگی نێوان دەوڵەتانی ئەندام جەنگێکی نێودەوڵەتییە نەك جەنگی ناوخۆ، جەنگی نێوان ئەندامێك و دەوڵەتێکی نا ئەندام یەکیتی کۆنفیدراڵی بە جەنگ پابەند ناکات، یەکێتی کۆنفیدراڵی بەرپرسیش نییە لە دەرئەنجامەکانی تەنها ئەگەر لە پەیماننامەکەدا هاتبێت کە یەکێتی کۆنفیدراڵی دەگرێتەوە .

٩- یەکێتی کۆنفیدراڵی دەوڵەتێکی نوێ نییە، حکومەتێکیش نییە لە سەرووی حکومەتی دەوڵەتانی ئەندام، پەیوەستە بە ئارەزووی ئازادانەی دەوڵەتان، دەستورێك نییە کە حوکمی پەیوەندیەکانی یەکێتی کۆنفیدراڵی بکات، لە رووی یاساییەوە لەسەر بنەمای رێکەوتنی نێودەوڵەتی دادەمەزرێت، ئیرادەی دەوڵەتانی ئەندام لە هاوپەیمانێتی بریتییە لە ئیرادەی بالآی دەستەکانی ناوەند لەو یەکێتیە بە شێوەیەك کە سەرنج بدەین ئەو ئیرادە بالآیە خواستێکی سەربەخۆیە نوینەرایەتی خواستی دەوڵەتانی ئەندام ناکات، بەڵکو تەنها خواستێکی تایبەتە بەو

دەستە بالأیە. ئەو خواستە خواستێکی بە کۆمەڵە لە ڕێگەی بەشداری خواستی دەوڵەتانی یەکێتی دروست بووە، بۆیە خواستی بە کۆمەڵی دەوڵەتانی یەکێتی کۆنفدراڵییە نەك خواستی تایبەت بە دەستەکانی ئەو یەکیتیە، چونکە ئەو دەستەیە (یان دەستانە) زیاتر لە کۆنگرەیەکی دیبلۆماسی دەچن کە ئەندامانی نوێنەری دەوڵەتەکانە و قسەکردنیان و بڕیار وەرگرتنیان بە ناوی ئەو دەوڵەتانەیە کە نوێنەرایەتی دەکەن .

١٠- کۆنگرە یان دەستە یان ئەو کۆمەڵەیەی کە سەرپەرشتی پەیماننامەکە دەکات کە یەکێتی کۆنفیدراڵی پیکهێناوە، ڕوویەکی سیاسی هەیە نەك پەرلەمانی یان دەستەیەکی یاسادانان کە لە لایەن گەلەوە هەڵبژێررابێت، چونکە ئەو یەکێتیە لە هاوپەیمانییەکی سادە دەچێت، بەڵام تایبەتکاری توانا و دەسەڵاتی هەیە کە لە چوار چێوەیدا بە ناوی دەوڵەتانی ئەندام قسە دەکات و مامەڵە دەکات بۆیە هەندێ لە یاساناسان وەك یەکێتیەك ناوی دەبەن کە کەسایەتی نێو دەوڵەتی ناتەواو هەبێت، ئەگەر چی ئەو یەکێتیە نوێنەرایەتی سیاسی دەوڵەتانی ئەندام ناکات .

١١- هەر دەوڵەتە کە وەفدی خۆی لە دەستە دەبێت ژمارەیان هەرچەند بێت تەنها یەك دەنگی دەبێت.

١٢- ئیختیساسات و تایبەتکاری دەستە لە ڕێگەی پەیماننامەی

یەکێتیەوە دیاری دەکرێت و نابێت بە بێ ڕێکەوتنی نێوان ئەندامان فراوان بکرێت یان ئاڵ و گۆڕی بە سەردا بێت.

١٣-ئەندامانی دەستەی یەکێتی کۆنفیدراڵی لەلایەن حکومەتەکانیانەوە دیاری دەکرێن تا نوێنەرایەتیان بکات و ڕێنمایی وەردەگرن و لەلایەن گەلانی ئەو دەوڵەتانەوە هەڵنابژێررێن .

١٤-یەکێتی کۆنفیدراڵی بە رەزامەندی هەموو دەوڵەتانی ئەندام نەبێت ناتوانێ توانا دەسەڵاتەکانی فراوان بکات، ئەگەر دەولەتێك رەزامەند نەبوو دەتوانێ جیابێتەوە . جیابوونەوە مافی هەموو ئەندامانە ئەگەر لە پەیماننامەکە دەقێکی پێچەوانە نەهاتبوو ئەمەش رای زۆربەی یاساناسانە، بەلام هەندیکی تر وادەبینن کە وازهێنان لە جیابوونەوە هیچ بەهایەکی یاسایی نییە، بەهایەکی ئەدەبی هەیە و دەوڵەتان لە رووی یاساییەوە پابەند ناکات[1] . کەواتە جیابوونەوە روکنێکی ئەم یەکێتییەیە، هەر کاتێ بەرژەوەندی خواستی، ئازادە لەوەی کە خۆی بڕیار بدات و پابەندی هیچ راسپاردەیەکی سیاسی یان ئیداری نییە[2].

١٥-لە پاڵ دەست پێوەگرتن و پاراستنی هەریەکە لە دەوڵەتانی

---

1- د. محمد کامل لیله، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٥ و دواتر.

- د. اسماعیل مرزه، القانون الدستوري - دراسة مقارنة لدساتیر الدول العربیة، منشورات دار الملاك، بغداد، ط٣، ٢٠٠٤، ص ١٧٩. 2

ئەندام بە سەروەری دەرەكی بێگومان سەروەری ناوخۆشیان پارێزراوە، هەر دەوڵەتە سیستەمی سیاسی خۆی هەیە و رەگەزنامەی تایبەت و سەربەخۆی هەیە، هاولاتیانی دەوڵەتێك لە دەوڵەتیكی دی بەكەسی بێگانە لە قەڵەم دەدرێت .

١٦–چاودێری دەستەی یەكێتی كۆنفیدراڵی ئەو توانا و كارایییەی نییە كە بتوانێ دەسەلاتی هەبێ بەسەر چالاكی دەوڵەتانی ئەندامدا، تابتوانێ بەرپرسیارێتی ئاراستەی دەوڵەتێك بكات كاتێ زیان بە دەوڵەتێك دەگەیێنێ بە هۆی ئەنجامنەدانی ئەركەكانیەوە، تا رێگە لە سەرپێچی یان ئەو زیانگەیاندنە بگرێت. لە حالەتیكی وادا یەكێتی لەوانەیە بتوانێ وەك ناوبژیكار یان هاریكارێك بێت و دەستوەردان بكات تا دەوڵەتی ئەندام و پابەند بێت و ئەركی خۆی ئەدا بكات ئەگەر پەیماننامەكەش رێگەی دابێت ئەوا یەكێتی دەتوانێ رێوشوینی بەزۆر و ناچاری بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی و رێگرتن لە پێشێلكاری ئەنجام بدات .

## ٢-٥ جیاوازی نێوان یەکێتی فیدرالی و یەکێتی کۆنفیدرالی

لە جیاوازی نێوان کۆنفیدرالیەت و فیدرالیەت و دەولەتی سادە لە شێوە کلاسیکیەکەیدا کە وەسف کراون وەك جۆرێکی سەرەکی لە رێکخستنی هەرێمی بۆ دەولەت، فیدرالیەت و دەولەتی سادە کۆنسێپتی دەولەت نەتەوەی هاوچەرخن. بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و فەرەنسا هەردوکیان مۆدێلی دەولەت – نەتەوەن، بەلام رێوشوێنی پەیوەندی نەتەوە لە گەل دەولەت لە هەریەکەیان جیاوازە. لە رێکخستنی کۆنفیدرالیدا پەیوەندی نێوان نەتەوەو دەولەت ئالۆزە، جیاوازی نێوان دەولەتی فیدرالی و سادە لە لایەك و، رێکخستنی کۆنفیدرالی لە لایەکی دیکەوە ئەوەیە کۆنفیدرالیەت دەولەت– نەتەوە نییە ئەگەرچی دابەشکردنی وەزیفەی دیاریکراو لە سەر ئاستی کۆنفیدرالی هەیە، کۆنفیدرالیەتی کلاسیك لە دەولەت – نەتەوە پێکدەهات، بەلام لە بنەرەتدا کۆنفیدرالیەت دەولەت – نەتەوە نییە[١].

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لێکجیاکردنەوەی نەتەوەو دەولەت کە بمانبات بەرەو رێکخستنی فرەیی لە دەولەتی فیدرال یان سادەدا مانای ئەوە دەگەیێنێ کە نەتەوەی بێ دەولەت لە کۆنفیدرالیەتەکاندا دەبێتە مەسەلەیەکی درێژخایەن. یان جیاوازیەکان بە دەرەنجامە

---

1 - Kris Deschouwer & Johanne Poirier, (Con)federalism Cure or Cures?, Re _ Bell e – book, Brussels, Jury 2015,p4.

راگوزەریەکانی دەوڵەت – نەتەوە لە ژێر کاریگەری ماکرۆ پرۆسێسی وەك جیهانگیری و بە ئەوروپاییکردن (ئەو دەوڵەتانەی دەیانەوێت ببنە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا)، ئاڵوگۆڕە ئابووریەکان، دابەشبوونی کاری نوێی جیهان، لیبراڵە نوێیەکان، هەروەها گۆڕان لە هەردوو بواری بەهاو کۆمەڵایەتیدا، ئەمە نابێتە هۆی نەهێشتنی سیستەمی کۆنی دەوڵەت نەتەوە یان تەنانەت دەوڵەتی فیدراڵی یان سادە بەڵکو زیاتر لەوە دەبێتە هۆی سیستەمێکی ئاڵۆزی زیاتر لە دەوڵەتی لەرزۆك کە خاسیەتەکانی هەردوکیان بە یەکەوە کۆدەکاتەوە. لە راستیدا دەبێ بگوترێ کە چاوپێداخشاندنەوە پێویستە بە چوارچێوەی ئەم کۆنسێپتانە کە بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی سیستەمی سیاسی بە کاردێت[1].

لە نێوان یەکێتیەکان رووی هاوبەش و جیاوازی هەیە، بۆ خستنە رووی دیارترین رووەکانی جیاوازی لە نێوان یەکێتی فیدراڵی و یەکێتی کۆنفیدراڵی، یاساناسان چەند جیاوازییەکیان خستۆتە روو، لە وانە:

١- یەکێتی کۆنفیدراڵی بوونی خۆی لە پەیماننامەی نێوان دەوڵەتانی ئەندام وەردەگرێت، واتە لە رێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی و هەڵسوکەوتێکی سروشت نێودەوڵەتییە، بەڵام یەکێتی فیدراڵی

1 - ibid.

پشت بە کارێکی یاسایی ناوخۆ دەبەستێت کە ئەویش دەستورە[1] جێکەوتەکانی ئەم جیاوازیەش بریتییە لە وەی کە یەکێتی کۆنفیدرالی ناتوانێت هەمواری ناوەڕۆکەکەی بکات تەنها بە هەمواری پەیماننامەکە نەبێت، بۆ ئەمەش پێویستی بە رەزامەندی سەرجەم دەوڵەتانی ئەندام هەیە. بەڵام لە یەکێتی فیدراڵیدا دەکرێ دەستور هەموار بکرێت سەرەڕای بوونی هەندێ ناڕەزایی لە هەندێ لە دەوڵەتەکانی ئەندام. واتە زۆرینەیەکی دیار دەتوانێ دەستور هەموار بکات و پێویستی بە رەزامەندی تێکڕای ئەندامان نییە[2].

٢- بەبێ رەزامەندی هەموو بەشداربوانی یەکێتی کۆنفیدرالی نابێت دەستکاری پەیماننامەی یەکێتی کۆنفیدرالی بکرێت، بەڵام لە دەوڵەتی فیدراڵیدا مەرجی ئەوە نییە کە بە کۆدەنگ دەستکاری بکرێت، بەڵکو لە زۆرترین حاڵەتدا تەنها رەزامەندی سێ لە چواری دەوڵەتە ئەندامەکانی پێویستە.

٣- دەوڵەتانی ئەندام لە دەوڵەتی فیدراڵیدا سەروەری ناوخۆیان هەیە

---

1 - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. عوسمان عەلی وەیسی، دەستور لە روانگەی هزری و یاساییەوە، کۆمەڵە وانەیەك پێشکەشی قوتابیانی خوێندنی باڵا - ماستەر- کراوە، لە فاکلتی یاسا - زانکۆی سۆران، خوێندنی ساڵی ٢٠١٤ - ٢٠١٥. (هەرچەندە دەکرێ بە پەیماننامەیەکیش بێت - توێژەر).

2- د. ثروت بدوي، النظم السياسية، الكتاب الأول، دار النهضة العربية، ط١، ١٩٦١، ص ص٢٤٨ - ٢٤٩.

و دەتـوانن بەشـێك لـە سـەروەری دەرەکیـشیان هـەبێت. بـەڵام دەوڵـــەتانی یـــەکێتی کۆنفیـــدڕاڵی کەســـایەتی نێودەوڵـــەتی و سەروەری ناوخۆیان بە تەواوی هەیە، بەڵام لە بواری بەراوردکاری دەڵـێین کۆنفدڕاڵیـەت وێنەیـەکی ناوەنـدگیرە لـە نێـوان یـەکێتی کەسی (کە دەوڵەتان بە تەواوی هەموو کەسایەتی و سەروەرییان هەیە لە بواری نێودەوڵـەتی و نـاوخۆدا )، و یـەکێتی راسـتەقینە (کە تیایدا دەوڵەتانی ئەندام کەسایەتی نێودەوڵەتییان نـامێنێ و تەنها یەك کەسایەتی دەبێت لە ئاستی نێودەوڵەتی )، کە ئەویش کەسایەتی یەکێتیەکەیە، بەڵام لە کۆنفدڕاڵیدا برێك لە وازهێنان لە سەروەری دەرەوەو دەسەڵاتی دەوڵەتانی ئەنـدام هەیـە بۆ ئـەو دەستە هاوبەشەی کە لە نێوانیاندا دروست دەبێت[1].

٤- دەســتەکانی یــەکێتی کۆنفیــدڕاڵی نــاتوانن یاســا دابنــێن کــە راسـتەوخۆ هێـزی سـەپاندن و بڕیاردەریـان بـە سـەر ئەنـدامانی یەکێتیەکە هەبێت، بەڵکو دەبێ دەوڵەتانی لە شێوەی یاسا خۆی دەری بکـات، بـەڵام لـە یـەکێتی فیدڕاڵیـدا لـەو بوارانـەی کـە دەســـەڵاتی تایبـــەتکاری دەســـەڵاتی یاســـادانانی فیدڕاڵییـــە، راســـتەوخۆ یاســـاکانی بـــە ســـەر ئەنـــدامان و کەســـەکاندا

---

1- د. خالد الزعبي، مباديء القانون الدستوري والـنظم الـسياسية، المركـز العربـي للدراسات الطلابية، عمان - الأردن، ط١،١٩٦٦، ص ١٠١، و د. الـشافعي محمـد بـشير، القـانون الـدولي العـام في الـسلم والحـرب، منـشا المعـارف بالأسـكندرية، ١٩٧١، ص١٧٠.

دەسەپێنێت[1].

٥- دەستەیەك کە بە کۆنگرەی سیاسی، یان دەستوری باڵا، یان کۆنگرەی دەوری پێ دەگوترێت کە بە کۆنگرە دیبلۆماسیەکان دەچێت، گوزارشت لە یەکێتیەکە دەکات و ئیرادەی یەکێتی کۆنفیدراڵی پێکناهێنن، واتە سوبتێکی یاسایی نییە و تەنها پەیوەندی یاسای نێوان ئەندامانیەتی، بەڵکو ئیرادەی کۆنفیدراڵیەت لە ئیرادەی تەواوی دەوڵەتە ئەندامەکان پێکدێت و، پەرلەمان نییە بە مانای یاسایی. بەڵام دەوڵەتی فیدراڵی دەوڵەتێکە پایەکانی تەواوەو دەسەڵاتەکانی یاسادانان و راپەڕاندن و دادوەری هەیە و دەسەڵاتە ناوەندیەکان کە نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەندامی تێدایە گوزارشت لە یەکێتیە فیدراڵیەکان دەکات[2].

٦- لە یەکێتی کۆنفیدراڵیدا دادگایەکی باڵا نییە بۆ سەیرکردن و بڕیاردان سەبارەت بە بابەتە ناکۆکیەکانی نێوان ئەندامان و دامەزراوە کۆنفیدراڵیەکاندا، بەڵکو دەستەکانی تایبەتکار بە رێگەی ئاشتیانە چارەسەری ناکۆکی نێوان دەوڵەتە ئەندامەکان

---

1 – د. مصطفى كامل، شرح القانون الدستوري والقانون الأساسي العراقي، مطبعة سلام، بغداد، ط٥، ١٩٤٧، ص٣٦.

2 – د. محمد كامل ليلة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٦، ميشال الرياشي، اسهام في دراسة النظرية التقليدية للدولة الفيدرالية، اطروحة دكتوراه، جامعة لبنان، بيروت، ١٩٩٢، ص١٧٨.

دەکەن، بە گوێرەی پەیماننامەی کۆنفیدراڵی کە هەمیشە دەڵێت ئەندامان بە شێوەی ئاشتیانە چارەسەری ناکۆکیەکان دەکەن، کە دەستەی ناوەندی بە شێوازی مایەی رەزامەندی لایەنەکان چارەسەر پێشنیاز دکات، بەڵام دادگای باڵای دەستوری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا حوکم دەکات لە سەر ئەو ناکۆکیانەی کە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دێنە پێش.

## ٣- ئەنجامدانی یەکێتی کۆنفیدراڵی

دەوڵەتان لە کاتی پەنابردن بۆ هێنانەدی یەکێتییەك، تەنها لە رووی تیۆرییەوە لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکان تاوتوێ ناکەن، بەڵکو بەرژەیەوەندی و بارودۆخی تایبەتییان رەچاو دەکەن. بەم پێوەرە پەنا دەبەنە بەر یەکێتییەك و، بێگومان بارودۆخی دیش دێت کە گۆڕان بە سەر ئەو بۆچوونەدا بێت و جۆری یەکێتییەکە بگۆڕرێت.

## ٣-١ جاڕدانی کۆنفیدراڵی

کۆنفیدراڵیەت شێوەیەکی یەکگرتن و یەکبوونی نێوان دەوڵەتان نییە، واتە نابێتە هۆی یەك دەوڵەتی گرێدراو لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتێکدا لە بنەڕەتدا پەیماننامەیەکە لە نێوان دوو دەوڵەتی سەربەخۆ یان زیاتر

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ کۆمکاری عەرەبی و ئەنجومەنی

هاریکاری کەنداو و یەکێتی ئەوروپا بە جۆرێك لە پەیمانگرتنی کۆنفیدڕاڵی نێوان ئەندامەکانی بزانن، ئەگەر چی جیاوازی لە نێوان ئەم سێ مۆدێلەی سەرەوەدا هەیە، ئەمەش ئاماژەیەکە کە چەمکی کۆنفدراڵیەت سەروسیمای ناسراوو دیاریکراوی نییە وەك شێوەیەك لە شێوەکانی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا دەوڵەتانی ئەندام کەسایەتی سەربەخۆیی نێودەوڵەتی و سیستەمی سیاسی تەواویان هەیە [١].

سەرەڕای ئەوەی کۆنفدراڵیەت پەیماننامەی نێوان دوو دەوڵەتە یان زیاتر، بە مەبەستی هاریکاری و هەماهەنگی، ئەمەش مانایەك دەگەێنی کە ئەوەی ئەنجامی دەدات پێویستی بە ریفراندۆمی گەل نییە [٢].

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا کۆنفدراڵیەت پێویستی بە ریفراندۆم هەیە ؟

لە راستیدا سیستەمی یەکێتی لە رووی کیان و مەبەستەکانی لە دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی دی و لە چاخێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە، لە لاوازترین باریدا لە کۆمەڵێ دەوڵەت پێکدێت و نابنە یەك دەوڵەت، یەکگرتوو نین بەڵکو هاوپەیمانن، هەربۆیە دەکرێ لە چوارچێوەی هاوپەیمانی ئەنجام بدرێت بە گوێرەی رێکارە دەستوری

1– بڕوانە: د.عبدالحمید مسلم المجالی، الکونفدرالیة کمفهوم سیاسی، مـن اتنرنیـت www.alrai.com

2– بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو .

و نێودەوڵەتیەکان، هەروەها دەکرێ ریفراندۆمی گەلی بۆ بکرێت، بەڵام پێویستە لە هەموو حاڵەتێکدا جاڕدانی بۆ بکرێت.

## ٢-٣ چەند نموونەیەکی کۆن و هاوچەرخی کۆنفیدراڵی

لە مێژوودا چەندین یەکێتی کۆنفدراسیۆنی دروست بوون، هەر لە هێڵی ئەخینی یۆنان و یەکێتی شارە لاتینیەکان کە رۆما بەشێك بوو لێی تا یەکێتیە کۆنفدراسیۆنە نوێکان[1]، بۆ زانیاری و تێگەیشتنی زیاتر دەکرێ چەند نموونەیەك بخەینە روو :

**یەکەم**: چەند یەکێتییەکی کۆنفیدراڵی لە سەدەی ١٨ و ١٩دا:

١- یەکێتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باکوور (١٧٧٦ – ١٧٨٧).

٢- یەکێتی هەلفینی سویسری (١٨١٥ – ١٨٤٨).

ئەم یەکێتییە یەکەم بناغەی لە سەدەی چواردە دانا، بە شێوە جۆراو جۆرەکانی بەردەوام بوو تا ساڵی ١٨٤٨ بە گوێرەی دەستوری سویسرا بوو بە دەوڵەتی فیدراڵی.

٣- یەکێتی ئەڵمانی (١٨١٥ – ١٨٦٦): کاتێ نەمسا بەشێك بوو لێی و لە ساڵی ١٨٧١ بوو بە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی فیدراڵی.

٤- یەکێتی نێوان دەوڵەتانی ئەمریکای ناوەند (١٨٩٥ – ١٨٩٨) کە

---

1- اندریە هوریو، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

هەریەکە لە هندۆراس و نیکاراگواو سلفادۆری لە خۆ گرتبوو[1].

**دووەم**: نموونەی چەند یەکێتییەکی فیدراڵی لە سەدەی بیستەمدا:

١- یەکێتی عەرەبی هاشمی کە لە نێوان عێراق و ئوردن بە گوێرەی ریکـەوتنی نێوانیـان لـە ١٤ شـوباتی ١٩٥٨ هاتـە ئـاراوە . لـە مـاددەی دووەم لـە ریکەوتننامـەی کۆنفدراڵیـدا هـاتووە کـە : هەریەکە لەم دوو دەوڵەتە کەسایەتی نێودەوڵەتی سـەربەخۆیان و سـەروەرییان لـە سـەر خاکیـان و سیـستەمی حوکمیـان دەپـارێزن. هـەروەها لـە مـاددەی چـوارەمدا هـاتووە کـە: لـە رێکـەوتی راگەیانـدنی ریکەوتننامەکـەوە رێکـاری یـەکگرتن لـە بوارەکانی سیاسەتی دەرەکی و نوێنەرایەتی سیاسی و یـەکێتی سوپا و لابردنی رێگرییـە گومرگیـەکان و یەکخستنی پرۆگرامـی خوێنـدن ئـەنجام دەدرێـت، هـەروەها لـە مـاددەی هەشـتەمدا هاتووە کە کاروباری یەکێتی کۆنفیدراڵی لـە لایـەن حکومـەتێکی ئیتحـادی بـەرێوە دەچـێت کـە لـە ئەنجومـەنی یاسـادانان و دەسەڵاتی راپەراندن پێکدێت، ئەندامانی ئەنجومەنی نەتـەوەیی ئوردنی و عێراقی ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسـادانان یـەکێتی لـە نێـوان ئەندامانیانـدا بـە ژمارەیـەکی یەکـسان هەڵدەبـژێرن، ئەنـدامانی دەسـەڵاتی راپەرانـدنیش بـە گـوێرەی حوکمـەکانی دەسـتوری یەکیتیەکـە دیـاری دەکـرێن و توانـا دەسـەڵاتەکانی

---

1 – بڕوانە: د. عبدالکریم علوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢ و دواتر.

حکومەتی یەکێتی پیادە دەکات. بەڵام سەرئەنجام یەکێتی کۆنفیدراڵی ئوردن و عێراق بە هۆی کشانەوەی عێراق لە دوای کودەتای ١٤ ی تموزی ١٩٥٨ کۆتایی هات .

٢- یەکێتی دەوڵەتانی عەرەبی کە بە گوێرەی بەلێننامەی ٨ی ئازاری ١٩٥٨ لە نێوان کۆماری عەرەبی یەکگرتوو شانشینی موتەوەککیلیەی یەمەنی پێکهات . دواتر بە هۆی راگەیاندنی حکومەتی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو ئینجا کشانەوەی لە ساڵی ١٩٦١ هەڵوەشایەوە بە پاساوی ئەوەی کە ئارەزووی هەیە سیاسەتی یەکێتی و یەکبوونی خۆی لەسەر بنەمای نوێ پەرەپیبێدات .

٣- یەکێتی کۆنفیدراڵی نێوان میسرو سوریا لە ساڵی ١٩٥٨ سەرئەنجام بە هۆکاری جۆراو جۆر لە سالی ١٩٦١ دا هەڵوەشایەوەو بوو بە یەکێتی فیدراڵی دواتر کۆتایی هات .

٤- کۆنفدراڵیەتی سینیگامبی، کە لە نێوان دەوڵەتی گامبیای بچووك و دەوڵەتی سەنگال لە ١٧کانونی یەکەمی ١٩٨١ دروست بوو پەیماننامەکە لە شوباتی ١٩٨٢ خرایەواری جێبەجێکردنەوە، لە ئەنجومەنێکی کۆنفیدراڵی پێکدێت کە ٦٠ ئەندامی هەیە ٢٠یان لە پەرلەمانی گامبیا و ٤٠ یان لە پەرلەمانی سەنگال دیاری دەکرێن . سەرکیترین ئەو کاروبارانەی کە بووە جێی بایەخی پەیماننامەکە بریتیبوو لە سیاسەتی دەرەوەو بەرگری و ئاسایش .

٥- دوای روخـــانی یـــەکێتی ســـۆڤیەت و جیابوونـــەوەی کۆمـــارە فدراڵیـــەکان و ســـەرخۆبونیان، ســـەرلەنوێ بڕیـــاری پێکهێنـــانی یەکێتیەکی کۆنفدراڵییان بۆ دەوڵەتە سەربەخۆکاندا، سەرەتا لە ١٩٩١/١٢/٨ یەکێتیەکە لە هەریەکە روسیاو بیلاروسیاو ئۆکرانیا پێکهات و دواتر فراوان بوو تا ١٢ دەوڵەتی دیکـەی وە خـۆگرت کە پێشتر لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆفیەت بـوون. گەڵاڵەنامـەی یەکێتیەکـە کـە پەیماننامەیـەکی نێودەوڵەتیـە لـە ١٩٩٣/٦/٢٢ ئیمزاکرا و چەند پرینسیپێکی لە خۆگرتبـوو، وەك: رێزگـرتن لـە سەروەری و یەکێتی هەرێمی دەوڵەتەکان و مافی چارەنووس و رێگرتن لە بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشە پێکردنی و چارەسەری ناکۆکیەکان بـە رێگـای ئاشـتیانە، هـەروەها تیایـدا هـاتووە کـە یەکێتی کۆنفیدراڵی دەوڵەتانی سەربەخۆ نە دەوڵەتەو نەکیانێکە لە سەرووی دەوڵەتان[1].

یـەکێتی کۆنفیـدراڵی لـە ئەنجوومـەنی سـەرانی دەوڵەتـەکان کـە بەرزترین دەزگای یەکێتیەکەیە و توانا دەسەڵاتی کـە پەیوەندمەنـدە بە بابەتـە سـەرەکیەکان و پرینـسیپەکانەوەو، ئەنجوومـەنی سـەرانی حکومەتـەکان و ئەرکەکـەی هەماهـەنگی و هاریکـاری نێـوان دەزگـا جێبەجێکاریـەکانی نێـوان دەوڵـەتانی ئەندامـە. پێویـستە جـەخت

1- د. طالـب رشـيد يادكـار، مبـادئ القـانون الـدولي العـام، مؤسـسة موكريـاني للبحوث والنشر، اربيل، ط١، ٢٠٠٩، ص٢٢٣.

بکرێتــەوە کــە ئــەم دوو ئەنجوومەنــە بڕیارەکانیــان بــە تێکڕایــی وەردەگــرن. هــەروەها ئەنجوومــەنی وەزیرەکــانی دەرەوەو لیژنــەی هەماهــەنگی و راوێــژکاری کــە لیژنەیــەکی راپەڕانــدن و هەماهــەنگی بەردەوام بۆ یەکێتیەکە. هــەروەها چــەند لیژنەیــەکی دیکــەی فــەرعی پسپۆڕ لە بوارەکانی ئابووری و سەربازی و رۆشنبیری دروستکران[١] .

٦- کۆنفدرالیەتی سربیا وچیای رەش لـە سـالی ٢٠٠٣. چیای رەش یان مونتینیگرۆ لە ٢٠٠٦/٥/٢١ ریفراندۆمی کرد ٥٧,٥٪ بە بـەڵێ بۆ جیابوونەوە دەنگیان داوە لە سربیا جیـابۆوەو لـە٢٠٠٦/٦/٣ سەربەخۆیی خۆی راگەیاند .

٧- بەلجیکا : تویژەران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کـە هەنـدێ سـیمای کۆنفدرالیەتی تێدایە، تویـژەر سـی - ای لاجـاس سـەبارەت بـە رێکەوتنی نێوان ناوچە و پارێزگاکانی بەلجیکا دەڵێت: ئێمـە لـە ناو سیـستەمێکی سیاسـین کـە زیـاتر لـە کۆنفدرالیـەت نزیکـە . هەروەها سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسـی فینسێت دوکوربیتر دەڵێ: بێگومان بلجیکا دەوڵەتێکی فدرالییە، بەڵام خاسیەتی کۆنفدرالی تێدایە .

هەروەها پرۆفیسۆر مایکل کـویفی لـە زانکـۆی لـوفینی کاسـۆلیکی دەڵێ : سیستەمی سیاسی بەلجیکی بـە دینامیکیـەتێکی کۆنفیـدڕاڵی کار دەکات .

---

1- بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## ٣-٣ باشووری کوردستان و پێکهێنانی یەکێتی کۆنفیدراڵی

پەیوەندی هەرێمی کوردستانی عێراق دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١ کاتێ لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ بڕیاری مێژوویی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان ژمارە ٦٨٨ دەرچوو لە سایەیدا هەرێمی کوردستان لە ژێر ناوچەی دژە فڕیندا چووە ژێر چەتری پاراستنی نێودەوڵەتی و رەهەندی نیودەوڵەتی وەرگرت [١].

بە سەرنجدانێکی خێرای ئێمە، کاتێ عێراق لە ژێر بەندی حەوتەمی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بوو تا ساڵی ٢٠١٣، سەرنج و بۆ چوونی نێودەوڵەتی لەگەڵ بڕیاری راگەیاندنی فیدراڵی هەرێمی کوردستان ئەگەر چی یەکلایەنە بوو لە ١٩٩٢/١٠/٤ لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، بەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ ئۆپۆزسیونی عێراقی بە گشتی هەماهەنگ بوو . رژێمی عێراقیش نارەزاییەکی جدی و دیاری نەبوو .

لە بڕیاری راگەیاندنی فدراڵی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە کە : بە گونجاوی لەگەڵ بڕیاری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ڤیەننا و لە کوردستان کە بە تێکڕایی ریکەوتن بنەمای قانوونی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردو لە چوارچێوەی بەرژەوندی هاوبەشی

---

1– بۆ زیاتر بڕوانە: عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، مبدا عدم التدخل والتدخل في القانون الدولي العام، دراسة تحليلية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٢.

هـەردوو گـەلی کـورد و عـەرەبی بـرادا بـسەلمێنن وە لەگەڵیـدا مـافی نەتەوەی رۆشنبیری و ئیداری بۆ تورکمان و ئاشوری دان پێدابنێت و لە تەکیاندا بە گشتی مسۆگەرکردنی یەکسانی لە ماف و لە ئەرکدا بۆ هەموان لە دەسـتوردا تۆمـار بکـەن . ئـەوەتا ئەنجومـەنی نیـشتمانی کوردسـتانی عێـراق، بـە نـاوی گـەلی کوردسـتانی عێراقـەوە ئـەرکی سەرشـانی بـەجێ دێنـێ و بـەپێی مـافی چەسـپاوی خـۆی کـە لـە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکاندا سەبارەت بە چارەی خۆنووسـین دیـاری کراوە، رادەگەێنێ کە بە تێکڕای دەنگ بڕیاری چارەی خۆنووسـین و دەستنیشانکردنی پەیوەندی قانونی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا لـەم پلەیەی مێژوودا، لەسەر بنچینەیی فدراڵی لە چوارچـێوەی عێراقیکـی دیموکراتی پەرلەمانیدا دەدا بە شێوەیەك کە سیـستەمی فـرە حزبـی دابین بکا و رێز لەو مافانەی مرۆڤ بگرێ کە لە پەیمان و باوەڕنامە نێو دەوڵەتیەکەندا سەلمێنراون . بە گوێرەی چوارچـێوەی مامەڵـەکردنی نێودەوڵەتی و دیفاکتۆی سیاسـی، باشـووری کوردسـتان لـە شـێوەی دەوڵەتێك بوو[1] .

لە ٢٢ ئایاری ٢٠٠٣ بڕیاری گرنگـی ١٤٨٣ لـە لایـەن ئەنجوومـەنی ئاسایـشەوە دەرچـوو ئامـاژە بـە هـەردوو بـەیانی ناسـرییە لـە ١٥ ی

---

1– بـۆ زانیـاری لـە سـەر بـاری یاسـایی هـەرێمی کوردسـتان، بڕوانـە: الحـاکم عبدالرحمن سلیمان الزیباري، الوضع القانوني لإقلـیم کوردسـتان العـراق في ظـل قواعد القانون الدولي العام، مؤسسة موکریاني للطباعة والنشر، ط١، ٢٠٠٢.

نیسانی ٢٠٠٣ و بەیانی بەغداد لە ٢٨ نیسانی ٢٠٠٣ دەدات، ئاماژەی ئەو راگەیەنراوانە جەخت کردنە لە عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی فرەیی یەکگرتوو[١].

بەڵام کورد بڕیاری جیابوونەوەی نەدا وەك باشووری سودان، لە بەر ئەوەی ئەمە ئەزموونی کورد دەخاتە مەترسییەوە، ئەو ئەزموونەی لە میانەی سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە تا ساڵی ٢٠٠٢ بە دەستیان هێنابوو. هەژاری و ددان پێدانان و نەبوونی رێیەك بۆ هەناردەکردنی نەوتەکەیان، بە پێچەوانەوە دەیانتوانی کار لە ناوخۆی عێراقدا بکەن و ژێرخانی سەربەخۆیی بنیات بنێن و جەوهەری دەوڵەت و ئازادییان بوونیان هەبێت، بە بێ رۆاڵەتی سەروەری و سەربەخۆیی ( The core statehood Without the Formalities of Sovereign independence)[٢].

دوای روخانی رژێم لە ٢٠٠٣دا هەروەها دەرچوونی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی راگواستە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا، پاشان دەستوری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دا، ددان بە باری یاسایی و دەستوری هەرێمدا نرا، وەك هەرێمێکی فیدڕاڵ لە دەوڵەتی عێراقی

1– بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایسی نێودەوڵەتی ١٤٨٣ لە دانیشتنی ٤٧٦١ لە ٢٢ی – ٥– ی ٢٠٠٣.

2 – برندان ئۆلێری، بۆچی باشووری سودان سەربەخۆ بوو، کوردیش بە فیدڕاڵی رازییە، لە کتێبی کۆتایی سایکس بیکۆ، لە بڵاوکراوەکانی گچراری گوڵان، هزری بونیاتنان – کتێبی ٢، ٢٠١٤، ل ١٤٥.

فیدرالّدا. بۆیە مامەڵەکردن لە گەڵ هەرێم شێوەی یاسایی وەرگرت، دواتر چالاکیەکانی رێکخراوو دەوڵەتان زیادی کرد، چەندین شاندیش لە ویلایەتە یەکگرتوەکان و بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیاو ئیسپانیاو چەند دەوڵەتێکی عەرەبی و دراوسێوە، روویان لە هەرێم کرد. ئەم کرانەوەیە بووە هۆی کردنەوەی ۲۷ نوێنەرایەتی دیبلۆماسی دەوڵەتانی جیا جیا لە هەرێمی کوردستان و زیادبوونی هاتنی شاندەکانیان بۆ هەرێم[1].

هەر پێشهاتێکی یاسایی لە یاسای نێودەوڵەتی و لە یاسای دەستوریدا، بۆ بەرژەوەندی گشتی دەرفەت هەیە کە گونجاندنی ئەرێنی بۆ بکرێت، ئەمەش دەکرێت ئەگەر لایەنەکان ئەوەیان ویست و بەرەزامەندی خۆیان بوو ناوەڕۆك و هۆکارو ئامانجی ئەو بەیەکگەیشتنە رەوابوو. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو راستییەی کە، لە کاتی کێشەکانی بیابانی رۆژئاواو مەغریب لە ساڵی ۲۰۱۳، راگەیاندنەکان ئەوەیان خستە روو کە نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان (کریستوفر روس) لە ئاداری ۲۰۱۳ دا کە تا سەرەتای مانگی ٤ لە کاردا بوو پێشنیازی کۆنفدراڵیەتی پێ بێت لە نێوان مەغریب و بەرەی رزگاریخوازی پولیساریۆ.

---

1 – مامۆستامان: د. شێرزاد نەجار، پێگەی هەرێمی کوردستان – عێراق لە سیاسەتی جیهانیدا – دۆخی نایەقین و نارۆشنی ئێستای نێودەوڵەتی، لە کتێبی کۆتایی سایکس بیکۆ، لە بڵاوکراوەکانی گچراری گوڵان، هزری بونیاتنان – کتێبی ۲، ۲۰۱٤، ل ۹۰.

بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش رۆس وەك نێـــردەی تایبـــەتی نەتـــەوە یەکگرتوەکان لەگەڵ هەریەکە لـە ویلایەتـە یـەکگرتوەکان و فرنـسا و روسیاو بریتانیا و ئیسبانیا و ئەڵمانیا و سویسرا باسی پێشنیارەکەی بـۆ کـردن، راگەیاندنـەکان ئەوەشـیان درکانـد کـە رۆس دەخوازێـت ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێکی روون بـۆ چارەسـەری ئـەم پرسـە بـەم شـێوازە دەربکـات و بـە شـێوەیەك کـە بـۆ هەریەکـە لـە مـەغریب و پولیساریۆ پابەند بێـت لـە بەرامبـەر شکستی ئـەو ریفراندۆمـەی کـە ئەنجامدرا.

لـــە بـــەلجیکا فیدراڵیـــەت لـــە ســـەرەتای حەفتاکانـــەوە لـــە پێشکەوتندایە، بە هۆی ئەم خاسـیەتە داینەمیکیـەی هەیـەتی و لـەو کاتەی لە ناوەڕاسـتی نەوەدەکانـەوە فۆرمۆڵەکرایـەوە بـە مەبەسـتی ئـــەوەی پرۆســـەی فیدراڵیـــەت تـــەواو بێـــت، دەربـــارەی سیـــستەمی دامەزراوەیی بەلجیکا لە رێگەی چوار دیاردەوە پەلکێش دەکرێت[1]:

یەکەم: بوونی نەتەوەی فلامینکی کە ئارەزوویەکی کە فلاندیەکان وەك ئارەزوویەکی حەقیقی دەیانەوێت دەوڵەتیان هەبێت.

دووەم: لێکنزیکبوونێکی فیکـری و رۆشـنبیری نێـوان فەرەنـسی و والۆنیەکان.

---

1 - Pilipe Destatte, (Con)federalism in Belgium is not a problem, it's a solution, an approach from the book (Con)federalism: Cure or Curse? Re _ Bell e – book, Brussels, Jury 2015, P58.

سێیەم: ویستێکی نویێ بۆ برۆکسل کە ببێتە هەرێمێکی گەورە.

چوارەم: گروپی ئەڵمانی زمان کە هەرمێکی چوارەمن، دەیانەوێت لە والۆنیا جیا بێتەوەو دەوڵەتی فیدراڵی چوارەم لە ناو دەوڵەتی بەلجیکا پێك بهێنێت.

ئەم بزاوتە سەنتەر بەدەریە زۆر بە هێزە بە شێوەیەك دەگوترێت کە لە ساڵی ١٩٩٣ ەوە، پەرلەمانی بەلجیکا لە ماددەی ١ ئەو پرینسیپەی لە دەستورەکە نووسی کە بەلجیکا دەوڵەتێکی فیدراڵییە و لە کۆمەڵگە لۆکاڵیەکان و هەرێمەکان پێکدێت، دامەزراوەکان تا ئاستێکی زۆر بە سیستەمی کۆنفیدراڵیەت رەمگ رێژ و بارگاویکراوە. لە گەڵ بوونی ئەم حاڵەتە، بۆ فیدراڵیەتی کلاسیکی قورسە کە لە گەڵ ئەم سێ خاسیەتەی فیدراڵیەتی بەلجیکا لە مەیدانێکدابن:

١- هاو پێوەر: بۆ یەکسانی دەسەڵاتی دادوەری لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای کیانەکانی دەوڵەتی فیدراڵی.

٢- تاك رەویکردن لە دەسەڵاتدا، هەریەکە لە ئاستی فیدراڵی و لە ئاستی هەرێمیدا.

٣- مافی بڵاوکردنەوەی سوپا لە لایەن کیانەکانی دەوڵەتی فیدراڵ و هەرێمەکان، کە لە بواری نێودەوڵەتیدا هێزیان پێدەدرێت و هەروەها بوونی مافی ئیمزاکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتی، وە دوو لە کیانە هەرێمەکانی بەلجیکا سەروەرییان هەیە لە پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی، بە هۆی ئەم سیستەمەوە ئەندامانیان راستەوخۆ هەڵدەبژێرن و دەسەڵاتیان هەیە بارودۆخی

خۆیان ڕێکبخەن، ئەمەش لە توانای هەردوو پەرلەمانی فلاندر و ئەلوانیادا بەدی دەکرێت[1].

ئەگەر سەرنج بدەینە ولاتێکی وەکو مۆنتۆنیگرۆ، ئەوان لە ساڵی ٢٠٠٦ لە سربیا جیابوونەوە، ئەمەش لە دوای سێ ساڵ لە ڕاگەیاندنی ولاتی یەکگرتووی سربیا و مۆنتینیگرۆ کە ساڵی ٢٠٠٣ بوو، بۆیە گرنگە باشوور کوردستان بیر لە چارەسەری کۆنفیدراڵی بکاتەوە، ئەمەش وەکو چارەسەرێکی کۆتایی، یانیش وەکو دەروازەیەك بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی تەواوەتی[2].

لەم سەرەنجانەی سەرەوە دەگەینە ئەم خالانەی خوارەوە:

١- کورد نەتەوەیەکە وسوبێکتی یاسایی نێودەولەتی هەیەو هەموو ڕەگەزەکانی بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنوس هەیە.

٢- نەتەوەی کورد تاوانی نێودەولەتی لەسەر ئەنجام دراوە ئەمەش لەڕووی یاساییەوە ڕەوایی دەداتێ کە بە ئازادانەوە بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنووس ڕێفراندۆم بکات.

٣- مێژوویەك لە ئاستی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ٦٨٨و بڕیارەکانی دی و، دەستوری فیدراڵی عێراقی هەیە کە هەرێمی کوردستان دەولەتێکی ئەندامە لە دەولەتی

1 - ibid.

2- برێندن ئۆلێری، پسپۆڕی ئەمریکی مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی پێنزلڤێنیای ئەمریکی، ڕۆژنامەی باس، هەفتەنامەیەکی گشتییە، ژمارە ٢٤٠، لە ڕۆژی سێشەممە ٢ - ٦ - ٢٠١٥، ل ٥.

فیدراڵی عێراقیدا.

٤- لەرووی بارودۆخی زاتییەوە، دامەزراوەی دەستوری و یاسایی هەیە و پرۆسەی دیموکراسی هەیە و پەیوەندی هەرێمی و نێودەولەتی گونجاوەو تا ئێستا ٣٧ تاوەن و قونسوڵی هەیە.

٥- دەوڵەتی عێراق لە ١٠ ساڵی رابردوو نەیتوانیوە ئەرکە دەستوریەکانی بەدی بێنێت و لە هەرێمی دابڕاوی کوردستانی ١٤٠ ئاسۆیەك بەدی ناکرێت کە حکومەتی فیدراڵی بەشی عێراقی عەرەبی ) ئامادەبن ماف یاسایی لە رێگەی دادگاو دەستورو یاساوە بۆ خاوەنەکەی بگێرێتەوە.

٦-حکومەتی ئیتحادی پاڵ بەکورد دەنێت لە رێگەی فشارو بیانووی جۆراوجۆرەوە کە کورد لە عراقێکی فیدراڵدا جێگای نییە[1].

پرۆفیسۆر ئێڵ فلیپس، خاوەنی پرۆژەی دابەشکردنی

---

1- لە دیارترین نموونەکان: ئاڕاستەکردنی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکانی خانەقین و خاپورو دیجلە و هەڕەشە سەربازیەکان بۆ سەر کوردستان و، پشتگوێخستنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و پێنەدانی موستیحەقاتی دارایی سیادی و حاکیمە و، نەدانی مووچەی پێشمەرگەو پێداویستسەکانی و جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و جێکەوتەکانی و بڕینی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان و بەشە بودجەی کوردستان لە شوباتی ٢٠١٤ و دواتر پیادەکردنی فشاری سیاسی ناوخۆو دەرەوە بۆ سەر سەربەخۆیی سیاسی و دارایی کوردستان و جێبەجێنەکردنی ئەو رێکەوتننانەی تایبەت بە نەوت کرابوون لە ٢٠٠٧ وە و جێبەجێنەکردنی قانونی بودجەی عێراق کە لە ٢٠١٥ بڕیاری لە سەر درابوو.

دەسەڵاتەکان لە عێراقی نوێدا، لە لایەن ریچارد هاس سەرۆکی پێشووی ستافی پلاندانان لە ئیدارەی کلینتۆن و سەرۆکی ئێستای ئامۆژگای پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەمریکا پێشەکی بۆ نووسیوەو تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەوەی بەڕێز مالکی دەیکات پێشێلکردنی پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی دەستووری عێراقە بەرەو دیکتاتۆریەت مل دەنێت[1].

٧-بواری هەرێمی تا رادەیەك گونجاوەو پەیوەندی گرتن و دراوسێیەتی و بەرژەوەندی هاوبەش هەیە و هەرێمی کوردستان باشووری کوردستان هەڕەشە نییە بۆ سەر هیچ دەوڵەتێك.

٨-لە ئاستی نێو دەوڵەتی لە ئاستی دەوڵەتانی زلهێزو رێکخراوو کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەنگ و خواستی کورد بە ئەرێنی وەردەگیرێ. لە دیارترین ئەو ناوەندانە کە لە هەولێرن: قونسوڵی بەریتانیا ئەڵمانیای فیدراڵ و نەمسا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هنگاریا و تورکیاو ئێران و روسیا و فەرەنسا میسر و ئوردون و فەلەستین و کوەیت و ئیمارات و چیك و چین و کۆریایی

1 - دیڤید ئێل فلیپس، گۆڤاری گوڵان، هەولێر، ژ ٩٧٢، ١٤ -٤ - ٢٠١٤، ل٩. دیڤید دەڵێ: مالکی لە زۆربەی رەفتارەکانیدا وەك سەددام حوسەین رەفتار دەکات، بە تاك رەوی و بە شێوەیەکی ناڕەوا خواستی خۆی بەسەر عێراقیەکاندا دەسەپێنێت و، ئەو مافە دیموکراتی و گشتیانە پێشێل دەکات کە عێراقیەکان بەدەستیان هێناوەو، دیدگای چەسپاندنی کۆمارێکی فدراڵی تێکشکاندووە. هەمان سەرچاوە، ل١٠.

باشوورو و سوید و ئیتاڵیا و رۆمانیا و پۆڵەندا و یونان و بولگاریا و ژاپۆن و ئیسپانیا و دانیمارك و بیلا روسیا و سلۆڤاكیا و بەرازیل ، وێـڕای نەتـەوە یـەكگرتووەكان و یـەكێتی ئـەوروپا رێكخـراوە نێودەوڵەتیەكان و ئاژانسەكان.

٩- دەرفـەرت هەیـە كـە حـزب و هێـزە كورسـتانیەكان لـە دەوری بیرۆكەیەكی گشتگیری نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ ماڤی چارەنووس بە عەلمانی و ئیسلامی یەك دەنگ بن.

١٠- لە رووی ئابووریەوە، كوردستان لـە نێـوان هێڵـی ٣٠ - ٤١ی پـانی درێـژ دەبێتـەوە، ئەمـەش سـەنگی پێگـەی جیۆپۆلـەتیكی كوردستان و هەرێمی كوردستان لە رووی گونجاوی كەش و هەواو توانـای بـۆ ئـابوری و كـشتوكاڵ و گەشـتیاری و... هتـد نیـشان دەدات.

لـە هـەمان كاتـدا (حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان پێویـستی بـە رەزامەندی بەغدا نییـە بـۆ پەرەپێـدانی كێڵگـەی نـەوت و غـاز، ئـەو كێڵگانەی لە دوای نووسینەوەی دەستور وەبەرهێنانی تێدا دەكرێت، چونكە بە پێـی دەسـتوور هـەرێمی كوردسـتان ئـەو مافـەی پێـدراوە وەبـەرهێنان لـە كێڵگـە تازەكانـدا بكـات، (لـەوانی تـریش شـەریكی راستەقینەیە - توێژەر ) هەر بۆیە ئەگەر بەغدا بەرهەڵستی ئەم مافە دەستوورییەی كرد، ئەوا پێویـستە " حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان زۆر بە سادەیی ئەم بەرهەڵستیانە پشتگوێ بخات و درێژە بە رەوتی كاركردنی خۆی بدات كـە خزمـەت بـە بەرژەوەندیـەكانی خەڵكەكـەی

خۆی دەگەیێنێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە سەروەری یاسایە) [1]. لە سەروو هەموو ئەم سەرەنجانەی سەرەوە دەکرێ باشووری کوردستان ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی یان پێشنیاری کۆنفدرالیەت بەهەند وەرگرێ، دەکرێ وەك فدرالیەت بە قۆناغی جۆاوجۆردا (بەکاتێکی کەمتر) بە دەستکەوت لە ئاستی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم تێپەڕ بێت و تۆنی ئامێرەکە لەسەر سەربەخۆیی وەك هەنگاوی یەکەم ئاواز و دەنگی سازگارتری لێبکەوێتەوە.

پەیماننامەی نێودەولەتی کۆنفیدرالی سەرەتایەکی مێژوویی باش و گرنگە بۆ رەواندنەوەی مەترسیەکان لە ئاست عەرەبی و فارسی و تورکی و.. هتد . لە هەمان کاتدا ئەگەر شکۆو سەروەری تەواو نەبێت ئەوا ئازادی و سەربەخۆیی تەواو گوزارشتە لە مافی چارەنووس.

بەم شێوەیە کۆنفدرالیەت شکاندنی تەوقێکی مێژووییە، رێکەوتنێکی دی ئارەزومەندانەیە لە نێوان عێراقی عەرەبی و کوردستان لەگەڵ دەستپێوەگرتن و پاراستنی هەریەکەیان بۆ کەسایەتی سیاسی خۆی، رێکەوتنی عەرەب و کوردە کە دەستەیەك یان زیاتر بۆ هەندێ پرسی چارونووس سازو بەرژەوەندی هاوبەش دروست دەکەن و پەیماننامەیەك بە یەکیانەوە گرێ دەدات کە تیایدا هاریکاری و بەیەکەوە ژیانی مرۆڤدۆستانەی گەلان لەرۆژهەلاتی ناوین

---

1 – دێڤید ئێل فلیپس، هـ. س. پ، ل١١. ماددەکانی ١١٠ و ١١ و ١١٢ و ١١٥ لە دەستوری عێراق ٢٠٠٥.

رەنگدەداتەوە.

شکاندنی کۆتی بەزل زانینی نەتەوەیە کە لەسەر حیسابی ئەوی تر و کردنەوەی گرێی دەروونییە بۆ تەواوی نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان لە گێژاوە مێژوویی و هەنوکەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، قبوڵ کردنی ئەو جیاوازیانەیە کە ئایینە ئاسمانیەکان باس دەکەن و ڕێککەوتننامە نێو دەوڵەتیەکانیش کردویانەتە ڕێسایەکی سەرەکی بۆ مرۆڤ بوون لە گەردونـدا، دواجـار هاوپەیمانیـەتی کۆنفـدرالی دەبێتـە ئازادیـەکی مێژوویی بۆ دیل و کۆیلەکانی ناوچەیی بەگشتی.

زۆر لە یاساناسـان جـەخت دەکـەن کـە یـەکێتی هاوچـەرخ بـەرەو کۆنفیدڕاڵیـەت دەچـێت، M. Dehousse دەڵێـت کـە ئاڕاسـتەی کۆنفیدڕاڵیەت و هاریکاری نێوان حکومەتەکان توخمێکی جەوهەرییـە لە یەکێتی هاوچەرخدا[1].

## ٣-٤ ڕۆژهەڵاتی ناوین و عێراقی عەرەبی و ڕاستکرنەوەی سایکس - پیکۆ

سایکس – پیکـۆ لـە ٢٠١٦ بـە ڕێگەیـەکی نایاسـایی و ناسروشـتی ناوچـەکەی بـە بـێ ویـستی خەڵکەکـەی دابەشـکردوو ئێـستاش بارودۆخەکـە وەك دەرفـەتێکی بـاش بـۆ دووبـارە ڕێکخـستنەوەی

---

1– هێلین تۆرار، تدويل الدساتير الوطنية، ترجمة باسيل يوسف، مراجعة وتقديم د. أكرم الوتري، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٤، ص١٦٣.

ناوچەکە لە ئارادایە . واتە کاتی ئەوەیە هەڵەکانی سایکس - بیکۆ راست بکرێنەوەو شتەکان بۆ دۆخی ئاسایی بگەڕێنەوە[1] .

بە تەواوی ئەوە سەلمێنراوە ئەو قەوارانەی دوای سایکس- پیکۆ دامەزرێندران و چەندین نەتەوە بە زۆر بە یەکەوە لکێندران و ئەمەش شکستی خۆی سەلماند، بۆیە پێویستە ناوچەکە لە سەر بنەمای یەکێتی ئارەزوومەندانە دابڕێژرێتەوە، نەوەکو سەپاندنی شێوازێکی دیاریکراو لە سەر هەر لایەنێك[2]. جیهان ئەوە دەزانێ کە ستەمکاریی وڵاتانی ناوچەی خۆرهەلاتی ناوین، چەوساندنەوەو تەنانەت

1- مسعود بارزانی، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بەڕێوەیە، رۆژنامەی خەبات، ژ : ٤٥٤٢ لە ١٤ - ٤ - ٢٠١٤ . بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە رێکەوتننامەی سایکس بیکۆ بڕوانە: د. کمال مظهر أحمد، کوردستان في سنوات الحرب العالمیة الأولی، ترجمة محمد الملا عبدالکریم، ط٢، بغداد، ١٩٨٤. پێویستە بزانین کە دروستکردنی ناوچەیەکی خاوەن حوکمی زاتی یان کوردستانێکی سەربەخۆی زاتی و بە سەرپەرشتیکردنی یەکێ لە سێ دەوڵەتە کۆلۆنیستەکان یان هەموویان کە بەیەکەوە هاوپەیمان بوون یەکێ بوو لەو بابەتانەی کە لە بەڵێننانە و بروسکەکانی نێوان دیبلۆماتکاران هاتبوو لە پێش واژۆکردن لە سەر پەیماننامەی سایکس - بیکۆ، بەڵام نەگەیشتنە رێککەوتن سەبارەت بەم پرسە و پشتگوێیان خست و لە ناوەخن و بەندەکانی رێکەوتننامەکەدا هیچ ئاماژەیەك سەبارەت بە سەربەخۆیی یان خۆبەڕێوەبردنی زاتی کوردستان تەنانەت هیچ پارچەیەکی نەهاتووە. بۆ زیاتر بڕوانە: د. أحمد عیمان أبوبکر، کوردستان لە پەیمانی سایکس - بیکو سازانۆف - پالیویوکدا، گۆڤاری رۆژی کوردستان، ژمارە ٨، ١٩٧٢، ل٥٠.

2- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

جینۆسایدکردنی میللەتەکانی خۆیان کە زۆربەیان لە چەند نەتــەوەو مەزهــەبێکی جیــاواز پێــك هــاتوون، رابــون و وەرچــەرخانێکی نــوێی هێناوەتە ئاراوە.

راستیەکان ئەوە پــشت راســت دەکەنــەوە کــە نەخــشەی ئێــستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تێك دەچــێت، چــونکە ئــەو ســنوورەی خــاکی عێراق، سوریا، لوبنــان، تورکیــاو یەمــەن لــە یــەك جیادەکاتــەوە، لــە هەڵوەشانەوە نزیکە.

لە لایەکی دی، رێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێـراق و شام (داعـش)، کــە داننانێــت بــە ســنووری ئــەو ناوچــانەی داگــیری کردوون لە ٢٠١٢ هوە، لــە نێــوان ئــەو وڵاتانــەی لــە لایــەن بــەریتانیاو فەرەنــساوە بــەش کرابــوون، ســنوورەکان نــەماون یــان هێنــدە کــاڵ بوونەوتەوە کە تۆخ کردن و زیندووکردنەوەیان لە مەحاڵدایە.

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە لــە دوای جــەنگی ســارد و لــە دوای ١١ی ســێبتەمبەرەوە بــارودۆخی رۆژهــەڵاتی نــاوین وەك ئێــستا نەبووە، لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردودا کێشەکان وەك ئێستا نەبوون و خەفەکرابوون و چارەسەر نەکرابوون، بۆیە کە لە ساڵی ٢٠١١ رابوونی گــەل بەشــێکی دیــاری ناوچــەکەی گرتــەوە، هــەموو ئــەو کێــشەو هاودژیانـــەی لـــەم ناوچـــەیە هـــەبوون دەرکەوتنـــەوەو ســـەرئەنجام ناسەقامگیری سیاسی تەواوی ناوچەکەی گرتۆتــەوە، کێـشەی نێـوان شیعەو – سوننە توندتر خۆی نمایش دەکات، داعش هێزێکی تیرۆری نێودەوڵەتییە کــە فــرە رەهەندییــە، ئەمــەش لــە گــەڵ بەرژەوەندییــە

جیهانیەکان کۆك دەبێت کە نەخشەی ناوچەکە دابڕێژرێتەوە.

سەرانی کوردستان جەخت دەکەنەوە چیتر ناتوانرێت غەدری بەغدا لە خەڵکی کوردستان قبوڵ بکرێت و، لەم ناوەشدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت: ئەگەر دەستور جێبەجێبکرایە، عێراق بەم ڕۆژە نەدەگەیشت و، عێراق و ناوچەکە خاوەن سامانێکی سروشتیی زۆر دەوڵەمەندن ، خاوەن کلتوورێکی دەوڵەمەندیشن، بەڵام سیاسەتە ناتەوافوقییەکان، پێشکەوتنی ئابووری و پێکەوە ژیانی لە عێراقدا خستووەتە مەترسییەکی زۆر گەورەوە[1].

ئەوەی دیدی یاسایی هێز و لایەنە سیاسیەکان دەیخوازێت، یان پێویستە کاری لە سەر بکرێت ئەوەیە کە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، داوای پێکهێنانی ژووری هەماهەنگی بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی و بڕیاردانی خەڵکی کوردستان لێکردوون، لەم رووەشەوە بارزانی جەخت لە سەر پشتیوانی بە هێزی نێودەوڵەتی دەکاتەوە، لە دۆخێکدا کە خەڵکی کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی بدات[2].

---

1 – نێچیرڤان بارزانی، ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥، ل٤.

2 – ڕۆژنامەی باس، هەفتەنامەیەکی گشتییە، ژمارە ٢٤٠، لە ڕۆژی سێشەممە ٢ – ٦ – ٢٠١٥، ل١.

له وانەیە تورکیاو ئێران و ئەمریکا، کۆنفیدرالییان بۆ باشووری کوردستان پی قبولْ بێت له ئێستاداو، ئەمەش سوودی ئەوەی که له ڕێگای کۆنفیدرالییەوە ولاتان دەتوانن دانت پێدا بنێن بۆ سەربەخۆیی و، مامەڵەت له گەڵدا بکەن، ئەمەش ئەو هەله بۆ ئێمەی کورد دێنێته دی که له دەرفەتی گونجاو کاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی دیاری بکەین[1].

سنووری کوردستان به ڕەزامەندی نێودەوڵەتی و بێدەنگی بەغدا و ڕەوایی پاراستنی خەڵکی ناوچه کوردستانیەکان و ئازادکردنی به قوربانیدانی پێشمەرگە و خۆراگری خەڵکی کوردستان ، ئاشتەوایی کۆمەلایەتی و سیاسی له نێوان ئایین و نەتەوەکان بەدی دێنێت و، ئەمەش به سود وەرگرتن له ئەزموونی گەلان وەك مافێکی به دەست هاتوو له قەڵەم دەدرێت که نیشتمانی کوردستان دەتوانێت ئاشتی و تەناهی و بەرقەراری سەقامگیری بێت[2].

---

1- بۆ زیاتر بڕوانە: برێندن ئۆلێری، پسپۆڕی ئەمریکی مامۆستای زانسته سیاسیەکان له زانکۆی پێنزلڤێنیای ئەمریکی، ڕۆژنامەی باس، هەفتەنامەیەکی گشتییە، ژماره ٢٤٠، له ڕۆژی سێشەممه ٢ – ٦ – ٢٠١٥، ل ٥. ئۆلێری پێی وایه، ئەمریکا له ئێستادا چرای پرتەقالی بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان هەڵکردووەو لەو باوەڕەشدایه که ئێستا ئەو مەسەلەیه له گۆڕەپانی سەرکردایەتی کوردیدایه.

2- بڕوانە : ڕۆژهات ویسی خالد، مشکلة المناطق المتنازع علیها في العراق – اقلیم کوردستان نموذجاً، دهوك ، ط١، ٢٠١٢.

## دەرئەنجام:

١- کۆنفیدرالیەت سیتەمێکی یاساییە بۆ بەرژەوەندی گەلان، دەکرێ نەتەوەو پێکهاتەکان بە بێ ئەوەی بە دەولەتی سەربەخۆدا رۆیشتبن بۆ بەرژەوەندیە هاوبەشەکان ئەم سیتەمە پیادە بکەن.

٢- کۆنفیدرالیەت دەتوانێ بۆ کوردستان بە قۆناغێکدا بڕوات کە مەترسیە سەربازیەکان و فشارە ئابووریی و ئەمنیەکانی لە سەر کەم بکاتەوەو لە بواری دیبلۆماسی پەیوەندیەکاندا خزمەتی بکات.

٣- سوربوونی بەردەوام لە سەر مافی چارەنووس هاوجووتە لە گەڵ بوونی داوای نەتەوەیەك یان گەلێك لە هەرێمێکی کۆنفیدرالی یا سەربەخۆ .

٤- باشووری کوردستان بە بێ رەزامەندی و خواستی خۆی بە دەولەتێکی ناشەرعییەوە لکێنراوە و، رووبەڕووی تاوانی نێودەولتی بۆتەوە، مێژووی عێراق ئەوەمان پێدەلێت کە دەولەت پیرۆزە نەك بەختەوەری خەڵك و مافی پێکهاتەکان. هەر بۆیە سەد ساڵەی سایکس بیکۆ دەبێ کۆتایی ئەو تاوانانە بێت کە دژی کوردستان ئەنجام دراوە.

٥- تاوانە نێودەولەتیەکان کە لە بەرامبەر خاکی کوردستان و گەلی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی ئەنجام دراون دەبێ بە تیمێکی هەمیشەیی و دامەزراوەیەکی فەرمی پسپۆڕیانە

کاریان لە سەر بکرێت تا ببنە زەمانەتێکی نێودەوڵەتی بۆ بە شەرعیەت خستنی ریفراندۆم بۆ مافی چارەنووس.

٦- دروشمی شەراکەتی کورد و عەرەب تا ئێستاش سیاسییەو هەنگاوی قانونی - پرکتیکی بۆ نەدۆزراوەتەوە دەستوری عێراقیش توانای دەستەبەرکردنە ئەم ئەرکەی نییە.

٧- سیستەمی سیاسی لە دەستوری ٢٠٠٥ دا بە ئاراستەی یەکگرتوویی ئارەزومەندانە دایە، بەلام عەرەب و زۆر لەو دەولەتانەی هەژموونیان هەیە سەنتراڵیان بەلاوە مەبەست و ئامانجە، ئەمەش لە روانگەی فدراڵیەتی ئیداری و سیاسەتیان لەسەر پرسی نەوت و غاز و شەراکەت و سەروەی و دیدگایان بۆ دامەزراوە فدراڵیەکان بە روونی دیارە.

٨- عەرەب بە گشتی ناسنامەی دەولەتێکی عەرەبیان لا گرنگەو دەیانەوێت بە هەر نرخێك بێت ئەم شوناسە بپارێزن، ئەمەش لە گەڵ واقیع و تێکۆشانی کوردان ناکۆکە . مەکەزیەتی عەسکەرتاری ئەمە بەرجەستە دەکات نەك دەستوری فدراڵی بۆ دەولەتی فرە پێکهاتەی نەتەوەیی .

٩- لە کاتێکدا عێراق ناتوانێ دەستووری ٢٠٠٥ جێبەجێ بکات، پێویستە کوردستان یان سەربەخۆیی رابگەیێنێت، یان کوردستان لە گەڵ نەتەوەکانی ناوچەکە (یەك یان زیاتر) ببێتە کۆنفیدراڵی.

١٠-کوردستان پێویستە هەنگاوەکانی بۆ ریفراندۆم چڕ بکاتەوەو، ئەو فایلانە ئامادە بکات کە: کێ بۆی هەیە لەو ریفراندۆمە دەنگ

بدات؟ لە کویێ ئەو ریفراندۆمە دەکرێت؟ دەرئەنجامی دیاریکردنی سنووری کوردستان چ دەبێت؟ .

١١-پێویستە دەستورێکی نوێ بۆ نیشتمانێکی نوێ لە سەر ئامانجی نیشتمانسازی و دەوڵەتسازی و مرۆڤسالاری بۆ باشووری کوردستان بنوسرێتەوە کە لە ئاستی ناوخۆو دەرەوە هاوکاری بکات بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی.

١٢- کوردستان لە گەڵ جیهانی ئازاد لە دژی تیرۆری نێودەوڵەتی دەجەنگێت، ئەمەش هاریکاری نێودەوڵەتی فراوانبوونی پەیوەندی و رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان دێنێتە دی.

## سەرچاوەکانی بەشی دووەم

**بە عەرەبی:**


١- اندريه هوريو، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، الأهلية للنشر والتوزيع، الجزء الأول، ، ط٢، بيروت ، ١٩٧٧.

٢- الحاكم عبدالرحمن سليمان الزيباري، الوضع القانوني لإقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، ط١، ٢٠٠٢.

٣- د. ابراهيم أبو حزام، الوسيط في القانون الدستوري، دار الكتاب الجديد المتحدة، ط٢، ٢٠٠٢.

٤- د. اسماعيل مرزه، القانون الدستوري – دراسة مقارنة لدساتير الدول العربية، منشورات دار الملاك، بغداد، ط٣، ٢٠٠٤.

٥- د. الشافعي محمد بشير، القانون الدولي العام في السلم والحرب، منشا المعارف بالأسكندرية، ١٩٧١.

٦- د. بطرس بطرس غالي و د. محمود خيري عيسى، المدخل في علم السياسة، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، ط١٠، ١٩٩٨.

٧- د. خالد الزعبي، مبادىء القانون الدستوري والنظم السياسية، المركز العربي للدراسات الطلابية، عمان – الأردن، ط١،١٩٦٦.

٨- د. زهير شكر، الوسيط في القانون الدستوري – الجزء الأول، المؤسسة الجامعية للدراسات وانشر والتوزيع، ط ٣، ١٩٩٤.

٩- د. سعد عصفور، المبادىء الأساسية في القانون الدستورى و والنظم السياسية، منشاة المعارف بالأسكندرية، ١٩٨٠، ص١٢٠.

١٠- د. طالب رشيد يادكار، مبادىء القانون الدولي العام، مؤسسة موكريانى للبحوث والنشر، اربيل، ط١، ٢٠٠٩.

١١- د. عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، الإعلان عن الدولة، دراسة تاصيلية وتحليلية في القانونية الدولي العام والدستوري، دار الكتب القانونية، ٢٠٠٩.
١٢- د. عبدالكريم علوان، النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ط١، ٢٠٠٩.
١٣- د. علي صادق أبو هيف، القانون الدولي العام، منشاة المعارف الأسكندرية، ط١١.
١٤- د. عوسمان عەلی وەیسی، دەستور لە روانگەی هزری و یاساییەوە، کۆمەڵە وانەیەك پێشکەشی قوتابیانی خوێندنی باڵا - ماستەر- کراوە، لە فاکلتی یاسا - زانکۆی سۆران، خوێندنی ساڵی ٢٠١٤ - ٢٠١٥.
١٥- د. محسن خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، ١٩٨٧.
١٦- د. محمد عمر مولود، الفدرالية وامكانية تطبيقها في العراق، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، ط١، ٢٠٠٠.
١٧- د. محمد كامل ليلة، المباديء الدستورية العامة والنظم السياسية، دار الفكر العربي، ط١، ١٩٥٨ - ١٩٥٩.
١٨- د. مصطفى كامل، شرح القانون الدستوري والقانون الأساسي العراقي، مطبعة سلام، بغداد، ط٥، ١٩٤٧.
١٩- د. نوري لطيف، القانون الدستوري، مطبعة علاء الوزيرية، الطبعة الثانية، بغداد ١٩٧٩.
٢٠- د.احسان حميد المفرجي و د.كطران زغير نعمة و د.رعد ناجى الجدة، بغداد، ط٢، ٢٠٠٧.
٢١- د.حسن جلبي، الوجيز في القانون الدولي العام، شركة طبع ونشر الآهلية، بغداد، ج١، ١٩٦١.

٢٢- د.سليمان محمد الطماوى: النظم السياسة والقانون الدستورى، القاهرة ١٩٨٨.
٢٣- د.عبدالحميد مسلم المجالى، الكونفدرالية كمفهوم سياسي، من اتنرنيت www.alrai.com
٢٤- د.عصام العطية، القانون الدولي العام، بغداد، ط٧، ٢٠٠٦.
٢٥- د.محمد حافظ غانم، مبادي القانون الدولي العام، مطبعة نهضة مصر بالفجالة، ط١،١٩٥٦.
٢٦- د. محمد حافظ غانم، الأصول الجديدة للقانون الدولي العام، دراسة لصياغته الحالية ولأحكام القضاء الدولي، ط٢، مكتبة عبدالله وهبة عابدين مصر، ١٩٥٤.
٢٧- د.محمد طي، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، ط٧، ٢٠٠٩.
٢٨- رۆژهات ويسى خالد، مشكلة المناطق المتنازع عليها في العراق – اقليم كوردستان نموذجاً، دهوك ، ط١، ٢٠١٢.
٢٩- عبدالفتاح عبدالرزاق محمود، مبدا عدم التدخل والتدخل في القانون الدولي العام، دراسة تحليلية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٢.
٣٠- جواس حسن، طبيعة الإتحاد الأوروبي – دراسة قانونية – سياسية تحليلية في ضوء المعاهدات المنشئة للإتحاد ومشروع الدستور الأوروبي، دار المعرفة بيروت – لبنان، ط١، ٢٠١٠.
٣١- د. كمال مظهر أحمد، كوردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، ترجمة محمد الملا عبدالكريم، ط٢، بغداد، ١٩٨٤.
٣٢- ميشال خطار الرياشي، اسهام في دراسة النظرية التقليدية للدولة الفيدرالية، اطروحة دكتوراه، جامعة لبنان، بيروت، ١٩٩٢.

٣٣- مهند وليد الحداد وخالد وليد الحداد، مدخل لدراسة القانون، مؤسسة الوراق، عمان - الآردن، ط١ ٢٠٠٨.
٣٤- هيلين تورار، تدويل الدساتير الوطنية، ترجمة باسيل يوسف، مراجعة وتقديم د. أكرم الوتري، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٤.

**به كوردی:**

٣٥- مسعود بارزانی، دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان بەڕێوەیە، رۆژنامەی خەبات، ژ : ٤٥٤٢ لە ١٤ - ٤ - ٢٠١٤.
٣٦- نێچیرڤان بارزانی، رۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كوردستان، ژمارە ٨ ی حوزەیرانی ٢٠١٥.
٣٧- د. محەمەد عومەر مەولوود، فیدراڵیەت و دەرفەتی پیادەكردنی لە عێراقدا، هەولێر، چاپی یەكەم، ٢٠٠٦.
٣٨- بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان ٦٨٨ لە ٥ - ٤- ١٩٩١، و ١٤٨٣ لە ٢٢ - ٥- ٢٠٠٣.
٣٩- برندان ئۆلێری، بۆچی باشووری سودان سەربەخۆ بوو، كوردیش بە فیدراڵی رازییە، لە كتێبی كۆتایی سایكس بیكۆ، لە بڵاوكراوەكانی گۆڤاری گوڵان، هزری بونیاتنان - كتێبی ٢.
٤٠- د. أحمد عثمان أبوبكر، كوردستان لە پەیمانی سایكس - بیكو سازانۆف - پالیویوكدا، گۆڤاری رۆژی كوردستان، ژمارە ٨، ١٩٧٢
٤١- رۆژنامەی باس، هەفتەنامەیەكی گشتییە، ژمارە ٢٤٠، لە رۆژی سێشەممە ٢ - ٦ - ٢٠١٥.
٤٢- برێندن ئۆلێری، پسپۆڕی ئەمریكی مامۆستای زانستە سیاسیەكان لە زانكۆی پێنزلڤێنیای ئەمریكی، رۆژنامەی باس، هەفتەنامەیەكی

گشتییه، ژماره ۲٤۰، له رۆژی سێشه‌ممه ۲/٦/۲۰۱٥.
٤۳- د. شێرزاد نه‌جار، پێگه‌ی هه‌رێمی کوردستان – عێراق له سیاسه‌تی جیهانیدا – دۆخی نایه‌قین و نارۆشنی ئێستای نێوده‌وڵه‌تی، له کتێبی کۆتایی سایکس بیکۆ، له بڵاوکراوه‌کانی گچراری گولان، هزری بونیاتنان – کتێبی ۲، ۲۰۱٤.

**به ئینگلیزی:**

44- Daniel Elazar, Confederation and federal Liberty, in publius, 12 (4), 1982.
45- en. Wikipedia.org/wiki/confederation.
46- Kris Deschouwer & Johanne Poirier, (Con)federalism Cure or Cures?, Re _ Bell e – book, Brussels, Jury 2015.
47- Pilipe Destatte, (Con)federalism in Belgium is not a problem, it's a solution, an approach from the book (Con)federalism: Cure or Curse?, Re _ Bell e – book, Brussels, Jury 2015.

**تێبینی :**

ئه‌م بابه‌ته وه‌ك توێژینه‌وه‌یه‌ك له لایه‌ن كۆلێژی یاسا و رامیاری زانكۆی سه‌لاحه‌دین له ۲۰۱٥ وه‌رگیراوه.